# ڕووداو RÛDAW

ژمارە (483) دووشەممە 2017/11/27 - 6ی سەرماوەزی 2717 (750) دینار


## تەمەنی 120 ساڵە
## ژنێک لە شارەزوور 242 نەوەی هەیە

**ڕووداو- سلێمانی**

ژنێکی دانیشتووی قەزای شارەزوور، تەمەنی لە 120 ساڵ زیاترە و خاوەنی 241 نەوەیە و بەرەی پێنج نەوەی خۆی بینیوە کە دواینییان تەمەنی 13 ڕۆژە. سەلمە عەبدولقادر کە خەڵکی ناوچەکە بە نەنە سەلمە بانگی دەکەن، بەپێی ناسنامەی باری شارستانییەکەی لە ڕۆژی 1897/7/1 لەدایکبووە، واتە تەمەنی 120 ساڵ و نزیکەی پێنج مانگە، لە ژیانیدا پێنج کوڕ و سێ کچی بووە. ئەو لە ژیانیدا هیچ نەخۆشییەکی نەگرتووە، تاوەکو ئێستاش بەپێیەکانی خۆی دێ و دەچێ. سەردار فایەق کە نەوەی نەنە سەلمەیە و تەمەنی لە سەرووی 50 ساڵە، بە (ڕووداو)ی گوت "نەنە سەلمە، هەموو جۆرە خواردنێک دەخوات، بەڵام زۆر حەزی لە خواردنی مۆز و جگەرە".

نەنە سەلمە ئەو ڕۆژەی لەبیرماوە کە لەگەڵ خزمەکانی بەپێ و بە سواری کەر و هێستر ڕۆیشتوون بۆ شاری بەغدا بۆ دەرهێنانی ناسنامەی باری شارستانی. بەپێی ریکۆردی کتێبی گینس بێ، ئێستا نەنە سەلمە بە تەمەنترین ئافرەتی جیهانە، چونکە بە تەمەنترین مرۆڤ کە لە کتێبەکدا ناوی تۆمار کراوە، ژنێکی ژاپۆنییە کە تەمەنی 117 ساڵە.

12»

## عەرەبی هاوردە دەگەڕێنەوە کەرکووک
7

## نێچیرڤان بارزانی مەرسومی دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر دەردەکات
2



## دڵشاد شەهاب بۆ (ڕووداو): لەگەڵ ئەوەین کابینەی حکومەت بچووک بکرێتەوە
5

### دەسەڵاتەکانی سکرتێر دەدرێتە چەند کۆمیسیۆنێک

# یەکێتی لە کۆنگرە پۆستی سکرتێری گشتی ناهێڵێ

3



## ڕێگا نادرێت جەماعەتی 16ی ئۆکتۆبەر لیستیان هەبێت

**ژنان** 12

کچەکەیان بەزۆر بەشوودابوو

### سوید ژن و پیاوێکی کورد سزا دەدات



**شرۆڤە** 16

### پیاوانی سووری دەستدرێژییان دەکرێتە سەر

**کۆمەڵایەتی** 13

### لەسەر 1000 دۆلاری قەرز کوژرا



**ئابووری** 8

### لە کوردستان ئالیکی سەوز بەرهەم دێت



## لیژنەیەکی پەرلەمانی عێراق سەردانی خورماتوو دەکات



**ڕووداو- گەرمیان**

ئاوارەکانی خورماتوو لەبەردەم ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوە و ڕایانگەیاند 'بۆ نەوت و نان و بەتانی نەهاتوون، بەڵکو داوای ئەوە دەکەن بە سەربەرزی بگەڕێنەوە بۆ قەزاکەیان". ئاوارەکانی خورماتوو یاداشتێکی پێنج خاڵیان ڕادەستی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کرد و داوا دەکەن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکانی قەزاکە پێکبهێندرێت، چونکە ئەوان پێیانوایە خورماتوو ڕووبەڕووی جینۆساید بووەتەوە. ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق کە قسەی بۆ ئاوارەکانی خورماتوو کرد و گوتی، لە دانیشتنەکانی ئەم هەفتەیەی پەرلەمانی عێراقدا یادداشتی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تایبەت بە دۆخی خورماتوو دەخرێتە کارنامەی کارەوە، دوای تاوتوێکردنی، لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی قەزاکە، سەردانی خورماتوو دەکات.

### یەکەم مەرسومی هەرێمیی سەرۆکی حکومەتە

# نێچیرڤان بارزانی مەرسومی دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر دەردەکات



**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەر سەرۆک و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆک و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجوومەنی دادوەری، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتە بەکاردێنێ و مەرسومێک بۆ دەستبەکاربوونی کاندیدی گۆڕان بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەردەکات.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، وەک (ڕووداو) زانیویەتی، ئەمڕۆ دووشەممە 2017/11/27 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەرسومی هەرێمی بۆ دەستبەکاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر دەردەکات.

بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان لەسەر پۆستی پارێزگاری سلێمانی دوای هەڵبژاردنەکانی 2014/4/30ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بۆ ماوەی چوار ساڵە، هەر دوو ساڵ ئەو پۆستە بۆ یەکێک لەو دوو لایەنە دەبێ.

هەڤاڵ ئەبوبەکر لەبارەی ئەو مەرسومە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوەی ڕاستی بێ ئاگاداری وردەکاریی مەرسومەکە نیم، بەڵام وەک کاندیدی گۆڕان چ بە پشتیوانیی خەڵک و چ بە پشتیوانیی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئامادەم ئەو ئەرکە وەربگرم".

هەڤاڵ ئەبوبەکر داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کرد "ئەگەر ئەو هەنگاوەیان نا، ئەوانیش پاڵپشتم بن بۆ ئەوەی خزمەتی پارێزگای سلێمانی بکەم".

لەدوا سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ سلێمانی و کوبوونەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، باسی ئەوە کراوە کە بڕیاری دانانی کاندیدی گۆڕان بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی بکرێتەوە.

دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان لە نیسانی 2014 و دوای ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، دوو ساڵی یەکەم یەکێتی پۆستی پارێزگاری سلێمانی وەرگرت، بەڵام دوای تەواوبوونی دوو ساڵەکە، بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە نەبوو ئەو پۆستە وەربگرێ، چونکە وەرگرتنی ئەو پۆستە پێویستی بە مەرسومی هەرێمی هەبوو، گۆڕانیش کە پێیوابوو ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەواو بووە، ئامادە نەبوو بە واژووی بارزانی ئەو پۆستە وەربگرێ، بۆیە سەردار قادر، بە سیفەتی "لەبری پارێزگار" ئەو پۆستەی پڕکردەوە، بەڵام دوای ماوەیەک بە پاساوی ئەوەی دەسەڵاتی نییە، دەستی لەکارکێشایەوە، ئێستا عومەر قەڵادزەیی کە جێگری پارێزگاری سلێمانییە، ئەو پۆستە بە وەکالەت بەڕێوەدەبات.

دوای ئەوەی ڕۆژی 2017/10/29 پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بەسەر سەرۆک و سەرۆکایەتی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەنجوومەنی دادوەریدا دابەشکرد، گۆڕان دەستی کرد بە ڕێکارەکانی وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی.

بەپێی بڕگە سێی ماددەی 18 لە یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009 ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەستبەکاربوونی پارێزگار پێویستی بە مەرسومێکی هەرێمی لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئێستا ئەو دەسەڵاتە گواستراوەتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

بەپێی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە دانانی پۆستی پارێزگارەوە هەیە، وەزارەتی ناوخۆ دوای فەرمانی هەرێمی، نووسراوی دەستبەکاربوونی پارێزگار دەردەکات.

د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە سەرەتای مانگی 2017/11 نووسراوی بە پارێزگاربوونی هەڤاڵ ئەبوبەکر لە سلێمانییەوە گەیشتووە، وەزیری ناوخۆ واژووی لەسەر کردووە و ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە، دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی واژووی کرد و لە ئەنجوومەنی وەزیران گەڕایەوە، فەرمانی دەستبەکاربوونی بۆ دەردەکەین".

ئەم خولەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستان لە ڕۆژی 2018/4/30 کۆتایی دێ، ئەگەر هەڵبژاردن لە وادەی خۆی نەکرا و دواخرا، ئەوە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە 30ی ساڵی 2009ی پەرلەمانی کوردستان، پارێزگار لە پۆستەکەی بەردەوام دەبێ تاوەکو هەڵبژاردن دەکرێ.

سەلما فاتیح، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "هەڤاڵ ئەبوبەکر لە 11 کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادا بەشداریی نەکردووە، هەموو کۆبوونەوەیەکی کردووە بە مۆڵەت، هەرچەندە هێشتا ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییە"، گوتیشی ئەو تاوەکو 2018/6/23 پارێزگاری سلێمانی دەبێ "چونکە لەو کاتە بەدواوە تەمەنی ئەنجوومەنی پارێزگاش بەسەردەچێ، یان دەبێ پەرلەمان ماوەکەی درێژ بکاتەوە، یان دەبێ لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان هەڵبژاردنی ئەویش بکرێ".

### شایەتحاڵێکی ڕووداوەکەی دێرەلووک:

# چەکدارەکان گوتیان ئەوانە میتن، بۆیە کوشتمانن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە ناحیەی دێرەلووکی سەر بە قەزای ئامێدی، هەشت چەکداری نەناسراو تەقەیان لە دوو سەرنشینی ئۆتۆمبێلێک کرد، یەکێکیان کوشت و ئەوی دیکەشیان بە برینداری ڕفاند. شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە دەڵێت "تەقەکەرەکان گوتیان ئەوانە سەر بە دەزگای میتن، بۆیە کوشتمانن".

کاژێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی 2017/11/25 هەشت چەکداری نەناسراو کە لەنێو دوو ئۆتۆمبێلی جۆری پیکاب تویۆتا بوون، لە ناحیەی دێرەلووک ڕێگەیان بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب گرت کە دوو سەرنشینی تێدابوو. چەکدارەکان نزیکەی چوار خولەک تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکە کرد، بەو هۆیەشەوە سەرنشینێکی نێو ئۆتۆمبێلەکە بەناوی بڵند عەبدی، تەمەن 27 ساڵ کە خەڵکی دهۆک بوو، کوژرا. هەروەها سەرنشینەکەی دیکەش بەناوی (س.ئ) کە خەڵکی باکووری کوردستانە بریندار بوو، چەکدارەکان ئەو بریندارەیان لەگەڵ خۆیان بردووە.

شایەتحاڵێکی ڕووداوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بە چاوی خۆم بینیم ژمارەیەک چەکدار کە هەشت کەس بوون، لەنێو دوو ئۆتۆمبێل تەقەیان لە ئۆتۆمبێلەکە کرد، چەکدارەکان بە جلی مەدەنییەوە بوون".

> بریندارە ڕفێندراوەکە خەڵکی باکووری کوردستانە

> تەقەکەرەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی پەکەکە هەڵاتوون
>
> سەرچاوەیەکی ئەمنی

ئەو شایەتحاڵە زیاتر لەبارەی ڕووداوەکە قسەی کرد و گوتی "ئۆتۆمبێلەکەی دیکە دوو کەسی تێدابوو، لە ئۆتۆمبێلەکەیان دابەزین و ویستیان هەڵبێن، بەڵام چەکدارەکان دابەزین و تەقەیان لێکردن، هەر لەوێ یەکێکیان کوشت، ئەوی دیکەشیان بریندار کرد، دواتر بە برینداری لەگەڵ خۆیان برد".



بڵند عەبدی لەلایەن هەشت چەکدارەوە تەقەی لێکرا و کوژرا

بە گوتەی شایەتحاڵەکە، تەقەکردنەکە بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە بووە، چەکداری دیکەش لەوێ بوون و پاسەوانیی تەقەکەرەکانیان کردووە. شایەتحاڵەکە گوتی "یەکێک لەوان کە چاودێریی ناوچەکەی دەکرد، بە ئێمەی گوت مەترسن، کەس هیچ نەکات، ئەوانە سەر بە میتی تورکیا بوون، بۆیە کوشتمانن".

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە قەزای ئامێدی، هەندێک زانیاری لەبارەی تەقەکەرەکان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "بەپێی بەدواداچوونی ئێمە، دوای ڕووداوەکە تەقەکەرەکان بەرەو گوندی گرگاشی ناوچەی بەرگاری چوون، ئەو شوێنە لەژێر دەسەڵاتی پەکەکەدایە. بەپێی ئەو بەڵگانەی دەستمان کەوتوون، تەقەکەرەکان گەریلای پەکەکەن". ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "دوای ڕووداوەکە پەیوەندیمان بە هێزەکانی پەکەکەوە لە ناوچەکە کرد، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە ئەو کارەیان ئەنجامدابێ".

قەزای ئامێدی لەڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین قەزای پارێزگای دهۆکە، نزیکەی 360 گوندی ئەو قەزایە کە 70%ی خاکی قەزاکە پێکدەهێنن، لە ژێر دەسەڵاتی پەکەکەدایە.

ئەو سەرچاوەیە بە دووری نەزانی پەکەکە ئەو کارەی ئەنجام دابێ و گوتی: "ڕەنگە ئەوەی ڕفێندراوە دەستی لەگەڵ میت تێکەڵ بووبێ، یان کارێکی خراپی دژی پەکەکە کردبێ، بۆیە ئێمە گومان دەکەین تەقەکەرەکان سەر بە پەکەکە بن".

عیززەت عەبدی، برای ئەو گەنجەی لە ڕووداوەکەدا کوژراوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "برای ئێمە کادری لقی 18ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ڕۆژی ڕووداوەکە کاژێر سێی ئێوارە لە ماڵ دەرچووە لە دهۆک، لەگەڵ ئەو گەنجەی باکوور گوتیان دەچینە ئامێدی، بەڵام ئێوارە تەرمەکەیان بۆ هێناینەوە".

عیززەت، لەبارەی هاوڕێی براکەی گوتی "ئەو گەنجە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری جۆلەمێرگی باکووری کوردستانە، نزیکەی 10 ساڵە لە دهۆک دەژی، هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی دەڤەری بەرواری باڵا لە قەزای ئامێدی کردووە، ئێمە لە ڕێگەی هاوژینەکەیەوە ناسیمان".

عیززەت هیچ هۆکارێک شک نابات بۆ کوشتنی براکەی و دەڵێت: "ئێمە نازانین براکەمان بۆچی کوژرا، بەڵام گومان دەکەین ئامانجەکە هاوڕێکەی بووبێ نەک ئەو، چونکە دوای ڕووداوەکە هاوڕێکەیان بە برینداری بردووە، براکەی ئێمە لەو ناوە بووە قوربانی".

### شەش ڕۆژ دەمێنێتەوە

# ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو لە تورکیایە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

سێ ڕۆژە سەلاحەددین بەهائەددین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە تورکیایە، بەرپرسێکی ئەو حیزبەش دەڵێت یەکێک لە ئامانجەکانی سەردانەکە ڕێگەخۆشکردنە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو 2017/11/24 سەلاحەددین بەهائەددین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بە یاوەری د.عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی جێبەجێکردنی ئەو حیزبە، لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە گەیشتنە تورکیا. بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ بەسەر سەردانەکە، ڕاگەیاندنی یەکگرتوو هیچ هەواڵێکی لەوبارەیەوە بڵاونەکردووەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) سەردانەکەی ئەمینداری یەکگرتوو بە مەبەستی بەشداریکردنە لە کۆنگرەی پارتی سەعادەت کە پارتێکی ئیسلامییە و لەلایەن نەجمەددین ئەربەکانەوە دامەزراوە. بەڵام بەرپرسێکی یەکگرتوو دەڵێت: "مامۆستا سەلاحەددین لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا چەندین بەرپرسی پارتی دادو گەشەپێدانی لە حیزب و حکومەتدا بینیوە".

غازی سەعید، ئەندامی مەکتەبی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە ئاگاداری ئەو سەردانەی ئەمینداری گشتیی یەکگرتووە، ئامانجی سەردانەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "یەکێک لە ئامانجەکانی سەردانی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیایە، بە تایبەتی ڕێگەخۆشکردنە بۆ سەردانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسان و شاندی حکومەت بۆ تورکیا بۆ کۆتاییهێنان بەو گرژیانەی بەهۆی گشتپرسییەوە دروستبوون".

بەر لە گشتپرسی، هەرێمی کوردستان و تورکیا پەیوەندییەکی گەرموگوڕیان هەبوو، تا کار گەیشتبووە ئەوەی لە کاتی سەردانەکانی سەرۆکی پێشووی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاڵای کوردستان لە پرۆتۆکۆڵی پێشوازی دابنرێ. تەنانەت هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیانوابوو ئەوەی ڕێگەی بۆ هەرێمی کوردستان خۆشکرد کە گشتپرسی بکات، تورکیا بوو، کاتێک ڕێگەی دا هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تورکیاوە نەوتی خۆی بفرۆشێ.

> ڕەنگە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ببینێ
>
> سەرکردەیەکی یەکگرتوو

بەڵام دوای گشتپرسی مانگی هەنگوینیی نێوان کوردستان و تورکیا کۆتایی هات، بەرپرسانی تورکیا لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا و بینالی یەڵدرم، سەرۆک وەزیرانی تورکیا هێرشی توندیان کردە سەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان.

پێشتر هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوتبوو "هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێران، بەڵام هێشتا ئەنجامێکیان نەبووە".

یەکگرتووی ئیسلامی کە پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی حیزبە ئیسلامییەکانی ناوچەکە هەیە، بە تایبەتیش ئەوانەی بیرکردنەوەیان لە ئیخوان موسلمین نزیکە، ساڵانێکە پەیوەندی لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی تورکیا، لەوانەش پارتی دادوگەشەپێدان هەیە.

بەرپرسەکەی یەکگرتوو دەڵێت: "شاندەکەی یەکگرتوو لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا چەند بەرپرسێکی باڵای تورکیایان بینیوە، بڕیارە سێ ڕۆژی دیکەش بمێننەوە، چاوەڕوان دەکرێ ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش ببینن".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی یەکگرتوو، گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول و لێکەوتەکانی باسی سەرەکی کۆبوونەوەی شاندی یەکگرتوو لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی و حکومی تورکیا دەبێ. غازی سەعید دەڵێت "یەکگرتوو پێیاندەڵێ ئەنجامەکانی گشتپرسی هیچ مەترسییەکیان نابێ لەسەر تورکیا، هەروەها مەسجی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەگەیەنێ کە هەولێر دەیەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا وەکو جاران ئاسایی ببێتەوە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (483) - دووشەممە 2017/11/27



## گۆڕان پرۆژەیەک دەداتە فوئاد مەعسووم

**رووداو- سلێمانی**

دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی، د.فوئاد مەعسووم سەرۆک کۆماری عێراق رایگەیاند، پرۆژەکەیەکی لە گۆڕان وەرگرتووە و ئامادەییان نیشانداوە "هەموو هاوکارییەک بکەن، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. رۆژی 2017/11/26 د.فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانی کرد و لەلایەن عومەری سەید عەلی، رێکخەری گشتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی خانەی راپەڕاندنی بزووتنەوەکە پێشوازی لێکرا. لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە گردی زەرگەتە، فوئاد مەعسووم رایگەیاند، ئامانجی سەردانەکەی بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا بووە لەبارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان، لەو چوارچێوەیەشدا پرۆژەیەکی لە گۆڕان وەرگرتووە و تاوتوێی دەکات.

## دەیەوێ پێش هەڵبژاردن کۆنگرە ببەستێ

# یەکێتی پۆستی سکرتێری گشتی ناهێڵێ

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسانی یەکێتی هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی لە دوای نەمانی سکرتێرەکەیان، لە نزیکترین ماوەدا کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەیان ببەستن. هەوڵێک هەیە کە لە کۆنگرەدا پۆستی سکرتێر نەمێنێ. چارەنووسی ئەو سەرکردانەش یەکلایی بکرێتەوە کە هاوسۆزی د.بەرهەمساڵحن.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، دەبێ یەکێتی لە رۆژی 2017/12/3 کە دوو مانگی تەواو بەسەر کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی پێشووی یەکێتی تێدەپەڕێ، کۆنگرەی نائاسایی ببەستێ، بەڵام کەمتر لە هەفتەیەک بۆ ئەو وادەیە ماوە و دەنگوباسی بەستنی کۆنگرە نییە.

لە مادە 28ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبەدا هاتووە: "دوای دوو مانگ لە نەمانی سکرتێری گشتی، دەبێت کۆنگرە ببەسترێت". لە دوای کۆچی دوای تاڵەبانی، کۆسرەت رەسوڵ جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی کە بەپێی بڕگەی دووەمی هەمان ماددە ئەرک و دەسەڵاتی سکرتێری گشتی تا بەستنی کۆنگرە دەگرێتە ئەستۆ، ئەویش بەهۆی نەخۆشی و ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی قورس و رەوانەکردنی بۆ دەرەوەی وڵات، لە ئەرکە حیزبییەکەی دوورکەوتووەتەوە.

لە کۆبوونەوەی رۆژی 2017/11/4 دا سەرکردایەتی یەکێتی بە دەنگی زۆرینەی سادە مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاندەوە و بڕیاری لەسەر دروستکردنی دەستەیەکی راپەڕاندن دا تا بەستنی کۆنگرە، ئەمەش نیگەرانیی چەندین سەرکردەی باڵای لێکەوتەوە. ئێستا دوو وادە دیاریکراوە بۆ بەستنی کۆنگرە: 2018/1/31 و ئەوەی دیکەیان 2018/3/1، ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیش هەڕەشەی دیاریکردنی کاتیان کردبوو، ئەگەر سەرکردایەتی نەگەیشتنە رێککەوتن.

لەتیف نێروەیی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "هەتا پێمان بکرێت دەرفەت بە سەرکردایەتی دەدەین کە رۆژی بەستنی کۆنگرە دیاری بکات، خۆشبەختانە تەندروستی کاک کۆسرەت بەرەو باشبوون دەڕوات، چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەین تاوەکوو سەرکردایەتی کۆببێتەوە".

نێروەیی لەبارەی کاتی گونجاو بۆ بەستنی کۆنگرە دەڵێت: "زۆرینەی ئەنجوومەنی ناوەند و سەرکردایەتی لەگەڵ ئەوەن کۆنگرە پێش هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق ببەسترێت، چونکە بەم فۆرم و دۆخەی ئێستا یەکێتی ناتوانێت دەنگی پێویست بهێنێ".

هەر لەوبارەوە رێواس فایەق، ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی گوتی "بەستنی کۆنگرە بڕیاری سەرکردایەتییە، بەڵام گرنگە پێش هەڵبژاردنەکان کۆنگرە ببەسترێ، هەر گۆڕانکارییەک لە هەیکەلی حیزب بکرێت، پێویستە زەمینەسازی بۆ بکرێت".




مام جەلال.. یەکەم و دوا سکرتێری یەکێتی

### تاڵەبانی..
### یەکەم و دوا سکرتێری یەکێتی

رۆژی 2017/10/3 جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی لە تەمەنی 84 ساڵیدا لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، ئەگەرچی لە رۆژی 2012/12/18 بەدواوە لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردان لە حیزبەکەی، لە کوردستان و عێراق دوورکەوتەوە، بەڵام شوێنەکەی لە کوردستان پڕنەکرایەوە. تاڵەبانی بە درێژایی تەمەنی حیزبەکەی سکرتێر و کەسی یەکەمی یەکێتی بووە. ئێستاش پرۆژەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی پۆستی سکرتێری گشتی هەیە.

مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک داوای کرد کۆنگرەیەکی دوور لە پیلانگێڕی ببەسترێ. لەبارەی پۆستی سکرتێری گشتی گوتی: "دوای مام، نەک باوەڕم بە پلەی سکرتێر نەماوە، بەڵکو دەمێکیشە گوتوومە: پەیکەرەی یەکێتی بگۆڕدرێ، تەنانەت کەسایەتیی یەکەمیش لەناو ئەو پەیکەرەدا، نابێ بمێنێ".

گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی باسی وردەکاری ئەو بیرۆکەیە دەکات و دەڵێ "پێش سێ ساڵ رەشنووسی پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئامادەکرا، بەڵام دوای کۆچی مام جەلال بیرۆکەیەکی نوێ دروستبووە کە پۆستی سکرتێری گشتی نەمێنێ و دەسەڵاتەکان بەسەر چەند کۆمیسیۆنێکدا دابەش بکرێ، بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنانە لەنێو سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن و هەر کۆمیسیۆنێک تایبەت بە بوارێک بێت، بۆ نموونە حکومەت و پەرلەمان، رێکخستن و پەیوەندییەکان و دارایی و...هتد".

گوتیشی: "ئەم بیرۆکەیە چ لەنێو ئەنجوومەنی ناوەند و چ لە ئۆرگانەکانی دیکە لایەنگرێکی زۆری هەیە، کێشەیەکی گەورەی نێو یەکێتی و ئاستەنگی بەردەم بەستنی کۆنگرەش لادەبات".

### قوباد تاڵەبانی:
### کۆنگرەی تۆڵەکردنەوەمان ناوێت

رۆژی 2017/11/19 هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بە یاوەری بافڵی کوڕی، لەگەڵ مەکتەبی رێکخستنی حیزبەکەی لەبارەی ئامادەسازییەکان بۆ کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کۆبووەوە. بۆ رۆژی دواتر قوباد تاڵەبانی کوڕە بچووکی تاڵەبانی پەیامێکی بڵاوکردەوە و داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ئاسایی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە نابێت کۆنگرە تەنیا دەموچاوی 50 ئەندامی سەرکردایەتی بگۆڕێ و گوتی "دەبێت کۆنگرەیەک بێت لە پێناوی پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری بە هەیکەلیەت و شێوازی کارکردن و بڕیاردان و پەیڕەو و کارنامەی حیزبەکەمان". هەروەها دەڵێت: "کۆنگرەیەکمان ناوێت بۆ تۆڵەسەندنەوە و یەکتر سڕینەوە، کۆنگرەیەکمان دەوێت کە ئەنجامەکانی ببنە هۆکاری بەهێزبوونی یەکیەتیەکەمان، ئەمەش زەمینەسازی دەوێ".

### سنوورێک بۆ "جەماعەتی 16ی ئۆکتۆبەر"

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆسرەت رەسوڵ لەسەر بەستنی کۆنگرە رێککەوتوون، رێگەش نادرێت گرووپی 16ی ئۆکتۆبەر لیستیان بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەبێت، بەڵکو هەوڵدەدرێت کۆنگرەیەکی تەوافوقی بێت.

سەرچاوەیەک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "هێرۆخان خۆی هەڵنابژێرێتەوە و سەرپەرشتی کۆنگرە دەکات، مەکتەبی رێکخستنی راسپاردووە کە ئامادەسازی تەواو بکەن، رێگاش نادات ئەو جەماعەتەی رێککەوتنی 16ی ئۆکتۆبەریان کرد، لیستیان هەبێ و دەست بەسەر یەکێتیدا بگرن، بەڵام پەراوێزیشیان ناخات، ئەگەر پێداگریش بکەن، دۆسیەی لەدەستدانی کەرکووک لە کۆنگرە دەکرێتەوە".

لەبارەی لیستێکی تەوافوقی، رێواس فایەق گوتی: "ئەوە یەکێک لە بیرۆکەکانە کە لیستی هاوبەشی تەوافوقی بۆ سەرکردایەتی هەبێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم ئازادی بە هەموو ئەندامێکی کۆنگرە بدرێت خۆی کاندید بکات".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، ئەگەر کۆنگرەی نائاسایی ببەسترێت، سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەی 2010 دەبنەوە ئەندام، بەڵام ئەگەر کۆنگرەی ئاسایی بێت، دەبێت ئەندامانی بە هەڵبژاردن لە رێگای رێکخستنەکانەوە بێن و ناشبێت ئەندامانی کۆنگرە لە هەزار ئەندام زیاتر بن و پێویستە 20%یان ژن بن. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە یەکێک لە کێشەکانە و هەر باڵە و هەوڵدەدات زۆرترین لایەنگر و ئەندامی ببێتە ئەندامی کۆنگرە.

رێواس فایەق، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ "دەبێ سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە بە هەڵبژاردنی کۆنفرانسەکان لە کۆمیتە و مەڵبەندەکانەوە بێن، نابێ تەنیا دەرفەت بە کارگێڕی مەڵبەند و مەکتەبەکان بدرێ، بەڵکو دەبێ دەرفەتی یەکسان بە هەموو ئەندامانی یەکێتی بدرێ خۆیان کاندید بکەن تا ببنە ئەندامی کۆنگرە".

### لایەنگرانی بەرهەم ساڵح

هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی بەرهەم ساڵح بۆ نێو یەکێتی شکستیان هێنا. بەرهەم ساڵح بە فەرمی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری راگەیاندووە، بەڵام هێشتا چارەنووسی حەوت ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی کە هاوهەڵوێستی بەرهەم ساڵحن، یەکلایی نەبووەتەوە. سەرکردەیەکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "لە کۆنگرەدا چارەنووسی ئەو حەوت هەڤاڵە یەکلایی دەبێتەوە، بەشداری بەرهەم ساڵح و ئەو حەوت کەسە لە کۆنگرە پارسەنگی هێز دەگۆڕێت، کاک بەرهەم خۆی بە درێژەپێدەری رێبازی مام دەزانێت، کەچی لیستی دروستکردووە، بۆیە دەمانەوێ کۆنگرە پێش هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت. دەبێ هەندێک هەڤاڵ خۆیان یەکلایی بکەنەوە، ناکرێت ئەندامی سەرکردایەتی بن و ئیش بۆ لیستەکەی کاک بەرهەم بکەن".

> **گوتەبێژی ئەنجوومەنی ناوەند**
>
> دەسەڵاتەکانی سکرتێر دەدرێتە چەند کۆمیسیۆنێک

> هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ رێککەوتووە و خۆی سەرپەرشتی کۆنگرە دەکات

> رێگا نادرێت جەماعەتی 16ی ئۆکتۆبەر لیستیان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی هەبێت

> لە کۆنگرە چارەنووسی حەوت سەرکردە هاوسۆزەکەی بەرهەم ساڵح یەکلایی دەکرێتەوە

## لە کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵیدا

# کاتی هەڵبژاردن و چارەنووسی سەرۆکایەتی هەرێم یەکلا دەکرێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بووەتە خاڵی هەرە لەپێشی گفتوگۆی نێوان حیزبەکان، ئەوەش دوای سەردانی هەفتەی پێشووی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری، بۆ سلێمانی و دیداریان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان. چونکە سەرۆکی حکومەت بە گۆڕان و یەکێتی و یەکگرتووی گوتووە، وەک حکومەت دەمانەوێ بزانین ئێوە دەتانەوێ کەی هەڵبژاردن بکرێ؟

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت: "سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەوەبوو ئەو بابەتە لە کۆبوونەوەیەکدا یەکلایی بکرێتەوە کە هەموو لایەنەکانی تێدابن و بەرێککەوتن بێت".

گوتیشی، ئەوان وەک یەکگرتوو گرفتێکیان نییە و ئامادەن بۆ هەڵبژاردن بەڵام "دەبێ کۆمسیۆن دەرفەتی ئەوەی لەبەردەم بێ، تۆماری دەنگدەران خاوێن بکاتەوە، هەرچەندە ئەوە مەرج نییە".

بەڵام لەنێو ئەو پێنج حیزبەی بڕیارە کۆببنەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی کاتی هەڵبژاردنەکە.

### یەکێتی لەگەڵ پێشخستنی وادەکەی نییە

رۆژی 2017/10/24 تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەشت مانگ درێژکرایەوە. فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێ، مادام ماوەی پەرلەمان بۆ هەشت مانگ درێژکراوەتەوە "مانای وایە هەڵبژاردن ئەو رۆژە ئەنجام دەدرێ کە تەمەنی درێژکراوەی پەرلەمان کۆتایی دێ، ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیازە نین کە بۆ پێشخستنی هەڵبژاردن کراوە، چونکە مادام دەنگمان بە درێژکرنەوەی تەمەنی پەرلەمان داوە، دەبێ پێیەوە پابەند بین"، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ: "بەو پەلەپەلە هەڵبژاردن ناکرێ، کۆمیسیۆنیش کاتی دەوێ".

### کۆمەڵ ئامادەیە

رێبوار حەمەد، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، پێیوایە مادام هەڵبژاردن لە وادەی خۆی دواکەوتووە و زەمینەسازی نەکراوە بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بکرێ، ئەوان لەگەڵ نزیکترین وادەن، گوتیشی "نزیکترین وادە کەی دیاری بکرێ لەگەڵ ئەوەین، چونکە چارەسەری دۆخی چەقبەستووی هەرێمی کوردستان و دوورخستنەوەی لە مەترسی، هەڵبژاردنە تاوەکو بەپێی دەنگ و قورسایی لایەنەکان حکومەت پێکبهێنرێتەوە".

بەپێی ئەوزانیارییانەی (رووداو) دەستیکەوتوون، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتیی گۆڕان و یەکێتیدا لە هەفتەی رابردوو، یەکێک لە تەوەرەکانی دانیشتنەکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بووە. یەکێتی پێی باش بووە بزووتنەوەی گۆڕان هاوڕایان بێت لەوەی هەڵبژاردن لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو بکرێ، گۆڕانیش پێشنیازەکەی پێ خراپ نەبووە، بەڵام ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوە رەتدەکاتەوە.

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتی: "لەوانەیە ئێستا یەکێتی بەهۆی دۆخی نێوخۆییەوە نەیەوێت هەڵبژاردن پێشبخرێ، بەڵام ئەوەی لای بزووتنەوەی گۆڕان زۆر گرنگە، پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی خاوێنە کە چاودێرانی نێودەوڵەتی چاودێریی بکەن".

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ کێشەی لەگەڵ هیچ کاتێک نییە بۆ هەڵبژاردن "ئەگەر دەیانەوێ زۆر پێشبخرێ ئێمە ئامادەین، ئەگەر دەشیانەوێ دوابخرێ هەر ئامادەین". فازڵ بەشارەتی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی کە لە رۆژانی رابردوو لەگەڵ دەزگای هەڵبژاردنی حیزبەکەیان بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیان هەبووە، گوتیشی "لای ئێمە گرنگ کاتێکە کە حیزبەکان لەسەری پێکبێن".

کۆمیسیۆن بە نووسراوی فەرمی داوای لە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کردووە لیستی ناوی مردووانیان بۆ رەوانە بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ لیستی وەزارەتی بازرگانیی عێراق کە پشتی بە پسوولەی خۆراک بەستووە، ناوی مروودان لە تۆماری دەنگدەران دەربهێنرێت. بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی کە دراوەتە (رووداو)، لە چوار ساڵی رابردوودا 75 هەزار و 305 کەس لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک مردوون کە نزیکەی 33 هەزار کەسیان تەمەنیان لە نێوان یەک مانگ تاوەکو 5 ساڵی بووە.

### چارەنووسی سەرۆکایەتی هەرێم

بەڵام گرفتێکی ساختەکراوەی دیکەی بەردەم حیزبەکان چارەنووسی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمە، د.محەممەد عەلی، رێکخەری ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ پرۆژە هاوبەشەکەیان لەگەڵ سێ حیزبەکەی دیکە بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی "ئەگەر پرسی سەرۆکی هەرێم زیندوو بکرێتەوە، دەبێ دەسەڵاتەکانی تەشریفاتی بن و لەناو پەرلەمان هەڵبژێردرێ، بەڵام من پێموایە ئەو پۆستە هەر زیندوو نەکرێتەوە".

گوتەبێژی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیش رێککەوتنی نێوان لایەنەکان بۆ ئەو پرسە بە گرنگ دەزانێ، هەرچەندە دەڵێ، ئێمە رامان لەو بارەیەوە روونە و داوای گۆڕینی سیستمی سیاسیمان کردووە بۆ پەرلەمانی. بەڵام مستەفا عەبدوڵڵا ئاماژە بە یاسای هەڵبژاردن دەکات کە بەپێی ئەو یاسایە دەبێ هەردوو هەڵبژاردنەکە پێکەوە بکرێن "بەڵام هەر دەبێ رێککەوتنی لەسەر بکرێ، چونکە ئێستا زۆر کەمتر حیزبەکان باسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم دەکەن".

گوتیشی: "بڕیارە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بۆ یەکلاکردنەوەی رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم بکرێ".

بەڵام پارتی رایەکی دیکەی لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمەوە هەیە، فازڵ بەشارەتی دەڵێ: "هەردوو هەڵبژاردنەکە بەیەکەوە دەکرێ، هەرکات سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا، هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵنەبژێردرا، بە رێککەوتن لەگەڵ حیزبەکان ئەوە چارەسەر دەکرێ". هەرچی فەرید ئەسەسەردە، رای وایە مادام پۆستەکە ماوە و هەڵپەسێردراوە و دەسەڵاتەکانی دابەشکراون "ناکرێ ئێمە سەرۆکێکی بێدەسەڵات هەڵبژێرین، رای حیزبەکان روونە لەوبارەیەوە، ماوەتەوە پارتی رای کۆتایی خۆی لەسەر سیستمی سیاسی بدات".

> **یەکێتی**
> دەبێ پەرلەمان خولە درێژکراوەکەی تەواو بکات

> **گۆڕان**
> پێوستە هەموو ئامادەکارییەکان تەواو بکرێن

> **یەکگرتوو**
> پێویستە هەموو حیزبەکان لەسەر کاتەکەی کۆک بن

> **کۆمەڵ**
> ئێمە لەگەڵ نزیکترین وادەین بۆ هەڵبژاردن

## (رووداو) ناوەکانیان بڵاودەکاتەوە

# پەرلەمانتارێکی کورد زانیاری لە بارەی 15 پەرلەمانتارەکە داوەتە بەغدا

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گومانیان لە ئەندامانی خۆیان هەیە زانیارییان لەبارەی 15 پەرلەمانتاری کورد دابێتە بەغدا لەبارەی بەشدارییان لە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی رابردوو. سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی ئەو زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "پەرلەمانتارانی عەرەب پێیانگوتین زانیارییەکانمان لە ئەندامانی خۆتان وەرگرتووە".

رۆژی 2017/10/7 لیژنەیەکی کاتیی پەرلەمانی عێراق کە لە هەردوو لیژنەی یاسایی و کاروباری پەرلەمانتاران پێکهاتبوو، بە پاساوی بەشداریکردن لە گشتپرسی، بڕیاری دوورخستنەوەی 14 پەرلەمانتاری کوردی دەرکرد و ئاراستەی دادگای فیدراڵی کرد، دواتر ژمارەکە بووە 15 پەرلەمانتار.

دوای رەوانەکردنی دۆسیەکانیان بۆ دادگای فیدراڵی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، رۆژی 2017/10/11 دادگای فیدراڵی وەڵامی پەرلەمانی دایەوە. لە وەڵامەکەدا هاتووە: "بەپێی دەستووری عێراق، رادەربڕین و بڕیاردان لەبارەی ئەو پەرلەمانتارانەی لە گشتپرسیدا دەنگیان داوە، کاری ئێمە نییە. لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئەو پەرلەمانتارانە کاری لایەنی دیکەیە و ئەوان دەتوانن بۆچوون و بڕیاری لەبارەوە بدەن". بەڵام پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا کە سەرکردایەتی ئەو هەڵمەتە دەکەن و 150 واژوویان بۆ کۆکردووەتەوە، جارێکی دیکە ئەم دۆسیەیان رەوانەی دادگای تاوانی بەغدا کرد.

### گومانەکە لە کێیە؟

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق کە یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی دراوەتە دادگا، بە (رووداو)ی گوت: "ئەو هەوڵانە هیچیان لێ سەوز نابێ، بە ئاشکرا بەو لیژنەیەمان راگەیاندووە کە ئامادەنین بچینە ژێر باری لێکۆڵینەوەکانیان. ئامادە نین بچینە ژێر باری پرسیارەکانی چەند پەرلەمانتارێک کە بە 2000 دەنگ بوونەتە پەرلەمانتار. پێمانگوتن سەرجەم پەرلەمانتارانمان بەشداریمان لە گشتپرسی کردووە".

پەرلەمانتارێکی یەکێتی ناوی ئەو لایەنە ئاشکرا دەکات کە ناوی ئەو 15 پەرلەمانتارەی داوەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن. ئاریز عەبدوڵڵا کە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتییە لە پەرلەمانی عێراق، بە (رووداو)ی گوت: "پەرلەمانتارانی عەرەب بە ئێمەیان گوت پەرلەمانتارێکی کورد کە لە خۆتانە ناوەکانی پێداوین".

شاخەوان عەبدوڵڵا، زانیارییەکانی ئاریز عەبدوڵڵا پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق بە هاوکاریی پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا ئەو لیستە 15 کەسییەی دروست کردووە. لیستەکە لەسەر بنەمای شەڕی کۆنەقین و دژایەتی شەخسیی ئەو پەرلەمانتارانە دروستکراوە. کێ لە هەموو پەرلەمانتارە کوردەکان دڵسۆزترو چالاکتر و نیشتمانپەروەرتر بێ خراوەتە ئەو لیستەوە، چونکە لە کۆی 65 پەرلەمانتاری کورد، تەنیا چوار پەرلەمانتار بەشدارییان لە گشتپرسی نەکردووە".

### سزاکەیان چییە؟

بەپێی ماددەی 156 لە یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە 111ی هەموارکراوی ساڵی 1969 ، ئەو پەرلەمانتارانە رووبەڕووی تۆمەتی هەڕەشەکردن لە یەکێتی خاکی عێراق دەبنەوە کە لە ماددەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە "ئەو کەسە سزا دەدرێت بە لە سێدارەدان ئەگەر کارێکی بە ئەنقەست ئەنجام بدات و ببێتە هۆی هەڕەشە لە سەربەخۆیی وڵات و یەکێتییەکەی، یاخود سەلامەتیی خاکەکەی".

جێی سەرنجە لە کۆبوونەوەی رۆژی 2017/11/16ی پەرلەمانی عێراقدا کە ناوی پەرلەمانتارانی بەشداربووی گشتپرسی خوێندرایەوە و هەوڵ درا سزای ئەو پەرلەمانتارانە بدرێت، سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان بایکۆتی کۆبوونەوەکەیان کرد، بەڵام دوو پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی یەکێتی هۆڵی پەرلەمانیان جێنەهێشت، ئەوانیش ئالا تاڵەبانی و شوان داودی بوون.

شوان داودی، گوتەبێژی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە بۆیە کۆبوونەوەکەمان بایکۆت نەکرد، چونکە مەترسی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک هەبوو، ئەگەرنا ئێمە دژی سزادانی پەرلەمانتارانی کوردین و لەگەڵی نین، بەغداش دەزانێت 98%ی پەرلەمانتاران لە ریفراندۆم دەنگیانداوە، بەڵام قەدەری کورد وایە دەبێ یان لە بەغدا یان لە کوردستان بەخائین بکرێت".

ئەو پەرلەمانتارانەی دراونەتە دادگا، زۆربەیان گومانیان لە ئالا تاڵەبانی، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی یەکێتی هەیە کە تاوەکو ئێستا لەنێو پەرلەمان هەر لە ریزی پێشەوە لەسەر کورسیی سەرۆکی فراکسیۆن دادەنیشێ، بەڵام شوان داودی رەتیکردەوە هیچ پەرلەمانتارێکی کورد زانیاری لەبارەی بەشداریی پەرلەمانتارانی کورد لە گشتپرسی بە لیژنە پەرلەمانییەکە دابێت و گوتی: "بەغدا خۆیان زانیارییان هەیە، چاودێریی لێدوان و قسەی پەرلەمانتاران لە فەیسبووک و میدیای کوردی دەکەن، جگە لەوە وێنەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لایە کە ئەو 15 پەرلەمانتارە بە ئاشکرا دەنگیانداوە و بانگەشەیان بۆ جیابوونەوە کردووە". گوتیشی: "کاتێک لیژنەیان لەسەر ئەو 15 پەرلەمانتارە دروستکردووە، هیچ کوردێک بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقی نەکردووە".

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "گومانم هەیە کە پەرلەمانتاری کورد ئەو زانیارییەی بەو لیژنەیە دابێت، بەڵام بەڵگەم نییە و ناتوانم کەس تۆمەتبار بکەم، چونکە زۆربەمان دەنگمان داوە، بۆچی ئەو ژمارەیە هەڵبژێردراوە؟ وای بۆ دەچم لەسەر بنەمای چالاکی و داکۆکی لە مافەکانی کورد ئەو چەند پەرلەمانتارەیان هەڵبژاردبێ".

هەر لەوبارەوە نەجیبە نەجیب پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی کە بە گوتەی خۆی قسەی لەگەڵ لیژنە پەرلەمانییەکە کردووە، بە (رووداو)ی گوت: "ئەوان گوتیان ناوی زۆربەی پەرلەمانتارانی کوردیان لایە کە بەشدارییان لە گشتپرسی کردووە، بەڵام لەبەر دۆستایەتی نەیانویستووە ناویان بخرێتە نێو ئەو لیستە".


زۆربەی ئەو پەرلەمانتارانەی دراونەتە دادگا گومانیان لە ئالا تاڵەبانی هەیە زانیاری دابێتە بەغدا

ئاریز عەبدوڵڵا

**پەرلەمانتارانی عەرەب دەڵێن زانیاریمان لە خۆتان وەرگرتووە**

شاخەوان عەبدوڵڵا

**ئەو پەرلەمانتارە شەڕی کۆنەقین دەکات**

### ناوی 15 پەرلەمانتارەکە

لەو 15 پەرلەمانتارە 11یان سەر بە فراکسیۆنی پارتین. ئەوانیش: عەرەفات ئەکرەم، شاخەوان عەبدوڵڵا، رێناس جانۆ، ڤیان دەخیل، ئەشواق جاف، حاکم سەرحان ئەحمەد، نەجیبە نەجیب، مەلا سالم شەبەک، سیروان سیرینی، ئەردەلان نورەدین و شیرین دینۆ. دووانیشیان لە فراکسیۆنی یەکێتین: ئاریز عەبدوڵڵا و قادر عەبدولعەزیز. هەروەها موسەننا ئەمین و عادل نووری لە فراکسیۆنی یەکگرتوو.

# ئیسلامییەکان..
# لە کاری هاوبەشەوە بۆ شەڕی سەر فەیسبووک

ئەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

دوو هەفتەی رابردوو، ئەندام و لایەنگرانی هەردوو حیزبە ئیسلامییەکەی باشووری کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرقاڵبوون بەشەڕێکەوە کە وەک سووڕی ساڵانەی نێوان هەردوولای لێهاتووە. هەر کاتێک دەستی پێدەکەن، دەکەونە دۆخێکەوە کە مامۆستایانی ئاینی خۆیان بێنە قسە و ئاگاداریان بکەنەوە لەوەی خەریکە هێڵە سوورە ئاینییەکانیش بۆ سیاسەت ببەزێنن. بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ "کۆمەڵ شەڕی هەڵبژاردن دەکات". بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامیش پێیوایە ئەو شەڕەی نێوانیان دەرهاویشتەی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستانە.

دوای ئەوەی راگەیاندنی فەرمی یەکگرتووی ئیسلامی، چەند بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بڵاوکردەوە لەبارەی خانەنشینی نایاسایی و لە نێویشیاندا ئاماژەی بە 17 حاڵەتی خانەنشینی نایاسایی کردبوو لە نێو سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی، میدیای کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرامبەردا وەڵامی دایەوە. دواتر شەڕەکەیان جێهێشت بۆ ئەندام و لایەنگرانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

فەهمی حەمە تۆفیق، کادرێکی یەکگرتووی ئیسلامییە و دەڵێت هەرجارێک دوو بەرپرسی یەکگرتوو و کۆمەڵ کێشەیەک بکەوێتە نێوانیانەوە "بەداخەوە هەندێک کەس لەنێو هەردوولا کە هەستی بەرپرسیارێتیان لاوازە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە شەڕەکە گەورە دەکەن. تەنانەت هەندێکجار کادرانی باڵاش رۆڵ دەبینن لە دروستکردنی ئەو گرژییانە".

ئەو کادرەی یەکگرتووی ئیسلامی، دڵخۆشە بەوەی شەڕەکانی ئێستا و رابردووی نێوان حیزبەکەی و کۆمەڵی ئیسلامی نەگەیشتوونەتە "نێو جەماوەری دڵسۆز"ی هەردوولا، بەڵام نایشارێتەوە ئەگەر راگەیاندنەکانیان نەوەستێنرێن "کاریگەری خراپی بۆ هەردوولا دەبێت".

ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی، لەوە کۆنترە کە پەیوەندی بە پرسی هەڵبژاردن و دابەشبوونیان هەبێ بەسەر دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا. هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە، کۆمەڵی ئیسلامی کە ئەوکات لە نێو بزووتنەوەی ئیسلامی بوون، رەخنەی ئەوەیان لە یەکگرتوو دەگرت کە میانڕەوییەکەی سنووری بەزاندووە و بێچەک ناتوانێ بەرگری لە خۆی و ئەندامانیشی بکات، لە بەرامبەر ئەو ستەمەی یەکێتی و پارتی لێیان دەکەن. یەکگرتووش پێیوابوو ئەوەی ئەوان ناویان لێناوە جیهاد، لە کوردستان و جیهانیش وای کردووە بە دیدێکی نەرێنی سەیری ئیسلامییەکان بکرێ و ئاستەنگیان بۆ دروست بکرێ.

بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕانە ستراتیژییەتی کۆمەڵی ئیسلامییە "چەندینجار لە زمانی مامۆستا عەلی باپیرەوە بە ناڕاستەوخۆ هێرشکراوەتە سەرمان، رۆژێک پێمان دەڵێ رەگەڵ کەوتوون. رۆژێک دەڵێ ئێمە لەبەرەی زوڵم نین و تەنانەت لەکاتی ناشتنی تەرمی کاک نەوشیروانیش ئامادە نەبوو بەرگرییەک لە مامۆستا سەلاحەدین بکات". هەروەها دەڵێ "دەیانجار کەناڵی پەیام هێرشی کردووەتە سەرمان، کەچی سپێدە تەنیا جارێک ئەو راپۆرتەی بڵاوکردەوە، ئەوان شپرزە بوون".

بەرپرسەکەی یەکگرتوو پێیوایە کۆمەڵ شەڕی هەڵبژاردنیان پێدەفرۆشێ "ئەوە شەڕی هەڵبژاردنە و دەزانن یەکگرتوو دەنگی لەوان زۆرترە، کار بۆ ئەوە دەکەن لەم هەڵبژاردنە دەنگی زۆرتر بهێنن". ئەو بەرپرسەی یەکگرتووی ئیسلامی، دەڵێ چەند جارێک لەسەر ئەو شەڕانە لەلای عەلی باپیر گلەییان کردووە و گوتی: "پێمان گوتوون ئێوە بەردەوام لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە ئێمە ناشیرین دەکەن، لە کاتێکدا یەک کادری ئێمە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هەڵەیەکی نەکردووە بەرامبەر کۆمەڵ".

دارا محەممەد ئەمین، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، پێیوایە شەڕی ئەمجارەی نێوان حیزبەکەی و یەکگرتوو دەرهاویشتەی گشتپرسییە و دەڵێ: "لە چوارچێوەی رەخنەگرتن لە دەرهاویشتەکانی گشتپرسی و شێوازی ئەنجامدانی و کاتەکەی، رەنگە رەخنەش لەو شێوازەی بەشداریی برایانی یەکگرتووش بگیرێ و ئەوانیش وەڵام بدەنەوە، ئەوە وایکرد برایانی یەکگرتوو بەهۆی ئەو رەخنانەوە راپۆرتێک بڵاوبکەنەوە و خەڵکێکی زۆر لە نێو هەردوو حیزب بەوە نیگەرانن".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی هەروەها دەڵێ: "هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە نەمێنن و چارەسەر ببن".

لە راپۆرتەکەی راگەیاندنی فەرمی یەکگرتوودا، هەندێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی رەخنەی ئەوەیان لێگیراوە کە خانەنشینی نایاساییان لەلایەن حکومەتەوە بۆ کراوە، لە بەرامبەریشدا کۆمەڵی ئیسلامی، باسی مووچەخۆری بندیوار دەکات لەنێو یەکگرتووی ئیسلامی.

ئەو بەرپرسەی یەکگرتووی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ: "کاتی خۆی داوامان لە حکومەت کردبوو پاسەوان بۆ بارەگاکانمان دابین بکات، حکومەتیش چەند پاسەوانێکی بۆ دابین کردین، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆمان ئاگاداربین، حکومەت ئەوانەی وەک خانەنشین بۆ ناردبووین بۆ ئەوەی لە جیاتی 700 هەزار دینار 210 هەزار دیناریان بداتێ، تەحەددا دەکەین یەک بەرپرسمان بۆ خانەنشین کرابێ".

چەند رۆژێک پێش ئەو شەڕی راگەیاندنە، هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە یەکتریان تۆمەتبار کرد بەوەی لیستی خزمەتیان هەڵوەشاندووەتەوە. ئەوەش هەر درێژکراوەی شەڕی راگەیاندنی نێوانیان بوو.

فەیسەڵ ئیبراهیم، سەرۆکی پێشووی لیستی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە دواتر دەستی لەکار کێشایەوە، پێیوایە "ئەوەی کە پەروەردەی لایەنە جیهادییەکە بێت، وای دەبینێ یەکگرتوو کە پەروەردەی قوتابخانەی ئیخوانە، کار بە بەشێکی قورئان ناکەن. هەرچی یەکگرتووشە پێیانوایە هەرچی ناڕەحەتی و نەهامەتی دروستبووە بۆ ئوممەتی ئیسلامی، لە ئەنجامی هەڵەی باڵە جیهادییەکەیە".

**ئەو شەڕە دەرهاویشتەی ئەنجامەکانی گشتپرسییە**

کۆمەڵ

**کۆمەڵ دەیەوێ شەڕی هەڵبژاردن بکات**

یەکگرتوو

### لە یەکگرتنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە

پەیوەندیی پتەوی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی لە سەرەتای 2015 دەستی پێکرد، کاتێک بیرۆکەی یەکگرتن هاتە ئاراوە و بۆ ئەو مەبەستە لەسەر ئاستی باڵا زنجیرەیەک دانیشتن و کۆبوونەوە کرا. تەنانەت رۆژی دووی ئابی 2016 یەکەم دانیشتنی فەرمییان لەسەر ئاستی باڵا کرد. دوای ئەوەی تێگەیشتن ئەوە کارێکی ئەستەمە، ناونیشانی یەکگرتنیان گۆڕی بۆ کاری هاوبەش، بەڵام هەر پاش ماوەیەک کاری هاوبەشیش لە نێوانیان کۆتایی هات. کار گەیشتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو فراکسیۆنەی بەناوی "خزمەت" لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پێکیانهێنابوو.

## دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بۆ (ڕووداو):

# یەکێک لە چاکسازییەکان بچووککردنەوەی حکومەت دەبێت



دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی چارەنووسی حکومەتی ئێستا و هەڵبژاردنەکانی داهاتوو قسە دەکات و دەڵێت ئەگەر لایەنەکان گفتوگۆ لەسەر حکومەتی کاتی دەکەن با هەڵبژاردن پێشبخرێ و حکومەتێک بۆ چوار ساڵ پێکبێت. ئەو حکومەتی ئێستا بە حکومەتێکی کاتی ناودەبات. لەبارەی دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغداش، ئەو راوێژکارەی سەرۆکی حکومەت گەڕاندنەوەی پرۆژەی بودجە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بە هەنگاوێکی باش دەزانێ و دەڵێ "نەبوونی یەکدەنگیی کورد ئاوی کردووەتەوە ئاشی بەغداوە".

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

**ڕووداو: گفتوگۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکان بە کوێ گەیشت؟**

**دڵشاد شەهاب:** لەو گفتوگۆیانەدا ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو، هەموومان کۆک بووین لەسەرئەوەی کورد بە یەکڕیزی بەرەنگاری ئەو قەیران و ئاستەنگانە ببێتەوە و لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێن. ئێمە لە کاتیبوونی ئەم حکومەتە کێشەمان نییە، چونکە هەردوولامان کۆکین لەسەر ئەوەی ئەم حکومەتە کاتییە، حکومەتی کاتیش ئەرکی دیاریکراوی هەیە. پێمانوایە ئەم حکومەتەی ئێستاش ئەرکی دیاریکراوی هەیە، بۆیە کێشەمان نییە ئەو 8 مانگەی پەرلەمان تەمەنی درێژکراوەتەوە، هەڵبژاردن بکرێت یاخود بە رێککەوتنی لایەنەکان لەسەر کارنامەیەکی دیاریکراو و ئەولەوییاتەکانی کاری حکومەت دیاری بکرێن. جەنابی سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەکان بە راشکاوانە بەو لایەنانەی گوت: پێمان بڵێن چ کارێکە حکومەتی کاتی دەتوانێت بیکات و ئەم حکومەتەی ئێستا کە زۆربەی لایەنە سەرەکییەکانی تێدایە، ناتوانێت بیکات؟

**ڕووداو: بۆچی هێندە پێداگیری لەسەر مانەوەی ئەم حکومەتە دەکەن؟**

**دڵشاد شەهاب:** پەیوەندیی بە ریزبەندی کێشە و قەیرانەکانەوە هەیە. ئەولەوییەتی ئێمە ئەوەیە قەیران و کێشەمان نەبێ. ئینجا لە دروستکردنی ئەم کابینەیە 8 مانگمان ویست لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەش سەرقاڵی نووسینەوەی کارنامەی حکومەت نەبووین، بەڵکو خەریکی دابەشکردنی پۆست و وەزارەتەکان بووین. من ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی کارنامەی کابینەی هەشتەم بووم. بە چەند رۆژێک کارنامەکەمان نووسی، بەڵام بۆ حکومەت 8 مانگی پێچوو، هەرێمی کوردستان رووبەڕووی کۆمەڵێک هەرەشە بووەتەوە، چ پێویست دەکات ئێمە کاتی خۆمان بە کۆبوونەوە و دانوستاندن بەسەر ببەین.

**ڕووداو: ئامادەن دەستکاری حکومەت بکەن و کابینەکە بچووک بکەنەوە و هەندێک وەزیر بگۆڕن؟**

**دڵشاد شەهاب:** هەموو ئەوانە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە. ئەگەرنا حکومەت لیژنەی تایبەتی داناوە بۆ چاکسازی. بێگومان یەک لە چاکسازییەکان بچووککردنەوەی حکومەت دەبێت. سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی لەگەڵ بچووککردنەوەی حکومەتن. بەڵام ئێمە نزیکەی حەوت مانگمان لە بەردەم ماوە بۆ هەڵبژاردن، مانگێک هەڵمەتی هەڵبژاردنە، ئەگەر حکومەتی کاتی دروستبکرێت مانگێکی دەوێت، مانگێک زیاتریش هەتا ئاڵوگۆڕی وەزارەت دەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە پرۆسەکە ئاڵۆزە. تۆ بە چەند مانگ فریای گۆڕانکاری و رێکخستنەوەی حکومەت و جێبەجێکردنی داواکاری خەڵک ناکەوی، بۆیە ئەمە خۆسەرقاڵکردنە.

**ڕووداو: لەسەر چ بنەمایەک داوای دروستکردنی ئەو حکومەتە کاتییە دەکرێت؟**

**دڵشاد شەهاب:** لایەنەکان دەڵێن لەسەر بنەمای بەرکەوتی هەڵبژاردنەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستان.

**ڕووداو: لارییان لە گۆڕینی سەرۆک و جێگر هەیە بە تایبەتی دوای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەر هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی دیکە؟**

**دڵشاد شەهاب:** لە کۆبوونەوەکاندا نەچووینەتە نێو ئەو وردەکارییانە، بەڵام ئەوەی من تێگەیشتووم هیچ لایەنێک لاری لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی نییە. چونکە تۆ دەبێ لەسەر بنەمایەک حکومەتی کاتی دروستبکەی، هەر ئەو لایەنە سەرەکییانەی ئێستایە حکومەتەکە دروست دەکەن، بۆیە پشتیوانییەکە بە ئاشکراش بۆ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی نەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی زمنی هەیە، چونکە هەر ئەوان حکومەت دروستدەکەن ئەگەر هاتوو حکومەتی کاتی دروستبکرێت. بنەماکانی حکومەتی کاتی پێش هەڵبژاردن هەمان بنەماکانی ئەم حکومەتەی ئێستایە و گۆڕانکارییەکی ریشەیی روونادات.

**ڕووداو: رای یەکێتی لەسەر حکومەتی کاتی چییە؟**

**دڵشاد شەهاب:** یەکێتی هێزێکی سەرەکی پێکهێنەری ئەم حکومەتەیە. جێگری سەرۆکوەزیران و کۆمەڵێک وەزیر لەوانن، تاوەکو ئێستا هیچ ناڕەزاییەتییەکیان نەبووە و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتەیان نەکردووە.

ڕووداو: لە کۆبوونەوەی حکومەت و گۆڕان داوای گەڕانەوەی وەزیرەکانی گۆڕان نەکرا؟

دڵشاد شەهاب: لەو کۆبوونەوەیە باسی نەکرا، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە بانگەوازی گەڕانەوەی وەزیرەکانی کرد.

**ڕووداو: کێشەی گۆڕان و پارتی لەسەر چییە؟ هیچ ماوە ئێوە لەسەری ناکۆک بن؟**

**دڵشاد شەهاب:** دوای بڕیاری بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت، پارتی بەوپەڕی جدییەت و دڵپاکییەوە لەگەڵ گۆڕان هاتە پێش. تەنانەت لە نزیکبوونەوەی ئێمە و گۆڕان، یەکێتی نیگەران بوو، بە بیرم دێت کاتێک گۆڕان بڕیاری بەشداری دا لە حکومەت، سەرۆک بارزانی کاک نێچیرڤان بارزانی راسپارد کە زەمینەسازییەک بکەن بۆئەوەی گۆڕان بەوپەڕی هەستکردن بە شەراکەت لەو حکومەتە بەشداری بکات، هەر بۆیە وەزارەتی دارایی و پێشمەرگەیان پێدرا کە دوو وەزارەتی گرنگ و هەستیارن و پێویستیان بە یەکگرتنەوە هەبوو. هەروەها لە چوارچێوەی رێککەوتن دەنگی بە سەرۆکی پەرلەمان دا و دوو دڵ نەبوو، بۆیە تێڕوانینی جیاواز لەسەر کێشەی ئێمە و گۆڕان هەیە، رەنگە ئەوان بۆچوونیان وابێت کە پارتی پابەندی شەراکەت نەبووە.

**ڕووداو: ئەگەر بۆچوونی جیاواز لەسەر حکومەتی کاتی هەیە، بۆ هەڵبژاردنەکان پێشناخەن و حکومەتێکی نوێ بۆ چوار ساڵی دیکە دروست بکەن؟**

**دڵشاد شەهاب:** دەبێ زەمینەسازی بکرێت لە رووی تەکنیکی، ناوی مردوو و دووبارە لە تۆماری دەنگدەران بسڕێتەوە، وەکو پارتی چ قازانج دەکەین لە بوونی ئەو ناوانە خۆ بەس خەڵکی ئێمە نەمردووە، بەڵام ئەو بابەتەش زێدەڕۆیی تێدا کراوە وەکو ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کەچی لە سیستەمی بایۆمەتری دەرکەوت بەو شێوەیە نەبوو، بۆیە دەبێ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنیش زەمینەسازی سیاسی بکرێت جیا لە بواری تەکنیکی، چونکە دەبێ لایەنەکان لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەرژەوەندیی نیشتمانی رێکبکەون. ناکرێ ئەو قەیران و گرژییانەی ئێستا دوای هەڵبژاردنیش بەردەوام بن. ئەگەر بە گرژی بچینە هەڵبژاردن و گرژییەکەش بەردەوام بێ، قەیرانەکان هەر بەردەوام دەبن. بڕواش ناکەم هیچ لایەنێک بتوانێت لە هەڵبژاردنەکان زۆرینە بهێنێ، حکومەتەکە هەر ئیئتیلافی دەبێت. بۆیە بۆچوونێک هەیە کە ئەو هەموو گفتوگۆ و خۆسەرقاڵکردنە بۆ حکومەتی کاتی پێویست نییە، با هەڵبژاردن زووتر بکرێ.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی هەڵبژاردن کەی بکرێت؟**

**دڵشاد شەهاب:** خۆی حەوت مانگ ماوە، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن. بۆچوونێکیش هەیە کە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نەبەسترێنەوە، چونکە سیستەمەکەمان جیاوازە، دوو کۆمسیۆنی جیاواز سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن.

**ڕووداو: بە لایەنەکانتان راگەیاندووە کە حکومەت ئامادەیە وادەیەک بۆ هەڵبژاردنەکان دیاری بکات؟**

**دڵشاد شەهاب:** ئێمە داوامان کردووە پاڵپشتی ئەم حکومەتە بکرێت، بە بۆچوونی حکومەت باسکردن لە حکومەتی کاتی و هەڵبژاردنی پێشوەختە کات و پێداویستی زۆری دەوێت، بۆیە باشترە پاڵپشتی ئەم حکومەتە بکرێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە قەیرانەکان دەرباز بکات.

**ڕووداو: پرۆژەی گۆڕانتان پێ چۆنە؟**

**دڵشاد شەهاب:** پرۆژەکەی گۆڕان بنەمای باشی تێدایە، رەنگە لە هەندێک خاڵ ناکۆک بین، لە ئایندەیەکی نزیکدا دانیشتنی دیکەش لە نێوان حکومەت و لایەنەکانی دیکە دەبێت.

**ڕووداو: بەغدا چاوەڕێی چی لە هەرێمی کوردستان دەکات، بۆچی گفتوگۆ دەستی پێنەکردووە؟**

**دڵشاد شەهاب:** دەستووری عێراق ئەرکی هەردوولای دیاری کردووە، بەغدا بە دەرفەتی دەبینێ گوشارەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر بکات، چونکە بەڕێز عەبادی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی گوتی: "لە سەرووی پێشبینییەکانمان بەدەست هێناوە". بۆیە هەتا پێیان بکرێت هەرێمی کوردستان لاواز دەکەن، ئەگەرنا ئەو هەموو بڕیار و رێوشوێنانەی دژی هەرێمی کوردستان پەرچەکدارێکی شاراوە و پیلانداڕێژار بوو لە ناخی سیاسییەکانی عێراق بەرامبەر کوردستان. خاڵێکی دیکە مەسەلەی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن. زۆربەی گوتارەکانیان لە خزمەتکردنی عێراق و هاووڵاتییان بووەتە دژایەتیکردنی کوردستان، بۆیە لەبەر ئەو دوو هۆکارە بەغدا هیچ هەنگاوێک بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن نانێ. هەروەها نەبوونی یەکدەنگیی کورد لە کوردستان ئاوی کردووەتەوە ئاشی بەغداوە.

**ڕووداو: بەغدا هەر داوای سنوورەکان و فڕۆکەخانەکان دەکات، ئێوە بۆ رێگەیان نادەن؟**

**دڵشاد شەهاب:** ئەرکی حکومەتی فیدراڵی لە دەستووردا دیاری کراوە، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە کە ئایا حکومەتی فیدراڵی، کوردی پێ هاووڵاتیی عێراقییە؟ بۆ بە کوردێک رەوا نابینێ لەسەر سنوور بێت، خۆ پاسەوانی سنوور سەر بە حکومەتی فیدراڵین، تەنیا ئەوکات قبوڵییەتی کە کەسێک لە بەسرا بێت، ئینجا پێیوایە دەسەڵاتی فیدراڵی بەسەر ئەو ناوچانە جێگیر بووە. سنوورەکانی کوردستان پارێزراوترین سنووری عێراقن. بەپێی قسەی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بە وەکالەت دەیان راپۆرتی حکومەتی فیدراڵی هەیە باس لەوە دەکەن کە ئیشوکاری فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی زۆر بە باشی بەڕێوەدەچن.

**ڕووداو: مادام بەغدا ئەوەندە بێ منەتە لە گفتوگۆ، بۆچی لە رێگای ئێرانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان گوشار ناکات؟**

**دڵشاد شەهاب:** نکۆڵی لە کاریگەریی ئێران لەسەر حوکمڕانی لە عێراق ناکرێت. نە عێراقییەکان نە ئێرانییەکانیش نایشارنەوە، ئێمە دەمانەوێ گفتوگۆ لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بێت. بەداخەوە عێراق خۆی داوای لە وڵاتانی دراوسێ کردووە هەڵوێست بەرامبەر گەلەکەی وەربگرن.

**ڕووداو: حکومەتی فیدراڵی چاوەڕێی بەیاننامەیەکی روون و ئاشکرا دەکات لەسەر بنەمای دوایین بڕیاری دادگای فیدراڵی، سەریارەت بە هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسی، هەڵیدەوەشێننەوە؟**

**دڵشاد شەهاب:** کەس مافی هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆمی نییە، خۆشیان باش دەزانن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بڕیارێک دەربکات بڵێ دەنگی ئەو چەند ملیۆن خەڵکەم هەڵوەشاندەوە.

**ڕووداو: ئێوە ئەو هەڵوێستانەتان لە عەبادی چاوەڕێ دەکرد؟**

**دڵشاد شەهاب:** ئێمە چاوەڕوانیمان لە عەبادی نەدەکرد بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، پێشتر عەبادی وای پیشان دەدا کە ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکانە لەگەڵ کوردستان، بەڵام خەڵکی دیکە هەتا کوێی بەرامبەر کوردستان هێنابوو عەبادی لەوێ تەواوی کرد. ئەم مامەڵەکردنە لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەرگیز هەستی عێراقیبوون دروست ناکات. لە بودجەی 2017 کە تاکلایەنە بە نیەتی سزادانی خەڵک ئینجا پشکی هەرێمی کوردستانیان 17% دانابوو، کەچی لە بودجەی 2018 زۆر لەوە کەمتریان داناوە.

**ڕووداو: گەڕاندنەوەی بودجە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران چۆن دەخوێننەوە؟**

**دڵشاد شەهاب:** بەپێی دەستوور هەرێمی کوردستان مافی بەشداریکردنی لە داڕشتنی یاسای بودجە هەیە نەک ئەوان شتێک ئامادە بکەن و پێمان بڵێن پێی رازی بن. گەڕاندنەوەی بودجە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوێکی باشە، ئێمە بە نیەتێکی باش وەریدەگرین.

**ڕووداو: حکومەت دەتوانێت بەم دۆخە داراییە مووچەی فەرمانبەران بدات؟**

**دڵشاد شەهاب:** من ئاگاداری وردەکاری نیم، بەڵام هەموو خەڵک دەزانێت سنوورەکانی ئێران داخراون و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق وەستاوە. بەهۆی ئەو هەموو هێزەی عێراق، زۆربەی کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی کۆنترۆڵکراون.

**ڕووداو: داخستنی سنوورەکانی تورکیا بۆ ئێوە چاوەڕوانکراو بوو؟**

**دڵشاد شەهاب:** سوپاسی تورکیا دەکەین کە گەلی کوردستانی لەسەر پرۆسەیەکی دیموکراسی سزا نەداوە. ئێمە پێمانوایە حکومەت و دەسەڵاتدارەکان دەتوانن دژبن و دواتر پەیوەندییان ئاسایی ببێتەوە، بەڵام ناکۆکیی نێوان گەلان، ئاسەواری خراپی دەبێ. ئێمە دراوسێی یەکدین و پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ تورکیا لە بازرگانی تێپەڕیوە، بۆیە تورکیا کارێکی باشی کرد کە ئەو پەیوەندییانەی تێکنەدا.

> سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی لەگەڵ بچووککردنەوەی حکومەتن

> هیچ لایەنێک ناتوانێت لە هەڵبژاردن زۆرینە بهێنێ

> پرۆژەکەی گۆڕان بنەمای باشی تێدایە

> کەس مافی هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆمی نییە بەغداش ئەوە دەزانێ

> جگە لە بواری تەکنیکی دەبێ زەمینەسازیی سیاسیش بۆ هەڵبژاردن بکرێت

> حکومەتی ئێستا کاتییە و ئەرکی دیاریکراوە

> نەبوونی یەکدەنگی کورد ئاوی کردووەتە ئاشی بەغدا

> دەیان راپۆرتی بەغدا هەیە مەدحی فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی دەکات

> گەڕاندنەوەی بودجە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوێکی باشە

> سوپاسی تورکیا دەکەین کە گەلی کوردستانی لەسەر پرۆسەیەکی دیموکراسی سزا نەداوە

کوردستانی
رووداو
ژمارە ( 483 ) - دووشەممە 2017/11/27



## 10 هەزار ئەندامی هەدەپە لە زیندانن

**رووداو- سێرت**

عوسمان بایدەمیر، گوتەبێژ و پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) رایدەگەیێنێ، لە زیندانەکاندا 10 هەزار هەدەپەیی هەن. رووی دەمیشی دەکاتە ئاکپارتی و دەپرسێت "ئەی ئاکەپە چیتان چارەسەرکردووە؟ رۆژی شەممە 2017/11/25 لەکاتی بەشداریکردنی لە کۆنگرەی پارتەکەی لە سێرت، عوسمان بایدەمیر، گوتەبێژ و پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان HDP گوتارێکی پێشکەشکرد و جەختی لەسەر نادادپەروەری و زەوتکردنی ماف کردەوە. بایدەمیر کە بەشێکی گوتارەکەی بە زمانی کوردی پێشکەشکرد، باسی لەوە کرد کە لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا ناحەقییەکی زۆر کراوە و ئاماژەی بە بوونی 10 هەزار هەدەپەیی لە زیندانەکاندا کرد.

## ببینە حەشدی شەعبی چ کارەساتێکی خوڵقاندووە



پەیامنێری رووداو لەبەردەم بارەگا تاڵانکراوەکەی یەکگرتووی ئیسلامی لە خورماتوو



لە بازاڕی هەڵۆێست 180 دووکان تاڵان کراون



تورکمانەکانی خورماتوو 3000 خانووی هاووڵاتییانی کوردیان داگیر کردووە

# رووداو کارەساتی خورماتوو بۆ جیهان دۆکیۆمێنت دەکات

**هونەر ئەحمەد**
**رووداو- خورماتوو**

"بیت ترکمانی، لبیک یا زینب"، "ترکمان شیعی، لبیک یا زهرا" لەسەر زۆربەی خانووە سەلامەتەکانی خورماتوو دەیان دروشمی لەو جۆرە دەبینی کە بە رەنگی شین نووسراون. هەندێک لەو خانووانە هی تورکمانەکانن و لە ترسی تاڵان و سووتاندنیان لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی، ئەو دروشمانەیان لەسەر نووسراوە، هەندێکیشیان لە بنەڕەتدا خانووی هاووڵاتیانی کوردن، بەڵام لەلایەن تورکمانەکانەوە، بە تایبەتی تورکمانی شیعە داگیرکراون.

بەپێی زانیارییەکان لەدوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەست بەسەر 3000 خانووی هاووڵاتیانی کورد لە خورماتوو گیراوە، هەروەها ماڵی 2000 هاووڵاتیی کورد لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی تاڵانکراون، 400 ماڵیش سووتێنراون و زیاتر لە 50 خانووش تەقێنراونەتەوە. بە گوتەی دانیشتووانی شارەکە، ئەوەی لە خورماتوو روویداوە، بە هەموو پێوەرێک جینۆسایدە.

دوای تێپەڕبوونی 40 رۆژ بەسەر رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق پەلاماری کەرکووک و دووزخورماتوویان دا، پەیامنێری (رووداو) توانی بە نهێنی بچێتە نێو شاری خورماتوو و دیمەنی زۆربەی ئەو کاولکاریانە بگرێ کە هێزە عێراقییەکان و بە تایبەتی حەشدی شیعی تورکمانی لە شارۆچکەکە ئەنجامیان داوە.

دەچمە سەر یەکێک لەو خانووانەی کە لەلایەن حەشدی شەعبیەوە تەقێنراوەتەوە، ئەویش ماڵی راید قاسم، جێگری پێشووی پارێزگاری تکریتە. ماڵەکەی سەرەتا تاڵانکرابوو، پاشان سووتێندرابوو، دواتر تەقێندرابووەوە. ئەمە تەنیا حاڵی ماڵی رائید قاسم نییە، حاڵی سەتان ماڵی خورماتووە کە سەرەتا تاڵانکراون، پاشان سووتێندراون، یان تەقێندراونەتەوە، چونکە خانووەکان چۆڵن.

ئەو خانووانەی کە تەقێنراونەتەوە ماڵی ئەو کەسانەن کە پێشمەرگەی خۆبەخش بوون، یان هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە.

ئەو کەسەی کە لەنێو خورماتوو رێنیشاندەرم بوو، کوردێکی شارەکەیە و شارەزای تەواوی قەزاکەیە، ناهێڵێ بە بازگەکانی حەشدا تێپەڕین. کاتێک لێمپرسی بۆچی خەڵکی شارەکە ناگەڕێنەوە، گوتی: "ئەوان (حەشدی شەعبی) داوا دەکەن خەڵک بگەڕێتەوە، بەڵام خەڵکەکە ناوێرن، ئەوێ رۆژێ تەقینەوەیەک بوو لە گەڕەکێکی سوننەنشین، کورد دەترسێ بە دەردی عەرەبی سوننە بچێ". کاتێک بەتەنیشت خانووە رووخاوەکاندا دەڕۆیشتین، چاوساغەکەمان گوتی "دوێنێ شەو خانووی دوو کوردیان تەقاندەوە".

حەشدی شەعبی بە یەک چاو سەری کورد و سوننەی شارەکە دەکات، لە دیدی ئەواندا کورد و سوننە لە داعش خراپترن، چونکە لە هەندێک شوێن رێگە بە گەڕانەوەی خێزانی چەکدارانی داعش دراوە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ رێگە لە گەڕانەوەی کورد بۆ خورماتوو دەگیرێ.

گەڕەکەکانی کۆماری و جەمیلە کە دوو گەڕەکی کوردین، بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی حەشدی شەعبیدان. قایمقامیەتی شارەکەش هێزێکی زۆری تێدا جێگیر کراوە. وێنەی شەهید حەمەدووزی و شەهیدەکانی دیکەی شەڕی دژی داعش لەنێو شارەکەدا سووتێنراون، لە چەندین شەقامی سەرەکی و لاوەکیش وێنەی پاشماوەی ئۆتۆمبێلی سووتێنراوی هاووڵاتیان دەبینرێ".

زۆربەی بارەگای حیزبە کوردییەکان لە خورماتوو کراونەتە ئامانج و هیچ حیزبێک نەگەڕاوەتەوە شارەکە.

لەسەر بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی بە بۆیەی قاوەیی کە رەنگی پەرچەمی حیزبەکەیانە، نووسراوە "کلا کلا للخونە، نعم نعم للعراق الموحد" واتە "نەخێر نەخێر بۆ خیانەت، بەڵێ بەڵێ بۆ عێراقی یەکگرتوو". دەرگا سپی و قاوەییەکەی بارەگا داخراوە، بەڵام سەرجەم کەلوپەلەکانی ناوی کە رادیۆ و تەلەفزیۆنیشی تێدابوو، سووتێندراون. ئەوە حاڵی زۆربەی بارەگا حیزبییەکانە. بارەگای کۆمەڵ و پارتیش، پۆلیسی فیدراڵی تێدایە.

هاتوومەتە جێگایەک کە حەشدی شەعبی رێگە نادات هیچ دەزگایەکی راگەیاندن پێی بگات و وێنەی بگرێت، بەڵام ئێمە بەرێگای نهێنی هاتووین تاوەکو تاوانەکانی چەکدارانی حەشدی شەعبی بۆ جیهان دۆکیۆمێنت بکەین.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان نزیکەی 500 دوکان سووتێنراون، بەشێکی زۆریشیان پێش سووتاندنیان تاڵانکراون. بازاڕە چۆڵ و تاڵانکراوەکان پێش 16ی ئۆکتۆبەر جێگای پەیداکردنی بژێوی ژیانی خەڵکی خورماتوو بوون. هەندێک لەخاوەن ئەم دوکانانە ماڵیشیان سووتێندراوە یان تەقێنراوەتەوە. واتا هەم سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، هەم شوێنی مانەوەیان لەدەستداوە.

بازاڕی هەڵۆێست کە دەکەوێتە گەڕەکی جمهوری، یەکێکە لەو بازاڕانەی دەستی تاڵانی گەیشتووەتێ، نزیکەی 180 دووکان لە بازارەکە تاڵانکراون، بەشێک لە دووکانەکانیش دوای تاڵانکردنیان سووتێنراون.

ئەو کوردانەی ئاوارە بوون، لە ترسی حەشدی شەعبی ناوێرن بگەڕێنەوە شارەکەیان، چەکدارانی حەشد و پۆلیسیش رێگە نادەن هیچ کەسێک ماڵی خۆی لە شارەکە دەربکات.



### هونەر ئەحمەد چۆن گەیشتە ناو خورماتوو؟

**رووداو: چەند سەعات لە نێو خورماتوو مانەوە؟**
**هونەر ئەحمەد:** نزیکەی سێ سەعات.
**رووداو: حەشدی شەعبیتان بینی؟**
**هونەر ئەحمەد:** بینیمان بەڵام نەمانتوانی نە قسەیان لەگەڵ بکەین و نە وێنەشیان بگرین.
**رووداو: شارەکە ئاوەدان بوو؟**
**هونەر ئەحمەد:** نەخێر زۆر چۆڵ بوو، سوننە و کورد ئاوارە بوون، زۆرتر تورکمانی شیعەی لێیە.
**رووداو: ئەی ناو شارەکە زۆر وێران بووە؟**
**هونەر ئەحمەد:** زۆربەی گەڕەکە کوردییەکان وێران بوون، خانووەکان لە دەرەوە هیچیان پێوە دیار نییە، بەڵام لە ناوەوە تاڵانکراون.
**رووداو: رەوشی خزمەتگوزاری چۆنە؟**
**هونەر ئەحمەد:** تەقریبەن حکومەتی لێ نییە.
**رووداو: مامەڵەی حەشد لەگەڵ خەڵکەکە چۆن بوو؟**
**هونەر ئەحمەد:** خەڵکەکە دەیانگوت زۆر لێیان دڵنیا نین. هەروەها دەیانگوت ترسمان لەو گرووپە هەیە کە ئێستا لە دەوروبەری خورماتوو پەیدابوون.
**رووداو: ئێوە چۆن و لە رێگەی کێ چوونە نێو خورماتوو؟**
**هونەر ئەحمەد:** لە رێگەی شوفێرێک کە خەڵکی شارەکە بوو.
**رووداو: لە بازگەی خورماتوو رایاننەگرتن؟**
**هونەر ئەحمەد:** نەخێر، ئێمە بە رێگەی هاتوچۆی بارهەڵگرەکاندا داخڵی خورماتوو بووین.
**رووداو: ئەی بازگەکانی نێو خورماتوو؟**
**هونەر ئەحمەد،** شوفێرەکە زۆر شارەزا بوو، دەیزانی حەشد لە کوێ بازگەی هەیە، خۆی لە بازگەکان لادەدا.

# ئەمریکا پشت لە یەپەگە دەکات؟

**رووداو- هەولێر**

رۆژی هەینی و دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، دەنگۆی راگرتنی ناردنی چەک بۆ هێزە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان لە میدیاکانی تورکیاوە بڵاوبووەوە. چەند کاژێرێک دواتر ئیدارەی ئەمریکی لە بەیاننامەیەکدا هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە بێ ئەوەی وردەکاریی هەنگاوەکە بخاتەڕوو.

رۆژی هەینی رابردوو، مەولود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند "بەڕێز ترەمپ بەڕوون و ئاشکرا گوتی رێنمایی روونی داوەتە سوپای ئەمریکا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کە چەک نەدرێتە یەپەگە و ئەم کارە بێمانایە دەبووایە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر راگیرابا". دیار نییە ئاخۆ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ترەمپ بە هەمان دەربڕین قسەی کردووە یان نا.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، راگەیەندراوەکەی حکومەتی تورکیا سەرەتا تیمی ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی تووشی سەرسوڕمان کرد، نەیاندەزانی چی لەبارەوە بڵێن. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ئامادە نەبوو هیچی لەسەر بڵێ و داوایان کرد بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پەیوەندی بە کۆشکی سپییەوە بکرێت. چەند کاژێرێک بەسەر پەیوەندییەکەی ترەمپ و ئەردۆغاندا تێپەڕی، بەبێ ئەوەی کۆشکی سپی ئەو هەواڵە پشتڕاست بکاتەوە.

دواجار لە ئێوارەی هەینی (بەکاتی ئەمریکا)، کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا راگرتنی ناردنی راستەوخۆی چەکی بۆ "هاوبەش"ەکانی ئەمریکا لە سووریا پشتڕاستکردەوە، بێ ئەوەی لە راگەیەندراوەکەدا هیچ وردەکارییەک بخرێتەڕوو.



برێت مەککگۆرک، نوێنەری ئەمریکا لە هاوپەیمانی دژی داعش لەگەڵ ژمارەیەک شەڕڤانی یەپەگە

لە بەشێک لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپیدا هاتووە: "هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی پێشوومان، سەرۆک ترەمپ سەرۆک ئەردۆغانی لە کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە هاوکارییە سەربازییەکانمان لە سووریا ئاگادار کردەوە، بە تایبەتیش ئێستا کە شەڕی رەققە تەواو بووە و بەرەو قۆناغی گەڕاندنەوەی سەقامگیری هەنگاو دەنێین بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە لەوەی داعش ناتوانێت بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە".

بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی ئەمریکا بە (رۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاندووە "ئەمریکا خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی هاوکاریکردنی راستەوخۆی هێزە کوردییەکانی سووریا رابگرێ" کە لە ساڵی 2014 و لە کاتی هێرشەکانی کۆبانییەوە دەستیانپێکرد و تاوەکو ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە بەردەوام بوو.

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکی بە (جورناڵ)ی ئەمریکییان گوتووە: "هیچ رێنماییەکی نوێیان سەبارەت بە پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان بەدەست نەگەیشتووە"، بەڵام جەختیان لەوەش کردووەتەوە کە "هیچ پلانێکی دەمودەستیش لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی چەکی نوێ بۆ ئەو هێزانە بنێرین".

هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی یەپەگە هەر لەو کاتەوە خاڵێکی سەرەکیی گرژییە دیپلۆماسییەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرە بوو. نیگەرانییەکانی تورکیا ئەمریکای ناچار کرد هاوکارییە سەربازییەکانی خۆی بۆ یەپەگە سنووردار بکات و لەبری ئەمە هاوکاریی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بکات کە بە دەستپێشخەریی یەپەگە دامەزراون و رۆڵی رێکخراوی چەتر دەگێڕن.

### ئەمریکا لە سووریا چی دەکات؟

بەر لە دەستپێکردنی شەڕی رزگارکردنی رەققە، پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو کە پلانی داهاتووی ئیدارەی ئەمریکا بۆ قۆناغی دوای داعش لە سووریا چی دەبێت؟ پێشتر ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای ئەمریکا جەختیان لەوە کردبووەوە کە ئامانجی سەرەکیی واشنتن تێکشکاندنی داعشە، نەک بەشداری لە قەیرانی سووریادا. بەڵام ژمارەیەک بەرپرسی باڵای کۆشکی سپی ئاشکرایان کردووە، ئەمریکا پلانی نوێی هەیە بۆ بەشداری وڵاتەکەی لە قەیرانی سووریادا.

بەپێی راپۆرتێکی (واشنتن پۆست)، ئیدارەی کۆشکی سپی هیواخوازە بتوانێت هێزەکانی خۆی لە باکووری سووریا وەکوو کارتێکی گوشار بەکاربهێنێ، تاوەکو حکومەتی سووریا ناچار بکات لە کۆبوونەوەکانی جنێڤ هەندێک خاڵ لە ئۆپۆزیسیۆنی سووری قەبووڵ بکات. هێزەکانی ئەمریکا بۆ پشتگیریی (هەسەدە) لە باکووری سووریا جێگیرکراون و بڕیاریشە کۆبوونەوەکانی جنێڤ لە کۆتایی ئەم مانگە بەڕێوەبچن.

کشانەوەی لەناکاوی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سووریا دوو ئەگەر دەهێنێتە ئاراوە کە یەکەمیان بریتییە لەوەی دەستی دیمەشق واڵا دەکات بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەش کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئێران. ژمارەیەک بەرپرسی باڵای ئەمریکی لە لێدوانەکانیاندا بۆ (واشنتن پۆست) ئاشکرایان کردووە کە ئەمریکا دەیەوێت رێگە لەمە بگرێت و بە نیازە هێزەکانی خۆی لەو ناوچەیە بهێڵێتەوە و دەسەڵاتێکی خۆجێیی لەو ناوچەیە دابمەزرێنێت.

ئەگەری دووەمیان پەیوەندی بە سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە تازە رزگارکراوەکانی سووریا هەیە. بەرپرسێکی ئەمریکی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی گوت: "شەڕی داعش تەواو نەبووە". واتە قۆناغێکی نوێ لەدوای رزگارکردنی ناوچەکان دەستپێدەکات. لێدوانی جەیمز ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، ئەم بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە کاتێک گوتی "ئێستا بەنیاز نین (لە قەیرانی سووریا) دەربچین"، چونکە "دەمانەوێت دڵنیا بینەوە لەوەی هەلومەرجەکانی رێگەچارەی دیپلۆماتیک دروستبوون، نەک ئەوەی بەشە سەربازییەکەی پلانەکە تەواو بکەین و دواتر هیوای سەرکەوتن بۆ هێزە سوورییەکان بخوازین و جێیانبهێڵین".

> ئەمریکا پلانی مانەوەی درێژخایەنی لە سووریا هەیە
>
> بەرپرسانی ئەمریکی

# عەرەبی هاوردە دەگەڕێنەوە کەرکووک

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی کورد لە پارێزگای کەرکووک نیگەرانن لەوەی کێشەی بەعەرەبکردن دوای مانگێک لە گەڕانەوەی سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ ئەو شارە، گەڕاوەتەوە چوارگۆشەی یەکەم. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ "ئەگەر پەرلەمانتارانی کورد بەپەلە خەمی ئەو پرسە نەخۆن، هەموو ریسەکەی ماددەی 140 دەبێتەوە خوری".

مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک کە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئاوارەی هەولێر بووە، چەندساڵێک گرێبەستە کشتوکاڵییەکان پڕکار و سەرقاڵیان کردبوو. ئەو گرێبەستانەی دەبوو لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ماددەی 140دا هەڵبوەشێنەوە و زەوییەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان، بەڵام ئەو دەڵێت: "ئەو عەرەبانەی کە گرێبەستمان هەڵوەشاندنەوە لەبەر ئەوەی زەویی خەڵکیان داگیرکردبوو، ئێستا دووبارە دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ سەر زەوییەکان و لە خاوەنە ڕەسەنەکانیان وەرگرتوونەتەوە و دایانچاندوون. بەتایبەت لە دوبز و داقوق و یایچی".

ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی پەلاماری کەرکووک و خورماتوو و چەند ناوچەیەکی دیکەیان دا و داگیریان کردن، ئەوە هاوکات دەستگرتنیش بوو بەسەر هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەپیتدا کە ساڵانێکی کەم بوو لە عەرەبە هاوردەکان وەرگیرابوونەوە و ڕادەستی خاوەنە ڕاستەقینەکانیان کرابوون. مانگێک دوای هێرشەکە، بارانی پایز و کاتی چاندن دەستیپێکرد. مەهدی موبارەک دەڵێت: "ئەمساڵ لەنێو بەشێک لە زەوییەکاندا دیسانەوە عەرەبی هاوردە دانەوێڵەیان چاندووە و کوردەکانیان دەرکردووە، ئێستا ئەوان بوونەتەوە خاوەن ماڵ و کار بە گرێبەستە کۆنەکانی خۆیان دەکەن و بەغداش کارئاسانییان بۆ دەکات".

لەگەڵ کوڕ و کچەکانی لەنێو کێڵگەکەیدا سەرقاڵی ڕنینی تەماتە و خەیاری ڕەنجی ئەو ساڵەی بوو لەسەر زەوییەک کە ساڵانێکی درێژ بەدەست عەرەبی هاوردەوە بوو. عەبدولوەهاب حەسەن ئێجگار دڵخۆش بوو " تاوەکو پێشمەرگە لەم ناوچەیە بێ و کەرکووک بەدەست کوردەوە بێ، ئیتر ئەو ڕۆژە نابینین عەرەب بێت و زەوییەکەم داگیر بکات و منیش لە دوورەوە سەیریان بکەم"، بەڵام مانگێک دوای ئەو قسانەی عەبدولوەهاب بۆ (ڕووداو)، هەموو ئەوە ڕوویدا کە ئەو جووتیارە کوردە لێی دەترسا. ئێستا ئەو ناسەقامگیر و پەرێشانە، چاوەڕێ دەکات دیسانەوە عەرەبەکان بێنەوە و لەسەر زەوییەکەی دەریپەڕێنن.

لە دوای ئەو ڕووداوانەوە، کورد هیچ دەسەڵاتێکی ئیداری و سەربازی لە کەرکووک و خورماتوو نەماوە. حکومەتی بەغدا پارێزگارێکی عەرەبی بە وەکالەت بۆ شارەکە داناوە. بەڕێوەبەری زۆربەی فەرمانگەکانیش بەدەست کوردەوە نەماون. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک دەڵێ ئێستا بە چڕی ئەو عەرەبانە هاتوچۆی بەغدا دەکەن بۆ ئەوەی گرێبەستە هەڵوەشاوەکانیان ڕەتبکرێتەوە و سەرلەنوێ گرێبەست بکرێتەوە بەناویانەوە، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و بەڕێوەبەرێتییەکانی کشتوکاڵی دوبز و کەرکووک و داقوق و یایچی و ئەو ناوچانە ڕۆژانە دێن و دەچن و خەریکی مامەڵەن "ئەوە لەکاتێکدایە ئەو گرێبەستانە بەپێی بڕیاری ژمارە 4ی ماددەی 140 لە ساڵی 2007 هەڵوشاونەتەوە و زەوییەکان گەڕێنراونەتەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام ئەوان داوا لە کشتوکاڵی ئەو شوێنانە دەکەن دان بەو بڕیارانەدا نەنرێ و مامەڵە لەگەڵ ئەوان بکرێ، تەنانەت لە هەندێ جێگا گوشاری زۆر دەخەنە سەر کشتوکاڵ".

> مەزندە دەکرێ عەرەبی هاوردە دەستیان بەسەر 300 هەزار دۆنم زەویدا گرتبێتەوە
>
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک


لێژنەکانی ماددەی 140 نزیکەی یەک ملیۆن و 200 هەزار دۆنم زەوییان لە عەرەبی هاوردە وەرگرتووەتەوە

لێژنەکانی ماددەی 140 بە درێژایی شەش ساڵ لە کەرکووک کاریان کرد، دەیان ملیۆن دۆلاریان وەک قەرەبوو دا بەو عەرەبانەی کاتی خۆی سەدام حوسێن لە چوارچێوی پرۆسەی تەعریب هێنابوونی بۆ شارەکە و بە سەتان هەزار دۆنم زەوی جووتیارانی کورد و تورکمانی شارەکەیان بەناو کرابوو.

بەپێی ئاماری کشتوکاڵی کەرکووک، تاوەکو 16ی ئۆکتۆبەر زیاتر لە یەک ملیۆن و 200 هەزا دۆنم زەوی کشتوکاڵی گەڕێنرابوونەوە بۆ خاوەنەکانیان کە زۆربەیان کورد و بەشێکیشیان تورکمان بوون، بەڵام 10%ی دۆسیەکان هێشتا بەچارەسەرنەکراوی مابوونەوە.

مەجید مەحموود، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ئاگاداری گەڕانەوەی بە لێشاوی عەرەبە هاوردەکانە و دەڵێ "لە دوبز حاڵەتی بە عەرەبکردنەکە زۆر زۆرە، ئێمە چاودێری دەکەین و دەزانین لەوێ زۆر بە چڕی عەرەبەکان گەڕاونەتەوە. سوودیان لەو دۆخە بینیوە کە ئێستا هەیە. لە وەزارەتی کشتوکاڵی بەغدا بڕیاری زۆر دەردەچن بە دڵی عەرەبە هاوردەکان. مەزندە دەکرێ 300 هەزار دۆنم زەوی دیسانەوە کەوتبێتەوە دەستی عەرەبی هاوردە".

لە ساڵی 1975ەوە تاوەکو ئەوکاتەی خۆری دەسەڵاتدارێتی بەعسییەکان ئاوابوو، بەسێ قۆناغ پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەکە بەڕێوەچوو. لە قۆناغی یەکەمدا 300 هەزار دۆنم، لە قۆناغی دووەمدا 91 هەزار دۆنم، لە دوایین قۆناغیشدا سەتان جووتیاری کورد لەسەر 900 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەرکران، بەو شێوەیە خاوەنی ڕاستەقینەی 55%ی زەوییەکانی کەرکووک بوونە ئەو عەرەبانەی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنرابوونە شارەکە.

حەسەن بارام، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە خورماتوو نیگەرانە لەو دۆخەی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هاتووەتە ئاراوە و نایشارێتەوە بەشێک لەو عەرەبانەی کەرکووک و خورماتوویان جێهێشت، دەستیانکردووە بە گەڕانەوە "هەوڵ دەدەن گرێبەستەکان هەڵبوەشێننەوە و کورد لەسەر زەوییەکانیان دەربکەن. ئێستا زەمینە بۆ دژە کوردەکان خۆشبووە و هەوڵ دەدەن لە هەموو شوێنەکان کورد لە زەوییەکانیان دووربخەنەوە". ئەو داوا لە پەرلەمانتارانی کورد ە بەغدا دەکات بەپەلە مشووری ئەو پرسە بخۆن.

## بڕیارە مەترسیدارەکەی وەزارەتی ناوخۆ

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕەخنە لە پارێزگارە بەوەکالەتەکەی کەرکووک دەگرێ و دەڵێت: "دەیەوێ نووسینی کوردی لەسەر نووسراوەکانی پارێزگای کەرکووک لابدات کە بەپێی دەستووری عێراق زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە". جوان حەسەن عارف هەروەها دەڵێ: "هەوڵدەدرێ بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ بکرێ کە دەڵێ هەر کەسێک سێ ساڵ لە پارێزگایەک ژیا، دەتوانێ ناسنامەی باری شارستانی بگوازێتەوە ئەو شارە و لەوێ بژی، ئێمە پێشتر ئەو بڕیارە و زۆر بڕیاری دیکەمان ڕاگرتبوو".

# دادگایەکی نادەستووری بڕیار لەسەر دەستوور دەدات

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو دادگایەی کە ئێستا بڕیار لەسەر کێشەکانی پەیوەست بە دەستووری عێراق دەدات، دەبوو بەپێی مادده 92ی ئەو دەستوورە دروست بکرێ، نەوەک پێش پەسەندکردنی دەستوور بکەوێ.

ڕۆژی 2005/2/24 ئەیاد عەلاوی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق بە پشتبەستن بە یاسای ئیدارەی کاتیی دەوڵەت کە لە سەردەمی پۆڵ بریمەر حاکمی مەدەنیی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی حکومەوە پەسەند کرابوو، یاسای ژمارە 30ی دەرکرد، یاساکە تایبەت بوو بە دامەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵی کە چوار ئەرکی هەبوو، یەکێکیان یەکلاکردنەوە و چاوخشاندنەوە بوو بە ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتە فیدراڵییەکان و پارێزگاکان.

لە کۆتایی هەمان ساڵ و لە 2005/12/15 نزیکەی 80%ی عێراقییەکان دەنگیان بە دەستووری هەمیشەیی دا. لە مادده 92ی ئەو دەستوورەدا باسی دامەزراندنی دادگایەکی باڵای فیدراڵی لە کۆمەڵێک یاساناس و شەرعزان کراوە، بەڵام دوای 12 ساڵ تاوەکو ئێستا ئەو دادگایە بەپێی دەستوور پێکنەهاتووە و دادگاکەی دیکە ڕۆڵی ئەو دەبینێ.

زانا ڕووستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو دادگای فیدراڵییە ئەو دادگایە نییە کە لە دەستووری عێراقدا ئاماژەی بۆ کراوە. کێشەکە ئەوەیە ئەو دادگایە بە بڕیاری دەسەڵاتی کاتی دروستبووە و هێزی یاسایی نییە، بەڵام هەمان ئەرکی دادگای باڵای فیدراڵی هەیە کە لە دەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە. ئێستا ئەو دادگا کۆنە ڕاڤە بۆ دەقی دەستووری دەکات".

## ئەرکەکانی دادگای فیدراڵی

بەپێی مادده 93ی دەستوور، دادگای فیدراڵی هەشت ئەرکی هەیە: بڕیاردان لە پرسە دەستوورییەکان و شەرعیبوونی یاساکان. یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان. پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی گشتی. چاودێری بەسەر دەستووریبوونی یاساکان. یەکلاکردنەوەی تانەی سەر بڕیارەکانی دادگای ئیداری.

> پرسیارم لە بێلایەنیی ئەو دادگایە هەیە
>
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

دادگای ئێستای فیدراڵی لە سەرۆک و هەشت ئەندام پێکدێت کە بەسەر پێکهاتەکاندا دابەشکراون (چوار عەرەب، سێ کورد، یەک تورکمان و یەک کریستیان)، زانا ڕوستایی باسی پرۆژە یاسای دروستکردنی ئەو دادگایە دەکات کە بەهۆی ناکۆکیی شیعە و کورد یاساکە لە پەرلەمانی عێراق پەسەند نەکراوە و دەڵێ: "بەپێی پرۆژەیە یاساکە ژمارەی ئەندامانی دادگاکە 11 دادوەرە، ئێمە داوامان کردووە 3 دادوەر کورد بن، ئەگەر ژمارەکەش ببێتەوە 9 ئێمە داوای 2 دادوەرمان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەسەر کۆی پرۆژە یاساکە نەگەیشتووینەتە ئەنجام".

## کورد دەیەوێ ڤیتۆی هەبێت

بەپێی مادەی پێنج لە یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2005 ی دادگای فیدراڵیی عێراق، بڕیارەکان بە زۆرینەی سادە دەردەچن، واتە هەر بڕیارێک بە دەنگی 5 ئەندام دەدرێت، ئەمەش وا دەکات کورد لەو دادگایە کەمینە بێت.

زانا ڕووستایی لەبارەی دروستکردنی دادگای فیدراڵی بەپێی دەستوور، باسی پێشنیازەکانی کورد دەکات و دەڵێ: "ئێمە داوامان کردووە بڕیارەکانی دادگاکە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەربچن. ئەو بڕیار و داوایانەشی پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە و هەستیارن، دەبێ بە کۆدەنگی بێت، واتە ئەگەر یەک دادوەری کورد ڕازی نەبێت بڕیارەکە نەدرێت، بەڵام شیعەکان ئەمەیان بە ڤیتۆ دانا و ڕازی نەبوون، بۆیە یاساکە ڕێککەوتنی لەسەر نەکرا و نەخرایە دەنگدانەوە".

سکاڵای گشتپرسی لەسەر سێ کورد تۆمار کراوە

دادگای فیدراڵیی عێراق ڕۆژی 2017/11/20 لەبارەی حەوت پرسی دەستووری کۆبووەوە. چوار لەوان سکاڵا بوون دژی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی باشووری کوردستان کە نزیکەی 93% ی بەشداربووان بە "بەڵێ" دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە عێراق دا. هەر چوار داواکەش لەسەر مەسعود بارزانین بە سیفەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. داوای یەکەم لە ڕۆژی 2017/9/10 لەلایەن ئەمینداری گشتی پارتی وەفای نیشتمانی عێراق لەسەر سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکووکە. داوای دووەم لە ڕۆژی 2017/9/12 لەلایەن هەردوو پەرلەمانتار حەسەن تۆران و ئەرشەد ساڵحی، لەسەر سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و پارێزگاری کەرکووکە. داوای سێیەم لەلایەن پەرلەمانتاران محەممەد سەیهود، عەبدولسەلام متایکی و عەمار ئەلشبلی لە ڕۆژی 2017/9/12 هەر لەسەر بارزانی تۆمار کراوە.

> ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی پێ دروستکراوە هێزی یاسایی نییە
>
> پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ

داوای چوارەمیش لە لایەن ژنە پەرلەمانتار حەنان فەتلاوی لە ڕۆژی 2017/9/13 دیسان لەسەر بارزانی تۆمارکراوە.

حاکم شێخ لەتیف، پسپۆڕی یاسای دەستووری لەبارەی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی بە (ڕووداو)ی گوت: "دەستووری عێراق لە پێنج ماددەدا باسی ڕاپرسی دەکات، جیا لەوە لە ماددەی پێنجی دەستووردا هاتووە، گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و لە هەموو دەسەڵاتەکان باڵاترە، ماددەی یەک باسی دیموکراتی دەکات، دیموکراتی دوو جۆری هەیە، دیموکراتی ڕاستەوخۆ کە گەل خۆی ڕاستەوخۆ بەشداری لە شتەکان دەکات، دیموکراتی نیابی کە نوێنەر هەڵدەبژێرێ، دیموکراتیەتی ڕاستەقینەش دیموکراتیەتی گەلە، واتە گەل یان بەشێک لە گەل کە بڕیارێک دەدات بەهیچ شێوەیەک دژ نییە لەگەڵ ماددەکانی 1 و5 و 126و 131و 140 و 144ی دەستوور، بەڵام بڕیاری جیابوونەوە پێچەوانەی دەستوورە و تاوانیشە، چونکە لە دەستووردا هەم جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق کراوەتەوە، هەم لە یاسای سزاداندا هەر کەسێک عێراق هەڵوەشێنێتەوە سزای بۆ داناوە کە لە هەندێک حاڵەتدا دەگاتە لەسێدارەدان".

## دادگای فیدراڵی بەرامبەر 55 مادده بێدەنگ بووە

هەرێمی کوردستان، پێش گشتپرسی پاکێجێکی لەسەر پێشێلکارییەکانی دەستووری عێراق بردە بەغدا. بەپێی پاکێجەکە 55 ماددەی دەستوور لەلایەن بەغداوە پێشێلکراون و جێبەجێ نەکراون، بەڵام پرۆسە سەربازییەکانی سوپا و حەشدی شەعبی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە کە ئاوارەبوونی هەزاران خێزانی کورد و شەهید و بریندابوونی پێشمەرگە و هاووڵاتیانی لێکەوتەوە، پێشێلکارییە دەستوورییەکانی بەغدای زیاتر کرد.

دوای بڕیارەکەی هەفتەی ڕابردووی دادگای فیدراڵی لەبارەی گشتپرسی، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "دەستوور بۆ ئێمە یەک پاکێجە و لە ماددەی یەکەمەوە تا کۆتایی دەبێت هەمووی بەیەکەوە جێبەجێ بکرێت، ناکرێت تەنیا ئەو ماددانە جێبەجێ بکەن کە خۆیان دەیانەوێت".

بەڵام هەموو کورد لەسەر هەڵوێستی نێگەتیڤ لەو دادگایە هاوڕا نین.

ئەمین بەکر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ماوەی ڕابردوودا هیچ لایەنێک نەیگوتووە ئەم دادگایە شەرعیەتی نییە و کار بەبڕیارەکانی ناکرێت، بێجگە لەوەی کە چەندین بڕیاری دادگای ناوبراو هەیە لە بەرژەوەندیی هەرێم تەواو بووە، یان چوونەتە بەردەمی ئەو دادگایە و ڕازی بوون پێی، بۆیە ئێستا قسەکردن لەسەر ئەوەی ئەو دادگایە شەرعیەتی نییە، قسەیەکی لۆژیکی نییە، بەتایبەتی کە بڕیارەکانی ئەو دادگایە لە ساڵانی ڕابردوودا کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەبووە و هەموو لایەنەکانیش ڕازیبوون پێی".

> لە پێنج ماددەی دەستوور باسی گشتپرسی کراوە
>
> پسپۆڕێکی یاسای دەستووری

ئەمین بەکر کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە، سەرەڕای ئەوەش دەڵێ "خۆم پرسیارم لەسەر بێلایەنیی ئەو دادگایە هەیە".



ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 483 ) - دووشەممە 2017/11/27



## بەغدا تەنیا یەک ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ هەولێر ناردووە

**ڕووداو- هەولێر**

نافیز مستەفا، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و سامانە سرووشتییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا بەغدا تەنیا یەک ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ هەولێر ناردووە. ئەویش لە ناوچە شاخاوییەکان دابەشکراوە. نافیز مستەفا ئاماژەی بەوەدا ئەگەر هەر خێزانێکی پارێزگاکە تەنیا یەک بەرمیل نەوتی بدرێتێ، ئەوە پێویستیان بە 100 ملیۆن لیتر نەوتە، 65 ملیۆن لیتر بۆ ناو شاری هەولێر و 35 ملیۆن لیتریش بۆ قەزا و ناحیەکان دەبێت. گوتیشی "بەغدا وەک قۆناخی یەکەم، 10 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ هەولێر داناوە، بەڵام پێشبینی زیادکردنی دەکەین".

### لە گەنمەشامی دروست دەکرێ

# لە کوردستان ئالیکی سەوز بەرهەم دێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان کارگەیەکی خۆماڵی لە قەد و گەڵا و تۆوی گەنمەشامی، ئالیکی سیلاج کە بە ئالیکی سەوز ناسراوە، بەشێوەیەکی پێشکەوتوو بەرهەم دێنێ و دەتوانرێت وەک جێگرەوەی ئالیکی وشک بدرێتە ئاژەڵ.

سیلاج (Silage) یان سایلج کە بە ئالیکی سەوز دەناسرێت، رێگەیەکە بۆ پاراستنی رووەکی سەوز بە دوورخستنەوەی لە هەوا و تیشکی خۆر، تاوەکو لەو رێگەیەوە ترشاندن لە پێکهاتەی نێو رووەکەکە رووبدات و بەکتریا زیانبەخشەکان لەنێو بچن.

ئەم جۆرە ئالیکە دەتوانرێت لە قەد و گەڵا و تۆوی چەندین سەوزە و گیای وەک وێنجە و گەنمەشامی دروست بکرێ، بەڵام پەسەندترینیان گەنمەشامییە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگیی تایبەت بە بەرهەمهێنانی دەدرێت، وەک ئالیکی تەندروست و جێگرەوە بۆ ئالیکی وشک سەیر دەکرێت.

ئالیکی سیلاج بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە، چونکە لە پێکهاتەکەیدا چەندین ڤیتامین و وزەو پرۆتین هەن و زۆر نزیکە لە ئالیکی تازەی سەوز ، تایبەتمەندییەکەی لەوەدایە نرخی هەرزانە و ئاژەڵیش حەزی لێیەتی و دەتوانێ بەئاسانی هەرسی بکات و بەخێرایی سوود لە پێکهاتەکانی وەربگرێت.

شێخە محەممەدئەمین، سەرپەرشتیاری کارگەی ئالیکی سیلاج، سەبارەت بە بیرۆکەی دروستکردنی ئەم جۆرە ئالیکە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت زۆربەی پرۆژەکانی مانگای شیر بەهۆی گرانیی نرخی ئالیکەوە وەک پێویست قازانج ناکەن، بیرمان لە هێنانی کارگەیەکی ئالیکی سیلاج کردەوە کە نرخی ئالیکەکەی هەرزان دەوەستێ، خاوەن پرۆژەکان دەتوانن وەک جێگرەوەی ئالیکی وشک سوودی لێ ببینن".

شێخە محەممەدئەمین کە سەرپەرشتی پرۆژەیەکی مانگای شیریش دەکات، دەڵێت: "ساڵی رابردوو وەک تاقیکردنەوە بەرهەمی کارگەکەمان تەنیا بۆ خۆمان بەکارهێنا، سوودی زۆری هەبوو، بۆیە ئەمساڵ بیرمان لەوە کردەوە ئالیکەکە بە پرۆژەکانی دیکەی مانگای شیر بفرۆشین".

دروستکردنی ئالیکی سیلاج لە چەند قۆناغێک پێکدێ، سەرەتا پێویستە کێڵگەیەک هەبێت بۆ چاندنی گەنمەشامی. لە تەمەنی 85 بۆ 90 ڕۆژی تۆوی گەنمەشامییەکە دەگاتە قۆناغی شیری، بە ئامێری تایبەت قەد و گەڵا و تۆوەکەی بەیەکەوە دەدروێتەوە، دواتر دەگوازرێتەوە کارگە و دەهاڕدرێ، پاشان لە کیسی ناوپۆشی نایلۆن دەکرێ، پێش داخستنی کیسەکە هەواکەی ناوی بە ئامێری تایبەت دەردەکێشرێ. لە دوایین قۆناغدا بەرهەمەکە لە کۆگای دوور لە تیشکی خۆر هەڵدەگیرێ و تاوەکو ساڵێکیش بەرگەی مانەوە دەگرێ.

کارگەکەی شێخە هەموو ئەم کارانە دەکات، لە دۆنمێک گەنمەشامی چێنراویش 5 تاوەکو 6 تۆن ئالیک بەرهەم دێنێ و بەرهەمەکەش لە کیسی 45 کیلۆیی دەکات، تاوەکو ئێستا 60 تۆن ئالیکی بەرهەمهێناوە، بەشی زۆری بەرهەمەکەشی فرۆشتووە، بۆیە بەرهەمهێنانی 120 تۆنی دیکەشیان لەپلاندایە.

شێخە محەممەدئەمین دەڵێت: "لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو پرۆژەکانی بەخێوکردنی مانگا لەجیاتی ئالیکی وشک، ئالیکی سیلاج بەکاردەهێنن بەرهەمی شیری مانگاکانیشیان زۆر باشە، بۆیە ئەگەر خاوەن پرۆژەکانی کوردستان ئەم ئالیکە بەکاربهێنن کە نرخی تۆنێکی تەنیا 215 هەزار دینارە، نزیکەی نیوەی تێچووی ئالیکیان وەک داهات بۆ دەگەڕێتەوە چونکە ئێستا تۆنێک ئالیکی وشکە بە 450 هەزار دینارە".

شێخە دەیەوێ سوودێکیشی بۆ جووتیاران هەبێ. ئەو دەڵێت ئەگەر ئالیکەکەمان خواستی لەسەر بوو، ئەوە ساڵی داهاتوو گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەک جووتیار دەکەین و ڕۆژانە 40- 50 تۆن ئالیک بەرهەمدێنین.

ئەم جۆرە ئالیکە پێشتر بەشێوەی کلاسیک لە عێراق دروستکراوە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو بە ئامێری تایبەت دروست بکرێ.

د.سالم عومەر، شارەزا لە بواری خۆراکی ئاژەڵی لە بەشی سامانی ئاژەڵی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین کە توێژینەوەی لەسەر بەهای خۆراکی و سوودی ئالیکی سیلاج بۆ مانگای شیردەر کردووە، دەڵێت: "بۆ توێژینەوەکە سێ کۆمەڵە مانگامان جیاکردەوە کە سەر بە یەک خێزان و یەک جۆر بوون، کۆمەڵەی یەکەم ئالیکی وشکمان پێدان، کۆمەڵەی دووەم ڕۆژانە 10 کیلۆ سیلاجمان پێدان، کۆمەڵەی سێیەم 15 کیلۆ سیلاجمان پێدا، دواتر بۆمان دەرکەوت کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ دووەم لە رووی بەرهەمی شیرەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەم، ڕێژەی شیرەکەیان 45 % زیادی کردبوو".

ئالیکی سیلاج لە زۆر رووەک دروست دەکرێ، بەڵام دکتۆر سالم دەڵێت: "گەنمەشامی باشترین رووەکە بۆ دروستکردنی سیلاج، چونکە لق و گەڵا و ئەو بەشەی کە تۆوەکەی داپۆشیوە دەبێتە سەرچاوەیەکی پرۆتینی، دەنکەکەی دەبێتە سەرچاوەی وزە، لەپێکهاتەی هەردووکیشیاندا چەندین ڤیتامین و ماددەی خۆراکی دیکە هەیە کە سوودی زۆریان بۆ ئاژەڵ هەیە".

دکتۆر سالم عومەر گوتی: "لە هەر پرۆژەیەکی بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگادا 75 تاوەکو 80 %ی داهاتەکەی بۆ خەرجیی ئالیک دەڕوات، بۆیە ئەگەر بەخێوکەر زیرەک بێت، دەتوانێ بەسوودوەرگرتن لە ئالیکی سیلاج و بڕێکی کەم لە ئالیکی وشک، خۆراکێکی هاوسەنگ لە پرۆتین و وزە بە نرخێکی گونجاو بدات بەئاژەڵەکەی، زۆرترین بەرهەمیشی لێی دەستبکەوێ".

دوایین سەرژمێری کە بۆ ئاژەڵەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2015 کراوە، بەپێی سەرژمێرییەکە 4.596.944 ئاژەڵ (3.112.876 مەڕ، 1.223.949 بزن، 256.999 مانگا و، 3.120 گامێش) هەن کە ساڵانە بۆ دابینکردنی ئالیک بۆیان، بە ملیۆنان دۆلار دەچێتە دەرەوە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت: "ئالیکی سیلاج بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە و یەکێکە لە ئالیکە سوودبەخشەکان، بۆیە لەسەر ئاستی جیهان بەشێوەیەکی فراوان جووتیار و خاوەن پرۆژەکان بۆ بەرهەمهێنانی شیر و قەڵەوکردنی ئاژەڵی بچووک و گەورە بەکاری دێنن".

ڕەمەزان محەممەد گوتیشی: "سوودی بەرهەمهێنانی ئەم ئالیکە لە کوردستان ئەوەیە کە دەتوانرێ پشت بە کێڵگەی نێوخۆیی ببەسترێ، بۆیە لەلایەک دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هاوردەی ئالیک کە ساڵانە بەسەتان ملیۆن دۆلار بۆ ئالیک دەچێتە دەرەوە، لەلایەکی دیکەش دەبێتە هۆی ساخبوونەوەی بەرهەمی گەنمەشامی جووتیاران کە بەهۆی وەرنەگرتنی لە سایلۆ گرفتی ساخکردنەوەی بەرهەمیان هەیە".



نرخی ئالیکی سەوز نیوەی نرخی ئالیکی وشکە

**شارەزایەکی کشتوکاڵی:**

بەرهەمی شیری ئالیکی سەوز، 45 % زیاترە لە شیری ئالیکی وشک

### لە نۆ ساڵی ڕابردوودا

# دوو ملیۆن دار زەیتوون لە کوردستان چێندراون

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان دەڵێت، لەڕووی ژێرخانەوە هەرێمی کوردستان قۆناغێکی باشی لە چاندنی درەختی زەیتوون بڕیوە، لە نۆ ساڵی رابردوودا زیاتر لە دوو ملیۆن داری زەیتوون چێنراون، دوو کارگەش بۆ گوشینی زەیتی زەیتوون دامەزراون.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئێستا زیاتر لە دوو ملیۆن داری زەیتوون لە هەرێمی کوردستان هەن، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی رووپێویەک کە حکومەتی عێراق لە ساڵی 2008 بۆ ژمارەی داری زەیتوون لە کوردستان کردبووی 169 هەزار و 400 داری زەیتوون لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام زۆربەیان وەکو پەرژین چێنرابوون و کەمتر بە مەبەستی بازرگانی بوون.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی ڕەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "لە چوارچێوەی پڕۆژەی پەرەپێدانی زەیتوون، لەنێوان ساڵانی 2008 تاوەکو 2012 نزیکەی دوو ملیار و 23 ملیۆن دینارمان بۆ پاڵپشتی چاندنی 384 هەزار و 650 داری زەیتوون لە سێ پارێزگاکەی کوردستان و ناوچەی گەرمیان خەرجکردووە، 800 باخی نموونەیی پێنج دۆنمی و 10 دۆنمی بۆ 800 جووتیار دروستکراون".

نەمامی ئەو زەیتوونانەی وەزارەتی کشتوکاڵ داویەتی بەو 800 جووتیارە، ژمارەیان یەک ملیۆن و 750 هەزار دار زەیتوون بووە کە لە سووریا، تورکیا، ئیتاڵیا و ئیسپانیاوە هاوردەکرابوون. حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "لە چوارچێوەی هەڵمەتی چاندنی 5 ملیۆن نەمامیش، زیاتر لە 858 هەزار نەمامی زەیتوونمان بەخۆڕایی بەسەر جووتیاران و خەڵک و قوتابخانە و فەرمانگەکاندا دابەشکردووە، بۆیە مەزەندە دەکەین زیاتر لە دوو ملیۆن داری زەیتوون لە کوردستان هەبێت".

زەیتوون درەختێکی هەمیشە سەوزە، بەرگرییەکی باشی بۆ کەمئاوی، نەخۆشی، بەرزی و نزمیی پلەی گەرما هەیە، دەتوانێ بەرگەی پلەی گەرمیی بەرزی تاوەکو 50 پلەی سەدی و پلەی ساردی تاوەکو 7 پلەی ژێر سفر بگرێ.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "دوای باخە نموونەییەکان، جووتیارێکی زۆر ڕوویان لە چاندنی زەیتوون کردووە، جووتیاران پێشتر گرفتی ساخکردنەوەی بەرهەمیان هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە کارگەیەکی زەیتی زەیتوون لە هەولێر دامەزرا، ئێمەش توانیمان لەڕێگەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی ئیتاڵیا کارگەیەکی دەرهێنانی زەیتی زەیتوون لە هەولێر دابمەزرێنین، ئێستا کارگەکە پێشوازی لە بەرهەمی جووتیاران دەکات و بەکواڵیتییەکی زۆر بەرزیش زەیتی زەیتوون بەرهەم دێنێ".

دوای ڕێککەوتنەکە، حکومەتی ئیتاڵیا 789 هەزار یۆرۆی بۆ پڕۆژەکە تەرخان کرد. بەچاودێریی پەیمانگەی CIHAM ی نێودەوڵەتیش جگە لە خولی مەشق و ڕاهێنان بە ئەندازیار و جووتیاران لە بواری هەڵپاچین و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی زەیتوون و چاندنی، لە هەولێر کارگەیەک بۆ گوشینی زەیتوون و دەرکردنی زەیت دامەزرا و کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیش لە جووتیاران بۆ سەرپەرشتی کارگەکە پێکهێنرا.

نیعمەت مەولود، سەرۆکی کۆمەڵەی هەرەوەزی زەیتوون کە سەرپەرشتی کارگەکە دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم کارگەیە موڵکی هەموو ئەو جووتیارانەیە کە خاوەنی باخی زەیتوونن، بۆیە بەبێ جیاوازی پێشوازی لە هەر جووتیارێک دەکەین کە ڕوو لە کارگەکەمان بکات".

کارگەکە بۆ هاڕینی تۆنێک زەیتوون، 75 هەزار دینار لە جووتیاران وەردەگرێ. ئەو پێشبینی دەکات لە کۆتاییدا 20 تۆن زەیتی زەیتوون بخەنە بازاڕەوە. ئەو پاشماوەیەی لەدوای هاڕین و لێدەرکردنی زەیت دەمێنێتەوە، دەتوانرێ لەزۆر بواری دیکەدا سوودی لێ وەربگیرێ، وەک دروستکردنی سابوون، کەرەستەی جوانکاری، هەروەها دەنکەکەشی دەکرێتە ئالیکی ئاژەڵ، بەڵام کارگەکەی هەولێر ئێستا هیچ سوودێک لەو پاشماوانە نابینێت. نیعمەت مەولود دەڵێت "بیرمان لە دامەزراندنی کارگەیەکی دروستکردنی سابوون کردووەتەوە، بەڵام باری دارایی ڕێگرە. سەرمایەدارێک بەنیازبوو کارگەیەک دابمەزرێنێ و پاشماوەکەمان لێبکڕێت، بەڵام ئەویش بەهۆی قەیرانی داراییەوە پەشیمان بووەوە".

نیعمەت ئاماژەی بەوەدا بۆ دانەبەزینی کواڵیتی زەیتەکە ئەوان یەکجار زەیتوونەکە دەهاڕن و زەیتی لێدەردەکەن، بەڵام لە تورکیا و سووریا چەند جارێک پاشماوەی زیت دەهاڕدرێ، بۆیە دەڵێت "ئەو زەیتەی لە بازاڕەکان بە نرخێکی هەرزان هەیە، زەیتی پلە سێ و چوارە".

باخە پێنج دۆنمییەکەی حاجی مەناف فارس کە لە سنووری گوندی مۆرتکەی سەر بە ناحیەی قوشتەپەیە، یەکێکە لە 800 باخە نموونەییەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ.

باخەکەی حاجی مەناف دوو ساڵە بەرهەم دەدات، ساڵی رابردوو 240 کیلۆی زەیتوونی هاڕیبوو، 17 کیلۆ زەیتی دەستکەوتبوو، ئەمساڵیش لە گوشینی 700 کیلۆ زەیتوون نزیکەی 71 کیلۆ زەیتی دەستکەوتووە. حاجی مەناف فارس گوتی: "ئەمساڵ دەبووایە بەرهەمم لە سەرووی دوو تۆن بووایە، بەڵام بیری ئاوی باخەکەم لە هاوین تێکچوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەری دارەکان هەبوو".

حاجی مەناف دڵخۆشە بە دامەزراندنی کارگەکە، بەڵام گلەیی لێیان هەیە و دەڵێت: "سەرەتا گوتیان بۆ هاڕینی هەر تۆنێک زەیتوون 25 هەزار دینار وەردەگرن، بەڵام ئێستا 75 هەزار وەردەگرن. ئەم نرخە بە بەراورد بە نرخی هاڕین لە کارگە ئەهلییەکە کەمە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی کیلۆیەک زەیت تەنیا 12 تاوەکو 15 هەزار دینار بۆ ئێمە دەکات، بۆیە ئەگەر خەرجیی کارەبا و پەیین و ماندووبوونی خۆمانی بخەینە سەر، زەرەرمانە".


هەر تۆنێک زەیتوونی کوردستان 11 %ی دەبێتە زەیت

### ژمارەی دار زەیتوونەکانی کوردستان

| پارێزگا | داری زەیتوون |
|---|---|
| هەولێر | 424.044 |
| سلێمانی | 528.425 |
| دهۆک | 698.908 |
| گەرمیان | 328.800 |
| کۆی گشتی | 1.980.177 |



بیلال سەعید

# گۆڕینی ئاشتی هەورامی چارەسەرە؟

هێزە سیاسییەکانی کوردستان دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، لە جاران زیاتر گفتوگۆ لەبارەی ئایندەی سیاسی و پێکەوە بەڕێوەبردنی کوردستان دەکەن، ئەوەی لە پەیامی هێزە سیاسییەکان و هەروەها لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەکان دەخوێنرێتەوە، چەند پێشنیازێکن بۆ جارێکی دیکە پێکەوە کارکردن و بەڕێوەبردنی کوردستان، لەوانە:

1. دروستکردنی حکومەتێکی کاتی.
2. گۆڕینی چەند وەزیرێکی حکومەت.
3. ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە نزیکترین دەرفەتدا.

بەشێک لە خواستەکانی دروستکردنی حکومەتی کاتی و تەنانەت قسەکردن سەبارەت بە گۆڕینی چەند وەزیرێکی کابینەی هەشتەمی حکومەت، لە خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆرینەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و بەشێک لە یەکێتی بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە، جگە لە پارتی کە خۆی بە خاوەنی سیاسەتی نەوتی کوردستان دەزانێت.

هەریەک لەو هێزانە نایشارنەوە کە دۆسیەی نەوتی کوردستان، خاڵی ئیجابی و پۆزەتیڤی تێدایە، بەڵام شەفافیەت لە دۆسیەی نەوتی کوردستان زۆر لاوازە یان نییە! هەست دەکەن بۆ بەرژەوەندیی هێزێکی دیاریکراو لە کوردستان بەکاردێت.

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کە مێژووی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دامەزراندنی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2005، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا تەنیا یەک کەسایەتی ئیدارەی کردووە کە ئەویش د.ئاشتی هەورامییە. ئێستا وا زیاتر لە مانگێکە لە دەرەوەی وڵاتە و نەگەڕاوەتەوە و هۆکاری نەگەڕانەوەکەشی ئاشکرا نەکراوە، هەربۆیە نیمچە کەمپینێک بۆ گەڕانەوەی ڕێکخراوە و تەنانەت هەندێک لەو هێزانە هەڕەشەی پەنابردنە بەر پۆلیسی ئینتەرپۆل دەکەن.

دەستنیشانکردنەوەی یەک لەدوای یەکی ئاشتی هەورامی وەک وەزیری سامانە سروشتییەکان لە کابینەکانی دواتردا بە پێداگیری و سووربوونی پارتی بووە لە کاتی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت، بەڵام هەر جارێک کە هەڵبژێردراوەتەوە، لە پەرلەمان متمانەی زۆرینەی پەرلەمانتارانی وەرگرتووە.

## حکومەتی کاتی

هەوڵەکان بۆ دروستکردنی حکومەتی کاتی کە زۆرتر داواکاریی گۆڕان و کۆمەڵە بەپلەی یەک و یەکگرتووە بە پلەی دوو، ئەوەندەی بۆ خۆسەلماندنی ئەم هێزانەیە لەبەردەم لایەنگر و دەنگدەرانیان، ئەوەندە کاریگەریی لەسەر گۆڕینی عەقڵیەتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کوردستان نابێ.

گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبردنی نەوت کە یەکێک لە خواستەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و هەریەک لە کۆمەڵ و یەکگرتوو و تەنانەت بەشێک لە یەکێتییە، ئایا دروستکردنی حکومەتی کاتی چ دەرهاویشتەیەکی ئیجابی لەسەر ئەم کەرتە دەبێ؟

ڕاستە دۆسیەی نەوتی کوردستان ناتەواویی زۆری تێدایە، بەتایبەت مەسەلەی دامەزراندنی سندوقی داهاتی نەوتی کوردستان کە یەکێک بووە لە شانازییەکانی ئەم خولەی پەرلەمان، بەڵام سندووقەکە تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە. کۆمپانیا تایبەتمەندەکان دانەمەزراون کە لەیاسای نەوت و گازدا ئاماژەیان بۆ کراوە. شەففافیەت لە پرۆسەی نەوتی کوردستاندا نییە و چەندین خاڵی دیکە، بەڵام بەهیچ جۆرێک لە چوارچێوەی حکومەتێکی کاتیدا کە ماوەی دەسەڵاتی لە چەند مانگێک تێپەڕ نابێت، ناتوانرێت شێوازی بەڕێوەبردنی نەوتی کوردستان بگۆڕدرێ، جگە لەوەی تەنیا گۆڕینی وەزیری سامانە سروشتییەکانی بەدوادا دێت کە دەنگدان بۆ کەسایەتییەکی دیکە بۆ شوێنەکەی کارێکی قورس و ئەستەم دەبێت و کەس نایەوێت بڕواتە ژێر باری کارێکی قورسی لەو شێوەیە کە دۆسیەیەکی زۆر ئاڵۆز و پڕ تەنگوچەڵەمەیە.

## گۆڕینی چەند وەزیرێک

ڕایەکی دیکە کە لای بەشێک لە هێزە بەشدارەکانی حکومەت هەیە، گۆڕینی چەند وەزیرێکی حکومەتە، هەرچەندە تا ئێستا ئەم بژارەیە کەمتر لایەنگرانی بەئاشکرا داکۆکی لێدەکەن، بەڵام هەر هەوڵێکی لەو شێوەیە بدرێت، بەدڵنیاییەوە وەزیری سامانە سروشتییەکان یەکێک لەو وەزیرانە دەبێ کە گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێک لە یەکێتی داوای گۆڕینی دەکەن. بەڵام ئەم هەوڵە ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر بدات، ئەوەندەی دوورخستنەوەی دەبێت لەوەی کە نەزانرێت چی گوزەراوە، هەروەها دوورخستنەوەی لە سزا و لێپرسینەوە، ئەوەندە بۆ چاککردنی پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان نییە کە من بۆ خۆم ئەم بژارەیە بە خراپترینیان دەزانم، لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی ئەوتۆی لێ سەوز نابێت.

## ئەنجامدانی هەڵبژاردن

بەهۆی ئەوەی کە ماوەی پەرلەمان و حکومەت درێژکرایەوە، بۆیە وادەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێویست بە موزایەدەی سیاسی ناکات، بەڵام خواستێک هەیە کە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان پەلەی لێ بکرێت، من بۆخۆم زیاتر داکۆکی لەم بیرۆکەیە دەکەم بەتایبەتی لە مەلەفی نەوت، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک.

1. بۆ هاووڵاتیانی کوردستان ڕوونتر دەبێتەوە کە حیزبەکانی کوردستان پلانی بەڕێوەبردنی نەوت و بەکارهێنانی لە خزمەتی گشتی چۆنە. هەروەها چۆنیەتی چاککردنەوەی هەڵە و کەموکورتییەکان

> وەزیری سامانە سروشتییەکان یەکێک لەو وەزیرانە دەبێ کە گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێک لە یەکێتی داوای گۆڕینی دەکەن

چۆن دەبێت

2. پارتی لە قۆناغی ڕابردوو ئاڵاهەڵگری هاوبەشکردنی هاووڵاتیان لە داهات و بەگەڕخستنی ئابووریی سەربەخۆ بوو لەکەرتی نەوت، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوو لەو بەڵێنانە، پێویستە یان دان بەهەڵەی خۆیدا بنێت، یان پلانێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی وزە ڕابگەیەنێ.

3. لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەدڵنیاییەوە یەکێک لە کارتەکانی بەردەستی تەواوی هێزە سیاسیەکان بەکارهێنانی کارتی وزەیە، هەر حیزبێک توانی بیسەلمێنێ کە پارتی لە بەڕێوەبردنی ئەو مەلەفە فەشەلی هێناوە، باشترین کەرەستەی کۆکردنەوەی دەنگی بەدەستهێناوە.

4. لە قۆناغی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، دەرفەتێکی زیاتر بۆ تەواوی هێزەکانی کوردستان دەڕەخسێت کە هەریەک لەوان ئەگەر خواستی وەرگرتنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەبێت، باشتر و چاکتر کاندید بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وەزارەتە گرنگە دابنێت.

بۆیە هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی حکومەتی کاتی کە پێویستی بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران هەبێت بەتایبەت بۆ دیاریکردنی وەزیرێکی تایبەتمەند لە کەرتی نەوت، جگە لەوەی کارێکی ئەستەمە، خواستی تەواوی هێزە سیاسییەکان لەسەری زۆر کەم دەبێت. بەهەمانشێوەش گۆڕینی چەند وەزیرێک لە کابینەی هەشتەم کە تێیدا بەدڵنیاییەوە سامانە سروشتییەکان یەکێک دەبێت، جگە لەوەی چارەسەری برینی پرۆسەی نەوت ناکات، دەبێتە بارگرانییەکی دیکەی دارایی بۆ حکومەت، بەڵام بەخێراکردن لە هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکرێت ڕوئیای هێزەکان بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی کوردستان و دەرکەوتنی دەموچاوی نوێ و بەهێزتر بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی کوردستان باشتر دەربکەوێت.

**ڕۆژنامەنووسی ئابووری**

# بن سەلمان، سعودیە ناچار دەکات تاجی پاشایەتیی نەوت بداتە ڕووسیا

**ڕووداو- هەولێر**

لە نیو سەدەی ڕابردوودا سعودیە بڕیاردەر و قسەکەری سەرەکیی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) بووە. سعودیە، وەکوو گەورەترین هەناردەکاری ڕێکخراوەکە، جووڵێنەری سەرەکیی بازاڕەکانی نەوتیش بوو. زۆر جاریش بڕیارێکی سعودیە بۆ کەمکردنەوە یان زۆرکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی ڕێکخراوەکە بە ملیۆنان دۆلار قازانجی بۆ وڵاتانی ئەندام پێوەبووە، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا سعودیە ئەو پێگەیەی بۆ وڵاتێکی دیکە چۆڵ کردووە کە ئەندامی ڕێکخراوەکەش نییە.

ماوەی ساڵێک بەسەر ڕێککەوتنە مێژووییەکەی ئۆپێک و ژمارەیەک وڵاتی دەرەوەی ئۆپێکدا تێدەپەڕێت کە تایبەت بوو بە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەپێناوی بەرزکردنەوەی نرخەکەی، لەو ماوەیەدا وەکو لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئاژانسی (بلومبێرگ)دا دەردەکەوێت، ئەوەی کاریگەری لەسەر ئۆپێک و بازاڕەکانی وزە داناوە، ڕووسیایە نەک سعودیە.

ئۆپێک پاشایەکی نوێ و دەرەکی لێ پەیدا بووە کە ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیایە. وەکوو یەکێک لە بەرپرسانی باڵای ئۆپێک بە مەرجی بڵاونەکردنەوەی ناوی بە (بلومبێرگ)ی گوتووە: "پوتین ئامانج و بڕیارەکان (بۆ ئۆپێک) دیاری دەکات" و بووە بە کاریگەرترین کەسایەتی لەسەر ئۆپێک.

بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو 30ی تشرینی دووەم، ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دەرەوەی ئۆپێک کۆببنەوە. لە ئێستاشەوە چاوەڕێ دەکرێت درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکەی پارساڵ بۆ شەش مانگی دیکە، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بێت. ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا بە ئاژانسی هەواڵی ڕووسیا (TASS) ی ڕاگەیاند "ئێمە ئامادەین ئەو پرسە باس بکەین و پێشموایە دەتوانین لە کۆبوونەوەکەی ڤیەننا لە 30ی ئەم مانگە باسی بکەین".

لە کانوونی یەکەمی 2016 دا ئۆپێک و 13 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک (کە دواتر بۆ 10 وڵات کەمبووەوە) بڕیاریان دا پێکەوە 1.8 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت کەم بکەنەوە. ئەو ڕێککەوتنە لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ ماوەکەی تەواو دەبوو، بۆیەش ئۆپێک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بڕیاریان دا ڕێککەوتنەکە تاوەکو ئاداری 2018 درێژ بکەنەوە.



ئێستا سعودیە دەسەڵاتی جارانی نەماوە و ڕووسیا پادشای ئۆپێکە

لە ماوەی نیو دەیەی ڕابردوودا سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی نفوز و باڵادەستیی ئەمریکای لە جیهاندا داوە، ئەو هەوڵانە تەنیا لە سیاسەت و هێزی سەربازی و ئەتۆمیدا چڕنەبوونەتەوە، بەڵکو بازاڕەکانی وزە مەیدانێکی نوێی ململانێی واشنتن و مۆسکۆن. هێلیما کرۆفت، شرۆڤەکاری پێشووی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (سی ئای ئەی)، بە ئاژانسە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە کە "پوتین سیزاری نەوت و غازی جیهانە".

کۆبوونەوەکەی ڕۆژی 30ی مانگ، مەیدانێکی دیکەی نمایشی دەسەڵاتی پوتینە. بەشداربووانی ڕێککەوتنەکەی پارساڵ نزیکەی 60%ی کۆی نەوتی جیهان بەرهەمدێنن. لەو کۆبوونەوەیەدا هەر بڕیارێک لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە بدرێت، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕەکان و ئابووریی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەبێت. مانگی پێشوو شا سەلمان، پاشای سعودیە، سەردانی ڕووسیای کرد و لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا کۆبووەوە. ئەو کات پوتین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕێککەوتنەکە دەکرێت تاوەکو کۆتایی ساڵی داهاتووش درێژ بکرێتەوە.

> ئێستا پوتین ئامانج و بڕیارەکان بۆ ئۆپێک دیاری دەکات
>
> بەرپرسێکی باڵای ئۆپێک

بەڵام وەکو بەرپرسێکی ئاگاداری کەرتی وزە ئاماژەی بۆ کردووە، هاوپەیمانێتی ڕیاز و مۆسکۆ هێندەش بێ کێشە نییە. سعودیە کە گەورەترین هەناردەکاری نەوتی جیهانە، دوو گازندەی سەرەکیی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە وڵاتانی بەشداربوو لە ڕێککەوتنەکە وەکوو پێویست پابەند نین و زۆرجار ڕیاز دەبێت قەرەبووی کەمتەرخەمیی ئەوان بکاتەوە، گازندەکەی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕووسیا بە دوورەپەرێزییەوە باسی درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەکات و زۆربەی جارانیش لێدوانی لێکدژ لەوبارەیەوە دەدەن.

وەکوو لە ڕاپۆرتە هەفتانەکەی (بلومبێرگ)دا دەردەکەوێت، ڕووسیاش هۆکاری خۆی هەیە بۆ ئەوەی ئاماژەی پێچەوانە و لێکدژ بۆ بازاڕەکانی نەوت بنێرێت. لەسەر ئاستی نێوخۆیی، ڕووسیا دەیەوێت کاردانەوەکانی هەردوو کۆمپانیای ڕۆسنێفت و لوکئۆیل هێورتر بکاتەوە، ئەو دوو کۆمپانیایە لە سەرەتاشەوە دژی بەشداریی بەرچاوی ڕووسیا لە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بوون.

زیاتر لە دوو ساڵ بوو نرخی نەوت لە خوار 60 دۆلار یاریی دەکرد. ئێستا کە نرخی نەوتی برێنت گەیشتووەتە نزیکەی 63 دۆلار، کۆمپانیاکانی نەوتی ڕووسیا، بە تایبەتیش ڕۆسنێفت، تەماعی ئەوەیان لێ نیشتووە، کە بۆڕییەکان بەربدەنەوە. ئێریک لیرۆن، جێگری یەکەمی سەرۆکی ڕۆسنێفت، پێیوایە "سێ سیناریۆ لە ئارادان، یەکەمیان ئەوەیە ڕێککەوتنەکە لە کۆتایی ئەمساڵ هەڵبوەشێنرێتەوە، دووەمیان ئەوەیە ڕێککەوتنە لە دوایین ڕۆژی ئاداری 2018 کۆتایی پێبێت و سێیەم سیناریۆش ئەوەیە ڕێککەوتنە بە درێژایی ساڵی 2018 بەردەوام بێت".

هۆکاری دووەمیان پەیوەندیی بە بازاڕەکانی نەوتی جیهانەوە هەیە، کریملین دەیەوێت بازاڕەکانی نەوت لە جۆرێک لە دڵەڕاوکێدا بهێڵێتەوە تاوەکو نرخەکانی نەوت بەجۆرێک زیاد نەکەن کە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بیقۆزنەوە. لە ئێستاوە چاوەڕێ دەکرێت ئەمریکا لە ساڵی داهاتوودا ئاستی بەرهەمی نەوتەکەی بگاتە 10 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

خالد فەلاح، وەزیری وزەی سعودیە، ڕایگەیاندووە وڵاتەکەی حەز دەکات لە کۆبوونەوەکەی ئەم هەفتەیەدا درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە تاوەکو کۆتایی 2018 ڕابگەیەنێت، بەڵام ڕووسەکان پێیان باشترە ئەو بڕیارە بۆ کۆبوونەوەیەک لە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو بهێڵرێتەوە. ئەو کات هەڵبژاردنەکانی ڕووسیاش بەڕێوەچوون و وەکوو چاوەڕێ دەکرێت پوتین توانیویەتی شەش ساڵی دیکە دەسەڵاتی خۆی لەسەر ڕووسیا مسۆگەر بکات.

ئێدوارد چۆ، لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و ستراتیژی، بۆچوونێکی دیکەی هەیە و پێیوایە ڕووسیا و سعودیە بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ڕێککەوتنەکە و درێژکردنەوەیدا هەیە. بە بۆچوونی چۆ "سعودییەکان پێویستییان بە هاوبەشێکی گەورەیە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە کاریگەری لەسەر بازاڕەکان دابنێن". ڕووسەکانیش بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بە ڕۆڵی جیۆپۆلیتیکی و ئابووریی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدەن "دەبێ لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەگەڵ وڵاتانی ئۆپێک هەڵبکەن"، بۆیەش هەر بڕیارێک لە کۆبوونەوەکەی ئەم هەفتەیەدا بدرێت "ئەنجامی سازشی ڕیاز و مۆسکۆیە".

نەوت یەکێک لەو دەگمەن بوارانەیە کە سعودییەکان ئامادەن لەگەڵ ڕووسەکان سازشی لەسەر بکەن. لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەم خاڵ هەیە ڕووسیا و سعودیە لەسەر کۆک بن، بەو پێیەی ڕووسیا هاوپەیمانی سەرەکی ئێرانە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، هاوکاری کردن لەگەڵ ڕووسەکان لە بواری کۆنتڕۆڵکردنی نرخەکانی نەوتدا کارێکی ئاسان نییە. بەڵام جێبەجێکردنی پلانەکەی محەممەد بن سەلمان، وەلیعەهدی سعودیە، بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی سەربەخۆ لە نەوت، لە کورتخایەندا پێویستی بە نرخێکی بەرزی نەوت هەیە. ئەم پلانە و قایمکردنی شوێن پێی بن سەلمان لە ئالی سعود، شانشینی ناچار کردووە بۆ ماوەیەکیش بێت تاجی پاشایەتیی نەوت لەسەر سەری پوتین دابنێن.

## فیلمەکەی ئاوات گەیشتە مەغریب

**هیوا سەلاح/ ڕووداو- هەولێر**

تا هەیت بێ دەنگ بە، نوێترین فیلمی دەرهێنەری کورد ئاوات عوسمانە، کە تاوەکو ئێستا لە 30 فێستیڤاڵ بەشداری کردووە، بڕیاریشە بەشداری لە دوو فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی دیکە بکات. ئاوات عوسمان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمی هەتا هەیت بێ دەنگ بە، بەردەوامە لە نمایشکردنی لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان، بڕیارە لە ڕۆژی 28ی نۆڤەمبەری ئەمساڵ، بەشداری لە فێستیڤاڵی tangier نێودەوڵەتی لە مەغریب دەکات و لە بەشی پێشبڕکێی، سەرەکی کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵات دەکات". ئاوات دەشڵێت "هەمان فیلم بەشداری لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی exile لە سوید کرد کە لە ڕۆژی 15 ئەم مانگە دەستی پێکرد تاوەکو 23ی هەمان مانگ بەردەوام بوو".



### ئیدس کۆربێر، دەرهێنەر و ئەکتەری ئەڵمانی بۆ (ڕووداو):

# کوردم لە ڕێگەی شانۆوە ناسی



ڕووداو- ئەڵمانیا

خانمە دەرهێنەر و ئەکتەری ناوداری شانۆی ئەڵمانی ئیدس کۆربێر، نوێترین کاری شانۆیی لەگەڵ خانمە ئەکتەری کورد فرمێسک مستەفا پێشکەش دەکات. لەم شانۆگەرییەدا دەرهێنەر باس لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، هەموو چیرۆکی شانۆگەرییەکە لەنێو گەرماوی ژناندا ڕوودەدات، باس لە کێشەکانی ژنبوون لە ڕۆژهەڵات دەکات. (ڕووداو) لەبارەی شانۆگەرییەکە چەند پرسیارێک لە ئیدس کۆربێر، دەرهێنەر و ئەکتەری ئەڵمانی دەکات.

**ڕووداو: بۆچی چیرۆکی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە مژاری شانۆگەرییەکی تۆ؟**

**ئیدس:** هەموو دوو ساڵ جارێک فێستیڤاڵی کولتووری گەلان لە ئەڵمانیا لە شاری شتوتگارت بەڕێوەدەچێت. لەوێ چەند شانۆگەرییەک نمایش دەکرێن کە تێیدا ئازار و کێشەکانی ژنان نیشاندەدرێن. لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر سەفەر دەکەم بۆ هەموو وڵاتان، زۆر لێکۆڵینەوە لەبارەی ژیان و کولتووری گەلان دەکەم، ئەمانە هەموویان بوونە ئیلهامی شانۆگەرییەک لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ڕووداو: نووسەری دەقی شانۆگەرییەکە کێیە؟**

ئیدس: نووسەری ئەم شانۆگەرییە خانمێکی جەزائیرییە بەناوی ڕێحان کە لە پاریس دادەنیشێ. من لە پاریس ڕێحانم بینی. پێمگوت دەمەوێت ئەم دەقە بخەمە سەر تەختی شانۆ. ئەویش ڕازی بوو. دوای ساڵێک وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانی و خۆشبەختانە شانۆگەرییەکەمان پێشکەش کرد و بووە مایەی ڕەزامەندیی هەموو هۆگرانی شانۆ لە ئەڵمانیا.

**ڕووداو: بڕیار نییە ئەم شانۆگەرییە لە هەرێمی کوردستان نمایش بکرێ؟**

ئیدس: زۆر حەز دەکەم لە کوردستانیش نمایشی بکەم، هەروەها بە گرنگی دەزانم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نیشان بدرێ. ئێستا ئەم شانۆگەرییە کراوەتە فیلم و ڕێحان لە چەند فێستیڤاڵێکی عەرەبی بەشداریی پێ کردووە، لە میسریش لە فێستیڤاڵی فیلمی شەرەم ئەلشێخ خەڵاتی باشترین دەقی وەرگرت و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، ئێستا فیلمەکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی.

**ڕووداو: ئەم شانۆگەرییە باس لە خراپیی ئاینی ئیسلام و توندوتیژیی گرووپەکان دەکات، تاوەکو ئێستا لەسەر ئەو شانۆگەرییە بەرەوڕووی هەڕەشەی گرووپە توندڕەوەکان نەبوویتەوە؟**

**ئیدس:** بێگومان من هەر لەسەرەتاوە ئامادەباشیم وەرگرتووە. بەهەموو ستافی شانۆگەرییەکەشم گوتووە کە ئاگاداری خۆیان بن. هەڵبەتە ئامانجی من ئەوە نەبووە تانە لە ئاینی ئیسلام بدەم، بەڵکو بەگشتی من باسی ئاینەکانم کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو فۆکوسی شانۆگەرییەکە لەسەر ژنانە کە چۆن ئاگاداری خۆیان بن، لەگەڵ یەکتری بن و پشتگیریی یەکدی بکەن. ئەگەرنا کێشەی ژنان لە هەموو ئاینەکاندا هەیە، دەمەوێت ئەوەش ئاشکرا بکەم کە ئەو ژنەی دەقی شانۆگەرییەکەی نووسیوە، لە جەزائیر تووشی لێدان و کێشەیەکی زۆر بووە. تەنانەت تێزابیشی پێدا کرا، ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر فەرەنسا.

**ڕووداو: هەموو کاراکتەرەکانی نێو شانۆگەرییەکەت ئەڵمانن، تەنیا فرمێسک مستەفا کوردە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئیدس:** ماوەیەکی زۆرە فرمێسک مستەفا لە ڕێگەی نمایشەکانیەوە دەناسم. ئەکتەرێکی لێهاتووە و توانیویەتی جێی خۆی لە نێو شانۆی ئەڵمانیادا بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ شانۆگەرییەکە پێوستم بە ئەکتەرێک بوو موسوڵمان بێت و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. فرمێسک مستەفا خەڵکی کوردستانە و ئاینیشی ئیسلامە، دەبوو یەکێک بێت ڕاستیی چیرۆکەکە وەکو خۆی بگێڕێتەوە.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ شانۆکارانی کورد هەیە؟ شارەزای هونەری شانۆی کوردیت؟**

**ئیدس:** بەڵێ، لەڕێگەی ئەو شانۆگەریانەی لە ئەڵمانیا نمایش دەکرێن، ئاگام لە شانۆی کوردی هەیە. یەکێک لەو شانۆگەریانەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام شانۆگەرییەکی دکتۆر فازل جاف بوو کە فرمێسکیش ڕۆڵی تێدا دەبینی. لەو ڕێگایەوە هەندێ شانۆکاری کورد دەناسم و پەیوەندیم لەگەڵیان هەیە.

**ڕووداو: لە ئەڵمانیا ژن کێشەی هەیە، تاوەکو لەنێو دەقی شانۆگەری باس بکرێت؟**

**ئیدس:** لێرەش کێشەی ژن هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی دیکەیە. لە ئەڵمانیا ئێستا کێشەی جیاوازیی مووچەی ژن هەیە کە 30% لە مووچەی پیاوان کەمترە، ئەوە کێشەیە. ئێمە لە ڕێگەی هونەرەوە هەوڵ دەدەین ئەم جیاوازییە نەهێڵین. لە هەموو ئیشەکانماندا باسی ئەو کێشەیەمان کردووە. هەر لەڕێگەی ئەم شانۆگەرییەی ڕێحانەش دەمەوێت ئەوە نیشان بدەم کە ژنان هەر تەنیا قوربانی نین، بەڵکو دەتوانن شۆڕشیش بکەن.

> شانۆگەرییەکی فازل جاف زۆر سەرنجی ڕاکێشام

> بینەرێکی باشی شانۆی کوردیم

> فرمێسک مستەفا جێگای خۆی لە نێو شانۆی ئەڵمانیادا کردووەتەوە

# ماڵێک پڕ لە ڕەنگ و تابلۆ و موزیک

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- ورمێ**

لەسەر کورسییەکی ڕەنگ سپی بە دیار مێزێکی شێوە هێلکەییەوە دانیشتووە. خەریکە لە دروستکردنی تابلۆی "لە قاڵبدان و لە قەفەزنانی مرۆڤەکان" دەبێتەوە. سەر مێزەکەی پڕە لە کاغەزی سپی و بۆر و ڕەش، قەڵەم و بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ، ژیان لەگەڵ تابلۆ و بۆیە، دووانەیەکی لێکدانەبڕاو و دۆستی هەمیشەیی و گرێدراوی یەکترن.

گوڵاڵە لەڕێی نمایشکردنی تابلۆ و کارە دەستییەکانی، بارودۆخی کورد و کوردستان، کولتوور و دابونەریت و ژنانی برینداری نێو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات.

گوڵاڵە، ناسناوی زارا ستاوەندە کە لە شاری مهاباد لەدایکبووە و ئێستا نیشتەجێی شاری ورمێیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پتر لە 15 ساڵە وێنەی جیاواز دەکێشێ. سەرەتا بە دروستکردنی وێنەی کلاسیکی دەستیپێکرد. دوای 10 ساڵ لە کێشانی وێنەی کلاسیکی، دەستیکرد بە کێشانی وێنەی مۆدێرن "هونەری ماندادار".

ستاوەند، بە جلوبەرگێکی کوردانەی شینی گوڵداری سوور و پەچەیەکی هاوڕەنگی خەتداری زێڕینی. بە دوو پەنجە قەڵەمە ڕەش و سپی و قاوەییەکەی دەجوڵێنێ و خەریکی وێنەکێشان دەبێت.

لە تابلۆی پێشتریدا بەناوی "دۆخی کورد لەنێو گێژاوی جیهانی ئەلیکترۆنی"، کارەکتەری سەرەکیی نێو تابلۆکەی ژن و پیاوێکی جلوبەرگ کوردانەیە، لەنێو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی لاپتۆپ، سەتەلایت، تەلەفزیۆن، کامێرا و تەلەفۆندا، بە تێکستی "ژانی ئێمە زانین نییە، زۆریان گوت و زانیمان، ژانی ئێمە کردار بەو زانستانەیە کە نایکەین". هاوکات، بەزمانی فارسیش هەمان تێکستی نووسیوە.

گوڵاڵە، لەسەر پەڕەیەکی 20 بە 20 کار دەکات و سەرگوزشتەی سەرەتای کارکردنی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە. ئەو 15 ساڵ لەمەوبەر، یەکەم ئەزموونی کێشانی تابلۆی تاقیکردەوە، وەک دەروازە و سەرەتایەک بۆ تێکەڵبوون بەدونیای هونەر و کێشانی تابلۆی کلاسیکی، وێنە جوانە سەرنجڕاکێشەکانی سروشت و باڵندە و گیانلەبەرەکانی هاوشێوەی خۆی دەکێشایەوە و سەرنجی بینەرانی ڕادەکێشا و هەموو بینەرێک جیاوازیی لەنێوان تابلۆ دروستکراو و وێنە ڕەسەنەکە نەدەکرد. لەدوای 10 ساڵ وازی لە کێشانی وێنەی کلاسیکی هێنا. چونکە وەک خۆی دەڵێت، باوی ئەو تابلۆیانە بەرەو کۆتایی دەچوو، سەردەمی تەکنەلۆژیا و کامێرا و زوومی پێشکەوتوو و بەرزیی کواڵیتی ئامێرەکانی وێنەگرتن، باوی تابلۆی کلاسیکی نەهێشت، پێویستی نەدەکرد، بەدەیان کاژێر سەرقاڵی کێشانەوەی وێنەیەک بی.

زارا پێنج ساڵە مژولی کێشانی تابلۆی مۆدێرنە. لەڕێی کارە هونەرییەکانیەوە بیری خەڵک دەوروژێنێ، بینەر ئاڵوودەی وێنەی مۆدێرن دەکات و زیاتر بەرەو دونیای هونەری وێنەکێشان ڕایاندەکێشێ.

لە هەولێر، نمایشگا بۆ تابلۆ کلاسیکییەکانی کراونەتەوە. لە ماکۆ و مهاباد لەڕێی پێشانگاوە تابلۆ مۆدێرنەکانی نیشانی بینەران دراوە. ئەو 50 تابلۆی کلاسیک و 50 تابلۆی مۆدێرنی کێشاوە و لە پێشانگاکاندا ژمارەیەک لە تابلۆکانی فرۆشراون.

ستاوەند، پۆستەرێکی کوردستانی لەسەر قاشی زێڕ و زیوی خڕخاڵ و بەرمووری کۆنی کوردەواری و سەرپۆلەی مێخەکبەند دروستکردووە، دەخوازێ لەداهاتوودا ببێتە پۆستەری گەورە بۆ کورد و کوردستان. ئەو پۆستەرە لە قاشێک و چوار پەڕەنگی گرێدراوی قاشەکە پێکهاتووە، پەڕەنگەکان پیتی (S، T، I، I)ی لەسەرە، بەمانای چوار پارچەی کوردستانی "ئێران، ئێراق، تورکیا، سووریا" دێ. لەنێوەڕاستی قاشەکەدا، ڕۆژێکی زەرد هەیە و پیتی (K)ی لەنێودایە، بە مانای کوردستان، دواجار چوار پارچەی کوردستانی سەر پەڕەنگەکان، بەستراوە بە کوردستانی گەورەی قاشەکە لەنێو ڕووناکی خۆردا.

هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی گوڵاڵە دەبینرێ و ڕوخسارێکی گەش و بریقەدار نیشان دەدا. لەتەمەندا 42 بەهاری بینیوە و لە زۆر بواردا کاری کردووە، نووسینی وتار، شیعر بۆ منداڵان، چیرۆک بۆ تازەپێگەیشتووان، هەشت بەرهەمی لە چوارچێوەی کتێب و نامیلکەدا چاپ کردووە.

ستاوەند، قەڵەمەکەی لەنێو دوو پەنجەیدا بوو کە داوای لە هاوژینەکەی کرد سەنتوورەکەی بێنێ و دەست بکا بە لێدانی، خۆیشی گۆرانی "هەی نابێ نابێ، چاو جوان وانابێ"ی سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی بە هەستێکی تایبەت و دەنگێکی باڵای پڕ لە نەشئەوە گوتەوە. دوای تاوێ وەستان، گۆرانیی "لە سیلەی قەبران هاوارە، حاکم بمدە لە سێدارە"ی حەسەن زیرەکی گوتەوە و دەنگە خۆشەکەی بەنێو ماڵەکەدا بڵاوبووەوە.



تابلۆی "دۆخی کورد لەنێو گێژاوی جیهانی ئەلیکترۆنیدا"



گوڵاڵە پێنج ساڵە وازی لە تابلۆی کلاسیک هێناوە و ڕووی لە تابلۆی مۆدێرن کردووە



## سوێد خانووە کاتییەکانی کۆچبەران دادەخات

**رووداو – رادیۆی سوێد**

دەزگای کۆچی سوێد بەردەوامە لە داخستنی ئەو خانوو و کامپە کاتییانەی بۆ کۆچبەرانی تەرخان کردبوو. نزیکەی 6 هەزار لەو خانووە کاتییانە تا ئێستا ماون، دەزگای کۆچ بەنیازە تاوەکوو مانگی شەشی ساڵی داهاتوو ئەوانیش دابخات وئەو لۆکاڵ و خانووانەشی بۆ پەنابەرانیان وەرگرتووە، ئەوانیش بگەڕێننەوە بۆ کۆمۆن و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت. بەگشتیی تاوەکو کۆتایی ساڵی 2018 دەستگەی کۆچ تەنها 25 هەزار خانووی کاتیی بۆ پەنابەران دەهێڵێتەوە. کێنێت کارڵسۆن، بەرپرسی دابینکردنی خانوو لە دەزگای کۆچ دەڵێت ئەو خانووانەی کە دەیانهێڵینەوە بە پارەی دەوڵەت چاودێریی دەکرێن و بە پێی ژمارەی ئەو پەنابەرانەی دێنە سوید دەگونجێندرێن.

# تریاکییەک
# دڵی زیندانیانی کورد خۆش دەکات



حکومەتی بولگاریا دۆشداماوە نازانێت عەبدوڵڵا دیپۆرتی کوێت بکاتەوە یان عێراق

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- لۆبۆمێز**

پۆلیس شانێکی لە شانی عەبدوڵڵا دا و بەزەویدا کەوت، عەبدوڵڵا ئەمەی قەبوڵ نەکرد، هەستایەوە و شانی لە شانی پۆلیس دایەوە، بە کوردی گوتی "ئێمەی کورد ملکەچی قەبوڵ ناکەین". زۆری نەبرد پۆلیسەکە گەڕایەوە، نزیکەی 10-12 پۆلیسی چوار شانە و کەتەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. عەبدوڵڵایان بردە دەرەوەی ژووری بەندکراوەکان و بردیانە شوێنێ هیچ کامێرای چاودێری بەسەرەوە نەبوو.

ئەگەر گرتەی ڤیدیۆیی لێدان و ئەشکەنجەدانی عەبدوڵڵا هەبووایە و کەوتبایە دەستی میدیاکان، ئەوا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی دەهێنایە دەنگ. عەبدوڵڵا ئەوەندەی لێدان خواردبوو، کاتێک هێنرایەوە نێو زیندان، نەیتوانی لەسەر قاچەکانی بوەستێ و کەوتە سەر زەوی.

عەبدوڵڵا کۆچبەرێکی کوردی تەمەن 54 ساڵە، بەشێکی زۆری تەمەنی لە رێگەی کۆچ لەم وڵات بۆ ئەو وڵات بەسەربردووە. کۆچبەرە کوردە بەندکراوەکانی زیندانی لۆمۆبێز بەهۆی رەنگی روخساری بە (عەبە سوور) بانگی دەکەن، ئەوان لە چوار دەوری کۆبوونەوە و دڵنەواییان دایەوە، دەیانویست زوو برینە جەستەیی و دەروونییەکانی عەبدوڵڵا سارێژ ببن، بۆ ئەوەی وەکو جاران قسەی خۆشیان بۆ بکات و یارمەتییان بدات.

عەبدوڵڵا ژیانێکی ئاڵۆزی هەبووە. لە خێزانێکی کوردی دانیشتووی کوێت لەدایکبووە. بەڵام دەڵێت لەبنەڕەتدا خەڵکی خانەقینە و لە بەغدا گەورە بووە. تەنانەت حکومەتی بولگاریاش بەدەست دۆسیەکەیەوە دۆش دامابوو، نەیاندەزانی دیپۆرتی کوێتی بکەنەوە یان عێراق، بەڵام عەبدوڵڵا خۆی دەیویست لە بولگاریا بمێنێتەوە.

ژیانە پڕ لە هەوراز و نشێوەکەی، عەبدوڵڵای ئاڵوودەی مادده هۆشبەرەکان بە تایبەتی تریاک و هیرۆیین کردووە. ئەو ساڵی 1984 هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی کوێتی کردووە کە بەرهەمەکەی کچێک و کوڕێک بووە، کچەکەی شووی کردووە و لە بەغدا دەژی. کوڕەکەشی ساڵی 2003 لە سەروبەندی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، بەر بۆردومان کەوتووە و کوژراوە. خوشک و براکانی عەبدوڵڵا لە کوێت و سلێمانی و سوید و نەرویج دەژین. ئەم لە ساڵی 1995 گەڕاوەتەوە عێراق. ساڵی 2001 بەرەو ئوردن رۆیشتووە. ساڵی 2006 چووەتە سووریا. ساڵی 2010 گەڕاوەتەوە عێراق و 2011ش هاتووەتە بولگاریا. عەبدوڵڵا زۆربەی کاتەکانی لە بولگاریا و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات بە قاچاخچێتی ماددەی هۆشبەر و فرۆشتنی مەشروب بەسەربردووە.

ئەگەرچی عەبدوڵڵا لەساڵی 2011 وە لە بولگاریا نیشتەجێیە، بەڵام تەنیا چەند وشەیەک لە زمانی بولگاری فێر بووە. هاوڕێکانی لە زیندان هەندێکجار توانجی لێدەدەن. هەندێکیان ئامۆژگاری دەکەن کە واز لە تریاککێشان بهێنێ و دەست بە ژیانێکی تازە بکات.

ئەم پیاوە لە گەراجێک کاری کردووە. جارجارە بۆیەی دیوار و باڵەخانەی کردووە، رۆژانەکەی نزیکەی 30 — 50 لیڤە (دراوی بولگاری) بووە. بەڵام هەر پارەیەکی دەستکەوتووە بە ماددەی هۆشبەری داوە. هەر 10 سیسی هیرۆیینی بە 10 لیڤە کڕیوە و بە دەرزی لە جەستەی خۆی کردووە. بۆیە هەموو جەستەی جێی دەرزییە. هاوڕێکانی بە شۆخییەوە پێیاندەگوت "تەنیا دەماری ژێر گونی ماوە، دەرزی لێ بدا" کەم کەمیش، بڕێک لەو پارە کەمەی دەدا بە ژنە سۆزانییەکانی سۆفیا و لەگەڵیان دەمایەوە.

جگە لە (عەبە سوور) زیندانییەکان بە (عەبە دۆڕاو)یش بانگی دەکەن، ئەو بەلایەوە ئاسایی بوو کە بەو ناوە بانگی بکەن، تەنانەت سکی بە بەندکراوەکان دەسووتا، بۆیە لێی قەبوڵ دەکردن. ئەو دەیگوت "ئەم بەندکراوە کوردانە گوناهن، منداڵن، هەرچییان بوێت بۆیان جێبەجێ دەکەم، هەرچی بکەن قسە ناکەم. ئەوان چەند رۆژێکی دیکە زیندان جێدەهێڵن و دەچنە فەڕەنسا و سوید و ئەڵمانیا و ئێرە دەبێتە یادگارییەک بۆ ئەوان، لەبەرئەوە دەمەوێ دڵیان خۆشکەم، لە زیندان بێزار و دڵتەنگ نەبن".

زیندانیانیش ئەم دەرفەتەیان قۆستبووەوە و ئازاریان دەدا، هەندێکیان بە توندی مستیان لە شان و پشت و رانەکانی دەدا، بەڵام ئەو بە زەردەخەنە وەڵامی دەدانەوە. رۆژانە کار و قسەی وەهای دەکرد، تەواوی زیندانیانی بە پێکەنین دەهێنا.

عەبدوڵڵا، تەواو ئاڵوودەی هیرۆیین بووە، بەجۆرێ توانای کارکردنی نەماوە، بەهۆی ئەوەی پارەی نییە لە شوقەکەشی دەرکراوە، پۆلیس کاتێک زانیبوویان مۆڵەتی مانەوەی کۆتایی هاتووە و نوێی نەکردووەتەوە، ناردبوویانە زیندان، شەش مانگ لە بۆسمۆس بوو، پێنج مانگیش بوو هێنرابووە لۆبۆمێز.

عەبدوڵڵا ئەم ژوور و ئەو ژووری دەکرد، لەگەڵ ئەفغانییەکان، عەرەبەکان، فارسەکان و ئەمازیغە جەزائیرییەکان هاوڕێ بوو، تاوڵە و دامەکردن کاری سەرەکیی رۆژانەی بوو. جارجار لەڕێگەی بەندکراوە فارسەکانەوە تریاکی وەچنگ دەکەوت و لەنێو پەڕەی جگەرەدا دەیپێچایەوە و دەیکێشا، ئەو شەوەی تریاکی کێشابا، تا رۆژ دەبووەوە قسەی دەکرد و بەبەردەوامی پێدەکەنی.

ئێستا چاوەڕوانی ئازادبوونە لە زیندان، بەڵام لەدوای ئازادکردنیشی بەنیازە هەر لەسەر هەمان قەوانەکەی جارانی بەردەوام بێ.

# 26
## کاژێر بەپێ رۆیشتووە
# بەبێ قاچاخچی لە تورکیاوە گەیشتە بولگاریا



ئەحمەد دیسان دەیەوێت بەبێ قاچاخچی لە بولگاریاوە بچێتە سربیا

**زامدار ئەحمەد**
**رووداو- سۆفیا**

ئەو کۆچبەرانەی رێگەی ئەورووپا دەگرنەبەر، بەبەردەوامی پەیوەندییان لەگەڵ قاچاخچی هەیە، بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە وڵاتی مەبەست، لەبەرامبەر ئەوەدا بڕە پارەیەکی زۆر دەدەن. بەڵام کۆچبەرێکی وەکو ئەحمەد، بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە قاچاخچی و رێبەرەوە بکات، رێگا پڕ مەترسییەکەی نێوان تورکیا و بولگاریای بڕی.

ئەحمەد شێرزاد رواندزی، تەمەن 20 ساڵ، کاتێک دەگاتە تورکیا، دەیەوێ بەختی خۆی تاقیبکاتەوە، بەبێ ئەوەی چارەنووسی خۆی بداتە دەستی قاچاخچی، ملی رێگای بەرەو بولگاریا گرتەبەر، بەڵام چانس تا سەر یاوەری نەبوو، لەنزیک شاری لۆبۆمێزی بولگاریا لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە دەستگیرکرا و گواسترایەوە زیندانی ئەو شارە کە ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری کوردی تێدایە.

ئەحمەد لە تەمەنی چوار ساڵییەوە دایکی نەماوە و باوکی هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی دیکە کردووە. بۆیە لە ماڵی خاڵی دەژیا، ماوەی پێنج ساڵ بوو دەستی بۆ هەموو کارێک دەبرد بۆ ئەوەی پێی بژی تاوەکو لە کۆتایی تەمووزی ئەمساڵ بڕیاری دا کوردستان جێبهێڵێ و بەرەو ئەورووپا بڕوات، ئەو پێیوابوو مادام لە سۆزی دایک و باوکی دوورە، بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی نییە لە کوردستان بژی یان لە وڵاتێکی ئەورووپی.

ئەحمەد، لە زیندانی لۆبۆمێزەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "لە کوردستان پێنج ساڵ کارم کرد، پاشەکەوتم تەنیا 1000 دۆلار بوو، جگە لەوەش لە سۆزی کەسوکارەکەم دووربووم، بۆیە بڕیارمدا کۆچ بکەم".

دوای ئەوەی خاڵی ئاگادار کردەوە، بە گیرفانێکی نیمچە بەتاڵەوە سەفەری تورکیای کرد. هەفتەیەک لە تورکیا مایەوە. ئەو وەکو کۆچبەرەکانی دیکە پارەی نەبووە بیداتە قاچاخچی، بۆیە لە رێگەی گووگڵەوە، زانیاری لەسەر رێگاکانی نێوان تورکیا و بولگاریا کۆدەکاتەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەک و کەی و بەکوێدا بڕوات؟

ئەحمەد گوتی: "لەدوای حەوت رۆژ، دەوروبەری کاژێر 10ی بەیانی لە ئیستەنبوڵەوە بەرەو ئەدرنە بەڕێکەوتم و کاژێر دووی دوای نیوەڕۆ گەیشتمە شوێنی مەبەست، لەدوای تاوێ پشوودان و نانخواردن، چەند پرسیارێکم لەبارەی ئەو رێگایە لە پیاوێکی بەتەمەن کرد، ئەو گوتی بە تەنیا مەڕۆ لەو رێگایە دەمری. پار ساڵ دوو برای کورد لەم رێگایە لەسەرمان رەقبوونەوە. لەپاشان، چاوم لە نەخشەکە کردەوە و بەوردی لە دەوروبەری ئەدرنەم روانی، لەدوای دونیا تاریکبوون دەستم بە جووڵە کرد، کۆڵەپشتم لەسەر شان دانا و هێدی هێدی رۆیشتم".

ئەحمەد سەرکێشی بەژیانی خۆیەوە کرد، لە ئەدەرنەوە بەتەنیا بەرەو سنووری بولگاریا رۆیشت، لەڕێگادا بەرەورووی زۆر ناخۆشی بووەوە، لەدوای سێ کاژێر پیادەڕەوی لە گوندێکی کۆنی ناوچەکە نزیک بووە، لەوێوە دەبووایە زۆر بە هەستیاری هەنگاو بنێ، بۆ ئەوەی خەڵک نەیبینێ و پۆلیسی لێ ئاگادار نەکەنەوە.

دنیا تاریکە، وەلێ مانگ بەدەرەوەیە و کەمێ ناوچەکەی رووناک کردووە، لەدوای بڕینی گوندەکە، گەیشتە نێو جەنگەڵستانێکی بچووک، جەنگەڵستانێک خاڵی لەهەموو مرۆڤێک، دەنگی بەسامی ناو دارەکان، ئەوی ترساند و لێدانی دڵی خێراتر کرد، لەپڕ رەوە سەگێک بەرەو رووی ئەحمەد هاتن، بەڵام ئەو بەرگریی کرد و پاشەکشەی بە سەگەکان کرد. لەوێ هەستی تەنیایی و غەریبی گەیشتە لوتکە و فرمێسک بە چاوانیدا هاتنە خوارەوە، بەڵام کۆڵی نەدا و لە رۆیشتن بەردەوام بوو".

وەک خۆی دەڵێ، بە ڕەزالەت ئەو رێگایەی بڕیوە. چەندین جەنگەڵستانی بڕی، دیسانەوە تووشی گوندێکی نیمچە ئاوەدان بوو، لەوێش زۆر بە هەستیاری رۆیی. زیاتر لە 10 کاژێر بەپێ رۆیشتووە، تاو ناتاوێ، لە شوێنێکی سەلامەت، پشوویەکی کورتی داوە تا دواجار تەلبەندی سنووری بولگاریای بینیوە، لەوێدا هەڵوەستەیەکی کردووە و دوای دە خولەک پشوودان، بەسەر تەلبەندی سنووردا هەڵگەڕاوە. نزیکەی سێ کاژێر بەسەر تێلەکانی سنووردا دەڕوا، بەجۆرێ تەواوی پەنجەکانی دەستی بەهۆی خۆگرتنی بە تێلەکانەوە رووشاون و خوێنیان لێهاتووە. کاژێر نۆی شەو سنووری بولگاریای بڕیوە و درێژەی بە رۆیشتن داوە تاوەکو گەیشتووەتە سەر رێگایەکی سەرەکی. لە دوورەوە لایتی ئۆتۆمبێلێک جادەکەی رووناک کردەوە، ئەحمەد بڕیای دا دەستی لێ بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئاوەدانی، کە نزیک بووەوە ئۆتۆمبێلەکە تاکسی بوو، 50 یۆرۆی لە ئەحمەد وەرگرت و لە بەردەم کافێیەک داینا، ئەحمەد هەر لەوێ نانی ئێوارەی خوارد، دوای 26 کاژێر رۆیشتن بەپێ، هەر لەبەردەم کافێیەکە لێی نووست و لەوێ رۆژی کردەوە.

کاژێر هەشتی بەیانی خۆی پێچایەوە و ویستی بەرەو تێرمیناڵ بەڕێکەوێ بۆ ئەوەی بچێتە سۆفیا، بەڵام شوفێری تاکسی داوای 200 یۆرۆی لێکرد، ئەحمەد ناچار بوو بکەوێتە مامەڵە لەگەڵ شوفێری تاکسییەکان بۆ ئەوەی بە پارەیەکی کەمتر بیگەیەننە تێرمیناڵ، دواجار بە 150 یۆرۆ لەگەڵ تاکسییەک رێکدەکەوێ، بەڵام شۆفێری تاکسییەکە داوای ناسنامەی لێدەکات، کاتێک زانی ئەحمەد بە نایاسایی هاتووەتە وڵاتەکەی، پەشیمان بووەوە و تەنانەت تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد و ئەحمەدی بە گرتن دا.

ئەحمەد لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە دەستگیر کرا، لەکاتی پشکنین و لێکۆڵینەوە گوتبووی لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری دیکە هاتووم، لێیان دابڕاوم، پۆلیسیش رەوانەی گرتووخانەی لۆبۆمێزی کرد.

بەڵام ماوەیەکی کەم لە زیندان مایەوە و دوای ئەوەی پەنجەمۆری وەرگیرا، ئازاد کرا.

هەرچەندە ئەحمەد پەنجەمۆری شەنگنی هەیە، واتە لە هەر وڵاتێکی ئەورووپی دەستگیر بکرێ بەهۆی پەنجەمۆرەکەیەوە دیپۆرتی بولگاریا دەکرێتەوە، بەڵام بەنیازە ئەو وڵاتە جێبهێڵێ.

ئەحمەد مانگ و نیوێک لە زیندان مایەوە، کە هاتە دەرەوە یەکسەر بەرەو سۆفیا کەوتەڕێ. ئەو دەیەوێ لە سۆفیاوە بەبێ قاچاخچی و رێبەر بڕوات بۆ بەلگرادی پایتەختی سربیا، چونکە پارەی رێگەی نییە.

ئەو ئێستا چاوەڕێی دەرفەتێکە بۆ جێهێشتنی بولگاریا.

## کوڕێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێ

**رووداو- کەسنەزان**

لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژناندا، کوڕێک تەقە لە خوشکەکەی دەکات و دەیکوژێ، دواتر بۆ شوێنێکی نادیار هەڵدێ.
بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو رووداوە رۆژی چوارشەممەی رابردوو 2017/11/22 لە گەڕەکی حەسەناوای ناحیەی کەسنەزانی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر روویداوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی گوت "لە کاتی رووداوەکە تەنیا کچەکە و دایکی لە ماڵ بوون، دایکی خەریکی خۆشووشتن بووە، کوڕەکەش دوای ئەوەی تەقەی لە خوشکەکەی کردووە، بە دایکی گوتووە ئەوە کچەکەتم کوشت. پاشان هەڵاتووە". لە ماوەی رابردوودا ئەوە دووەمین حاڵەتی کوشتنی ئافرەتانە لە ناحیەکە تۆماردەکرێ.



تەمەنی 120 ساڵە

# ژنێک لە شارەزوور 242 نەوەی هەیە





**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

کاتێک چووینە کۆڵانێک لە گەڕەکی گەڵاڵییەکان لە قەزای شارەزوور، قەرەباڵغییەکی زۆر بە ماڵی سەلمە عەبدولقادرەوە دیاربوو، هەرچەندە هەڵوێستەیەکمان کرد بۆ پرسیارکردن بۆ ماڵی نەنە سەلمە، بەڵام منداڵەکان بەخێرایی وەڵامیان دایەوە و ماڵەکەیان نیشانداین.

سەلمە عەبدولقادر کە خەڵکی ناوچەکە بە نەنە سەلمە بانگی دەکەن، بەپێی ناسنامەی باری شارستانییەکەی لە رۆژی 1897/7/1 لەدایکبووە، واتە تەمەنی 120 ساڵ و نزیکەی پێنج مانگە، لە ژیانیدا پێنج کوڕ و سێ کچی بووە، ئێستا خاوەنی 242 نەوە و نەتیجە و نەدیدەیە، بەری پێنج نەوەی خۆی بینیوە، دوایین نەوەشی تەمەنی 13 رۆژە.

نەنە سەلمە، زۆر تامەزرۆی وێنەگرتنە، کاتێک رووی زوومی کامێراکەمان تێکرد، بەهێمنی بە منداڵەکانی گوت "بێدەنگ بن با وێنەکەمان جوان دەربچێت". ئەو لە ژیانیدا هیچ نەخۆشییەکی نەگرتووە، تاوەکو ئێستاش بەپێیەکانی خۆی دێ و دەچێ، هەر پێنج فەرزەی نوێژەکانیشی لەکاتی خۆیدا دەکات، بەڵام هەستی بیستنی وەکو جاران نەماوە، کاتێک دەیدوێنی خۆی دەکەوێتە قسە و بەشێکی زۆر لەو رووداوانەی روویانداوە و بەسەری هاتوون دەیانگێڕێتەوە.

سەردار فایەق کە نەوەی نەنە سەلمەیە و تەمەنی لە سەرووی 50 ساڵە، بە (رووداو)ی گوت: "نەنە سەلمە، هەموو جۆرە خواردنێک دەخوات، بەشێک لەو خواردنانە نەوەکانی لە ترسی نەخۆشیی ناوێرن بیخۆن. زۆر حەزی لە خواردنی مۆز و جگەرە".

نەنە سەلمە باسی سەردەمی هاتنی ئینگلیز و عوسمانییەکان و هەتاوەکو باسی رووسەکانی بەپچڕپچڕ بۆ دەگێڕاینەوە. جارجار قسەکانی دەبڕی و منداڵەکانی ماچ دەکرد، پرسیاری لێدەکردن کە منداڵی کامیانن، لەو کاتەدا سەردار فایەق، کە بەری نەوەی دووەمیەتی، بەپێکەنینەوە گوتی " نەنە سەلمە، تاوەکو ئێستاش هەر حەز دەکات نەوەکانی کوڕیان زۆرتر بێت لە کچ".

نەنە سەلمە لە ماڵی یەکێک لە کوڕەزاکانی دەژی، هەڵبژاردنی ماڵی ئەو نەوەیەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەساڵی 1974 رۆستەمی کوڕی کە پێشمەرگە بووە شەهید بووە، بۆ ئەوەی نەوەی کوڕە شەهیدەکەی هەمیشە لەبەرچاوانیدا بێت، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە باسی ئەو رۆژەی دەگێڕایەوە کە لەسەر ئاگری دار خواردنی بۆ پێشمەرگەکان دروستکرد، ئیتر دوای ئەوە کوڕەکەی شەهید دەبێت "لەژیانمدا قوڕبەسەری و خۆشی زۆرم بینیوە، بەڵام بەخوا تاوەکو ئێستا زامەکەی رۆستەم خۆش نەبووەتەوە".

نەنە سەلمە ئەو رۆژەی لەبیرماوە، کە خۆی و هاوژینەکەی و بەشێک لە خزمەکانی لە شارەزوورەوە بەپێ و بە سواری کەر و هێستر رۆیشتوون بۆ شاری بەغدا بۆ دەرهێنانی ناسنامەی باری شارستانی.



### ژاپۆنییەک بە تەمەنترینی گینسە

بەپێی ناسنامەی باری شارستانییەکەی، سەلمە عەبدولقادر لە رۆژی 1/7/1897 لەدایکبووە، واتە تەمەنی لە 120 ساڵ زیاترە. بەپێی ریکۆردی کتێبی گینس بێ، ئێستا نەنە سەلمە بە تەمەنترین ئافرەتی جیهانە، چونکە بە تەمەنترین مرۆڤ کە لە (کتێبی گینس)دا ناوی تۆمار کراوە، ژنێکی ژاپۆنییە بەنێوی (نابی تاجیما) کە لە رۆژی 4/8/1900 لەدایکبووە و تەمەنی 117 ساڵە.

# لەسەر بەزۆر بەشوودانی کچەکەیان زیندانی دەکرێن

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

تەنیا گومانێک لە پەیوەندیی کچە هەرزەکارەکەیان لەگەڵ کوڕێک، بەس بوو بۆ ئەوەی قۆڵی کچەکەیان بگرن و لە سوێدەوە بیهێننەوە کوردستان و لە ئامۆزایەکی خۆی مارە بکەن، بەڵام ئەم رەفتارەی دایک و باوکەکە بەبێ سزا تێنەپەڕی، دوای ئەوەی ساغبووەوە کە کچەکەیان رفاندووە بۆ کوردستان، دادگایەکی سوێد سزای هەردووکیانی دا.

کەیسی لەیلا لە میدیاکانی سوێددا دەنگی دایەوە. ئەو کچە دوای ئەوەی هێنرابووەوە کوردستان، بە زۆر لە ئامۆزایەکی خۆی مارەکرابوو. بەڵام دادگا ئەمەی بە تاوان دانا و دایک و باوکی لەیلای سزا دا. باوکی لەیلا بە ساڵێک و چوار مانگ و دایکیشی بە ساڵێک بەندکردن سزا دران، هەروەها دادگا بڕیاری دا کچەکەیان بە 90 هەزار کرۆنی سوێدی (11 هەزار دۆلار) قەرەبوو بکرێتەوە.

هەموو ساڵێک لە سوێد، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خوێندن، هێدی هێدی کەیسی ئەو کچانە ئاشکرا دەبن کە لە پشووی هاویندا بەزۆر براونەتەوە وڵاتی خۆیان، یان لە ماڵەوە راگیراون، یان بەزۆر بەشوودراون. کەم ساڵیش هەیە باسی کورد نەکرێت..



لەیلا: ئەگەر شووم بە ئامۆزاکەم نەکردایە، دەیانکوشتم

### لێکترازانی خێزانێک

هەڵە تێگەیشتن لە گومانی پەیوەندییەکی هەرزەکارانەی کچێک،، بڕیاری باوکەکە بۆ بەزۆر بەشوودانی کچەکە، خێزانێکی هەڵوەشاندەوە و بەرەو زیندان و لێکترازان و دابڕانی یەکجاریی بردن.

چیرۆکی لەیلا و خێزانەکەی بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەو خێزانە بەهۆی پەیوەندیی کچەکەیان لەگەڵ کەسێک، سزای کچە 16 ساڵەکەیان دەدەن و لە چوونە دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی دایدەبڕن.

لەگەڵ ئەوەی باوکی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیبوو بەوەی کچەکەی هێشتا پاکیزە بووە، بەڵام گوتبووی "بە مارەکردنی لە برازاکەم تاوانەکەم پاک کردەوە".

باوکی هەر ئەوکات بڕیارێکی لەو شێوە دەدات کە لە برازاکەی مارە بکات، بەڵام پلانەکەی بۆ دوو ساڵی دیکە، کە ئەم هاوینە دەکات، هەڵگرتبوو. لەیلا مانگی هەشتی رابردوو بەزۆر هێنرایەوە بۆ کوردستان و بە شێوەیەکی کتوپڕ و لە تەمەنی 19 ساڵیدا درایە ئامۆزاکەی.

دوای ئەوەی هاوڕێیەکی لەیلا، رێکخراوێکی ژنانی سوێد ئاگادار دەکاتەوە، کچەکە لە رێگەی چەند چالاکڤانێکی کورد و سوێدی و بە هاوکاریی پۆلیس رزگار دەکرێ. لەگەڵ گەیشتنیشیان بە فرۆکەخانەی ئارلەندا لە ستۆکهۆڵم، دایک و باوکەکەی دەستگیر دەکرێن و کچەکەش بەرەو شوێنێکی نادیار بۆ پاراستنی سەلامەتیی گیانی دەگوازرێتەوە.

### لە دادگا چی گوترا؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە پرۆسەی دادگاییەکەوە دەست (رووداو) کەوتوون، لەیلان گوتبووی "لەو باوەڕەدا بووم کە دەمبەنەوە کوردستان بۆئەوەی بمکوژن". باوکەکەش گوتبووی "کچەکەم لە تەمەنی 16 ساڵی پەیوەندییەکی ناشەرعی هەبووە و بە هاوسەریتی لەگەڵ ئامۆزاکەی ئەو تاوانەمان پاک کردەوە".

بەڵام براگەورەکەی لەیلا یەکێک نەبووە لە بەشداربووانی ئەو تاوانە و بە پرۆسەی بەزۆر بەشوودانەکە رازی نەبووە و هەمیشە لەیلای لە توندوتیژیی باوک و دایکی پاراستووە. ئەو دەڵێت: "لە رۆژی ئاهەنگەکە بە باوکم گوت لەیلا بەو شووکردنە رازی نییە، کەچی لێیدام". ئەو لەبەردەم دادوەر هەروەها گوتبووی: "لە کولتووری ئێمەدا کچ لە بوونەوەرێکی ژێردەستە زیاتر نییە، لە تاوانی لەو شێوەیەدا زۆر رقم لە دایک و باوکم دەبێتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە خۆشمدەوێن و بەزەییم پێیاندا دێتەوە، چونکە ئەوانیش قوربانیی دەستی کولتوورێکن".

> به باوکمم گوت لەیلا بەو شووکردنە رازی نییە، کەچی لێیدام
>
> برای کچەکە

رەعد کە ناوی خوازراوی کەسێکی نزیکی ئەو بنەماڵەیەیە، چەند زانیارییەک بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "ئەوان خێزانێکی 5 کەسین و خەڵکی باشووری کوردستانن، زیاتر لە 16 ساڵە لە سوێد نیشتەجێن. دواییینجار لە شاری ڤێستەرۆسی نزیک ستۆکهۆڵم دەژیان".

رەعد لەبارەی رووداوەکە گوتی: "دوای ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییە کە نازانم چەندە راست بووە، ژیانیان لێ تاڵ بوو. ئەوان لەیلایان بەناوی سەردانی کەسوکار و پشوو بردەوە کوردستان، بەڵام دیاربوو لەگەڵ ئامۆزاکەی و دایک و باوکی هەموو شتێکیان بڕاندبووەوە. بەداخەوە بە بڕیاری هەڵە و ناڕاست، ئەو خێزانە جوانە هەڵوەشایەوە".

رەعد کە ئاگاداری ژیانی لەیلا بووە لە کوردستان، گوتی "لە کوردستان رێگەی هەموو جۆرە پەیوەندییەکیان لێ گرتبوو، تەنانەت مۆبایلەکەشیان لێ سەندبوو". رەعد لەو باوەڕەدایە ئەگەر لەیلا بەو شووکردنە رازی نەبووایە لەلایەن کەسوکاریەوە دەکوژرا.

### بە سناپچات رزگار کرا

لەیلا لەلایەن رێکخراوی (هەرگیز پێلا و فادیمە لەبیر ناکەین- GAPF) رزگار کرا، ئەویش دوای ئەوەی هاوڕێیەکی لەیلا، رێکخراوەکەی ئاگادار کردەوە.

لەیلا لە کاتی دادگاییەکە گوتبووی: "لە سوێد نەیاندەتوانی زۆر شتم لەگەڵ بکەن، بەڵام هەموو پەیوەندی و چوونە دەرەوەیەکم جگە لە خوێندن لێ بڕابوو". لە درێژەی گوتەکانی بۆ پۆلیس و دادگا گوتبووی "لە کوردستان کەسم لە دەور نەبوو، دڵنیابووم دەمکوژن". سەبارەت بە چۆنیەتی رزگاربوونیشی، گوتی "لە رێگەی سناپچات، رێکخراوەکە لەگەڵم هاتنە سەر خەت".



باوکی لەیلا بە ساڵێک و چوار مانگ و دایکیشی بە ساڵێک بەندکردن، سزادران

### بۆچوونی جیاواز لەسەر سزاکان

دوای ساڵ و نیوێکی دیکە دایک و باوکەکە دێنە دەرەوە لە زیندان. بەپێی سیستەمی سوێد هەمیشە لەژێر چاودێریی دەبن و لە زۆر خزمەتگوزاری بێبەش دەبن و ئیدی جارێکی دیکە کچەکەیان نابیننەوە.

جۆران و کاترینا تۆماس پارێزەرانی دایک و باوکەکە هەست بە "نادادپەروەری" لە کەیسەکەدا دەکەن. دادگای ڤیستراملاندیش کە سزاکەی بۆ دەرکردن، پێیوایە ئەوەی ئەو دایک و باوکە کردوویانە لە تاوانە خێزانییەکانە و مافی دادپەروەرانەی خۆیان وەرگرتووە.

> کچەکەم لە تاوانەکەی پاک کردەوە
>
> باوکی کچەکە

رێکخراوی (GAPF)کە رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەکەدا هەبووە، لەلایەن هەندێک کوردی شارەکەی لەیلاوە رەخنەی لێگیرا بەوەی دەیتوانی بەجۆرێکی دیکە رەفتار بکات لەجیاتی تێکدانی خێزانەکە "دەکرا بەشێوەیەکی دیکە و بە هۆشیارکردنەوە و پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوکەکە هەم لە بڕیارەکە پاشگەز بکرێنەوە، هەم گیانی کچەکە بپارێزرێ و سەریش لەو خێزانە تێکنەدرێت". نورەدین محەممەد دانیشتووی شاری ڤێستەرۆس وایگوت.

سارا محەممەد کە دامەزرێنەر و سەرۆکی رێکخراوەکەیە، لە بەیاننامەیەکدا لە بارەی ئەو کەیسە رایگەیاند "دادگاییەکە گرنگ و سەرکەوتوو بوو، هیوادارم ئەم دادگاییە ببێتە وانەیەک بۆ بەخۆداچوونەوەی ئەو دایک و باوکانەی بڕیاری لەو شێوەیە دەدەن".

### گومان لە پێنج خێزانی دیکە دەکرێ

لە سێ ساڵی رابردوودا 171 حاڵەتی گومانی بەزۆر بەشوودانی کچان لە سوێد تۆمار کراوە کە لە رێگەی پۆلیس و رێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە خرابوونە ژێر چاودێری، بەڵام 127 حاڵەتیان وا دەرنەچوون.
سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سوێد بە (رووداو)ی گوت: "تەنیا هاوینی ئەمساڵ لە کۆی 11 حاڵەت کە گومانی رفاندن و بەزۆر بەشوودانی کچانیان لە سوێد بۆ کوردستان لەسەربوو، پێنجیان وا دەرنەچوو. بەڵام شەش حاڵەتەکەی دیکە کە یەکێکیان کەیسی (لەیلا) بوو، سەرەتای ئەم مانگە کۆتایی هات، ئەوانی دیکە، هێشتا ئەو گومانەیان لەسەرە و تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سوێد و لە کوردستانن".



## تەرمی پیاوێک لە شاخێکی دهۆک دەدۆزرێتەوە

**رووداو- دهۆک**

دوای چوار رۆژ لە ونبوونی، تەرمی پیاوێک لە چیای زاوای دهۆک دۆزرایەوە، پۆلیس دەڵێت ئۆتۆمبێلەکەی لە بەرزاییەکەوە وەرگەڕاوە، بەڵام هۆکارەکەی دیارنییە. رائید هێمن سلێمان، بەرپرسی پەیوەندییەکانی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێوارەی رۆژی هەینی 2017/11/24، تەرمی هاووڵاتییەک بە ناوی شینوار سدیق و ئۆتۆمبێلەکەی لە چیای زاوا دۆزرانەوە. بە گوتەی رائید هێمن، هاووڵاتییەکە خەڵکی پارێزگای دهۆکە، چوار رۆژ بوو کەسوکارەکەی بەدوایدا دەگەڕان. گوتیشی "لە بەرزاییەکەوە ئۆتۆمبێلەکەی کەوتووەتە خوارەوە، تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە نازانرێت و پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە".



# لەسەر 1000 دۆلاری قەرز کوژرا

عەبدوڵڵا بە گوللەیەکی دەمانچە کوژرا کە بەر دڵ و جگەری کەوتبوو

**رووداو- رانیە**

زۆربەی کار و کەسابەت و مامەڵە بازرگانییەکانی عەبدوڵڵا لەگەڵ زاواکەی بوو، بۆ زۆر شتیش پرسیان بە یەکدی دەکرد، کەچی لەسەر تەنیا 1000 دۆلار پێشینەی هاوسەرگیریی براکەی، عەبدوڵڵا بەدەستی زاواکەی کوژرا. بکوژەکە دوای تاوانەکەی ویستی بەرەو تورکیا هەڵبێ، بەڵام لەلایەن پۆلیسی قەزای سۆرانەوە دەستگیرکراو رادەستی پۆلیسی راپەڕین کرایەوە.

رۆژی 2017/11/19 پیاوێکی تەمەن 44 ساڵ بەناوی عەبدوڵڵا حەسەن خدر، دانیشتووی گەڕەکی کێوەڕەشی شارۆچکەی رانیە، لەلایەن (ع.ح.خ) کە زاوای خۆیەتی، کوژرا و خوشکەکەشی بریندار بوو. کەسوکارەکەی دەڵێن عەبدوڵڵا لەگەڵ زاواکەیان لەسەر پارەی پێشینەی هاوسەرگیری کە برای عەبدوڵڵا لەسەر ناوی بوکێکی تۆمەتبارەکە وەریگرتووە، لەگەڵ زاواکەیان بووەتە دەمەبۆڵەیان.

محەممەد حەسەن، برای عەبدوڵڵا دەڵێت زاواکەیان کە ئامۆزاشیانە، منداڵ بووە کە دایکی مردووە، ئەوان بەخێویان کردووە و کاتێکیش گەورە بووە، باوکی عەبدوڵڵا کچێکی خۆی داوەتێ.

محەممەد ئاماژە بە کێشەی نێوان برا کوژراوەکەی و زاواکەیان دەدا و دەڵێت "زاواکەمان بەمداوییە باری ئابووری باش بوو، سێ لە منداڵەکانی ناردنە دەرەوە، بۆ خۆیشی مارکێتێکی لە رانیە دانا. ئەوەی لە نێوان براکەم و زاواکەمان روویدا لەسەر کار و کاسبی و شەریکایەتی نەبوو، تەنیا دانەوەی پاداشتی چاکەی ئێمە بوو. ئەو قسەی ناشیرینی بە براکەم گوتبوو، ئەویش قبوڵی نەکردبوو، ویستبووی لێی بدات، بەڵام نەیزانیبوو دەمانچەی پێیە. کە بۆی چوو بوو یەکسەر تەقەی لێکردبوو و برینداری کردبوو، دواتر عەبدوڵڵا دەمانچەکەی لێ سەندبوو، بە کلکە دەمانچە سەری شکاندبوو، خوشکەکەشم هەر لەوێ بریندار بووبوو".

محەممەد رەتیکردەوە تۆڵەی خوێنی براکەیان بکەنەوە و گوتی "بکوژەکە زاوامانە، منداڵەکانی منداڵی خۆمانن، کەسوکارەکەی وەکو ئێمە نیگەرانن لە رووداوەکە، بۆیە دەیدەینە دەست یاسا، با دادگا یەکلایی بکاتەوە".

زێنەدین حاجی پیرۆت کە لە بنەماڵەی تۆمەتبارەکەیە، لەبارەی رووداوەکە دەڵێت: "هەردووکیان خەریکی کار و کەسابەتی خۆیان بوون، زۆرجار پێکەوە کاریان دەکرد، هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە. بیستوومە دەڵێن برایەکی عەبدوڵڵا لەسەر ناوی بووکێکی (ع) پێشینەی هاوسەرگیری وەرگرتووە. بەڵام دیارە براکەی پێشینەکەی لە کاتی خۆیدا نەگەڕاندووەتەوە و نزیکەی 1000 دۆلارێکی مابووە بیداتەوە، حکومەتیش گوشاری بۆ بووکەکەی (ع) هێناوە کە بووەتە کەفیلی براکەی عەبدوڵڵا ئەگەر پارەکە نەگەڕێنێتەوە لە مووچەی مانگانەی دەگێڕنەوە، ئیدی لەسەر ئەوە کێشە لە نێوان عەبدوڵڵا و زاواکەی دروستبووە".

حاجی زێنەدین دەڵێت ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بنەماڵەی عەبدوڵڵادا نییە، یاسا چ بڕیارێک لەبارەی تۆمەتبارەکە بدات، ئەوان پێی رازین. شایەتحاڵێکی رووداوەکە دەڵێت عەبدوڵڵا و زاواکەی پێشتر بە کێشە هاتوون و قسەیان بە یەکدی گوتووە، بەڵام خزمانیان کەوتوونەتە نێوانیان و ئاشتیان کردوونەتەوە.

محەممەد عەلی کە شایەتحاڵی رووداوەکەیە، بە (رووداو)ی گوت: "عەبدوڵڵا و محەممەدی برای لە سلێمانی دەگەڕانەوە، تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان (ع) تەلەفۆنەکەی داخراوە، ئەگەر بچیتە لای پێی بڵێی تەلەفۆنەکەی بکاتەوە، ئیشمان پێیەتی".

وەک محەممەد دەڵێت، عەبدوڵڵا بە جۆرێک قسەی لەگەڵ کردووە، ئەو دەستبەجێ زانیویەتی کێشەیەک لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە دوو لە خاڵەکانی خۆی کە هەردووکیان زاوای عەبدوڵڵا و ئاوەڵزاوای تۆمەتبارەکەن، ئاگادار دەکاتەوە.

محەممەد گوتی: "چووینە ماڵی خاڵم دانیشتین، عەبدوڵڵا و براکەی و تۆمەتبارەکەش هاتنە ئەوێ. کاتێک لە برای عەبدوڵڵامان پرسی بۆچی پارەی پێشینەکە نادەیتەوە؟ گوتی من هەندێک پارەم داوەتە کوڕی (ع)، با ئەو پارەکەم بداتەوە منیش پارەی پێشینەکە دەدەم. لەسەر ئەوە شەڕە جێنو لە نێوانیان دروست بوو، عەبدوڵڵا پێیوابوو نابێ ئەو سوکایەتییەی زاواکەیان قبوڵ بکات، بەڵام دواتر لەسەر قسەی ئێمە لێی خۆشبوو".

ئەگەرچی عەبدوڵڵا لە (ع) خۆشبووبوو، ئەویش داوای لێبوردنی لە عەبدوڵڵا کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی نێوبژیکارەکان رۆیشتوون، عەبدوڵڵا پەلاماری (ع)ی داوە. محەممەد عەلی گوتی: "ئێمە ویستمان بچین بۆ پرسەیەک، عەبدوڵڵا بەڵێنەکەی شکاند و بە دارێک پەلاماری (ع)ی دابوو، ئەویش دەمانچەی دەرهێنابوو، گوللەیەکی لە سینگی عەبدوڵڵا دابوو. عەبدوڵڵا بە برینداری دەمانچەکەی لێسەندبوو، سەری (ع)ی شکاندبوو، ئێمە لەو کاتەدا گەیشتینە ئەوێ، گوللەیەکیان تەقاند و بەر قاچی خوشکی عەبدوڵڵا کەوت، من تەنیا فریاکەوتم عەبدوڵڵا بخەمە ناو ئۆتۆمبێل و بیبەم بۆ نەخۆشخانە، تەقەکەرەکەش رایکرد".

> **کەسوکاری عەبدوڵڵای کوژراو رەتی دەکەنەوە تۆڵەی خۆیان بکەنەوە**

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 19ی ئەم مانگە تەرمی پیاوێک گەیەندرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە کە گوللەیەکی دەمانچە بەر دڵ و جگەری کەوتبوو".

پۆلیس پشتڕاستی کردەوە کە ئەو پیاوە لەلایەن زاواکەیانەوە کوژراوە، تۆمەتبارەکە ویستویەتی رابکات، بەڵام لە شارۆچکەی سۆران لەلایەن پۆلیسی قەزای سۆرانەوە دەستگیرکراوە.

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "ئەو پیاوە لەلایەن زاواکەیەوە کوژراوە، پۆلیس دەستبەجێ گەیشتە شوێنی رووداوەکە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، دوای رووداوەکە تۆمەتبار هەڵاتبوو، بەڵام پۆلیس دوو کەسی لە شوێنی رووداوەکە دەستگیرکرد کە یەکێکیان شوفێری تاکسییە، ئەوی دیکەشیان کەسێکی نزیکی تەقەکەرەکە بووە".

رائید شۆڕش باسی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکە دەکات و دەڵێت: "دوای رووداوەکە ویستی هەڵبێ بۆ تورکیا، بەڵام شەوی 2017/11/21 لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سۆران لەنێو قەزای سۆران دەستگیرکرا و رادەستی ئێمە کرایەوە. ئێمەش بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەمان بۆ کردەوە".



ژیلەمۆ عەبدولقادر

موقەدەمی مافپەروەر

## هاوسەرگیرییەکی قاچاخ

هانای بۆ سەنتەری راوێژکاریی خێزانی هێنابوو، بە رەنگ و روخساریدا دیاربوو کێشەیەکی گەورەی هەیە، دەیگوت فریام بکەون، بەو هەڵەیەی کردم، خەریکە ژن و منداڵەکەم لەدەست دەدەم.

ئەو پیاوە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی: "من پیاوێکی خێزاندارم، منداڵم هەبوو، ژیانێکی بێ کێشەم هەبوو، لە شوێنی کارەکەم ئافرەتێکم ناسی. پەیوەندی لە نێوانمان دروست بوو، ئەو پەیوەندییە سەری کێشا بۆ خۆشەویستی، هاتوچۆی ماڵی ژنەکەم دەکرد، بەڵام ئەو ژنە تەڵاقدراو بوو، حەزی نەدەکرد قسەی بێتە سەر، بۆیە داوای کرد مارەی بکەم، منیش پێمگوت ئاخر ژنم هەیە و رازی نابێ، بەڵام ئەو گوتی بە نهێنی مارەم بکە، دواتر ئاشکرای بکە. منیش لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتەم خۆشدەویست و نەمویست لەدەستم بچێ، بە نهێنی و لە دەرەوەی دادگا مارەم کرد".

پیاوەکە ساڵێک درێژەی بە شاردنەوەی ئەو نهێنییە دا و نەیتوانی ئاشکرای بکات، ئافرەتەکەش گوشاری بۆ دەهێنا کە ئاشکرای بکات. ئەو پیاوە بیری لەوە کردبووەوە خۆی لەو ژنە دووربخاتەوە، بەڵام کارەسات روویدا. ئەو پیاوە دەڵێت: "کاتێک نەمتوانی ئەو نهێنییە لەلای ژنی یەکەمم بدرکێنم، بڕیارم دا خۆم لەو ئافرەتە دووربخەمەوە، بەڵام ئەو چووبوو نامەی بۆ ژنی یەکەمم ناردبوو، گوتبووی پیاوەکەت ساڵێکە منی بە نهێنی مارە کردووە، ئەویش یەکسەر دەستی منداڵەکانی گرت و چووەوە ماڵی باوکی و پێیگوتم دەچم لە دادگا سکاڵا تۆمار دەکەم و داوای جیابوونەوە دەکەم. منیش نامەوێ ژن و منداڵەکەم لەدەست بچن".

داواکاریی ئەو پیاوە ئەوە بوو کە بانگی هاوژینی دووەمی بکەین، وەک چۆن بە نهێنی و بە بێدەنگی هاوسەرگیرییان کردووە، بە هەمانشێوە لە یەکدی جیاببنەوە، هەر مافێکی ئەو ژنەشی بکەوێتە ئەستۆ، بیدات. بە پیاوەکە راگەیەنرا کە بەپێی مادده 40 لە یاسای باری کەسی، هاوژینی یەکەمی دەتوانێ سکاڵا تۆمار بکات و لێی جیاببێتەوە، چونکە بەبێ پرس و ئاگاداریی ئەو، ژنی دووەمی هێناوە.

هەروەها بۆ جیابوونەوە لە هاوژینی دووەمی، دەبێ سەرەتا بچێتە دادگا و گرێبەستی هاوسەرگیری بچەسپێنی، ئینجا داواکاری بۆ جیابوونەوە پێشکەشی دادگا بکات، بەڵام پیاوەکە حەزی دەکرد هەر لە سەنتەری راوێژکاری خێزانی کێشەکەی چارەسەر بکرێ و خزم و کەسەکانی پێی نەزانن. بۆیە بانگی هاوژینی دووەمی پیاوەکە کرا و قسەی لەگەڵ کرا، ئەویش گوتی: "راستە ئەو هاوسەرگیرییە لەسەر داوای من بووە، چونکە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبوو، منیش ئافرەتێکی تەڵاقدراوبووم و بە تەنیا دەژیام، ئەویش زۆر هاتوچۆی ماڵەکەمی دەکرد، بۆ ئەوەی خەڵک قسەم بەدوادا نەکات، ئەو پێشنیازەم بۆ کرد، بەڵام بەداخەوە ئەو هەست و سۆزی منی ئیستیغلال کرد و تەنیا بۆ مەرامی خۆی منی ویست، من هەڵە بووم لەو کارە و ئێستاش کە ئەو منی ناوێت، منیش ئەوم ناوێ".

ئافرەتەکە مافەکانی خۆی لە پیاوەکە وەرگرت و جیابووەوە. هاوژینی یەکەمیشی کاتێک زانی مێردەکەی، ژنی دووەمی تەڵاقداوە، لەبەر خاتری منداڵەکانی پاشگەز بووەوە و بڕیاری دا بگەڕێتەوە ماڵی خۆی.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# هاوژینەکەی ناردەوە ماڵی باوکی و بە گوللەیەک خۆی کوشت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- راپەڕین**

داوای لە هاوژینەکەی کردبوو بچێتەوە ماڵی باوکی، زۆری نەبرد هەواڵیان بۆ هاوژینەکەی نارد کە کاروان خۆی کوشتووە. ئامۆزایەکی کاروان دەڵێت ئەو گەنجە بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە و برایەکی دیکەشی پێشتر خۆی کوشتووە.

هێشتا مەرگی ئومێد بە تەواوی لە بیری بنەماڵەکەی نەچووبووەوە، مەرگی کاروانیشی هاتە سەر. کاروان حەمەد ئەحمەد، تەمەن 31 ساڵ، دانیشتووی گوندی قەرەنیاغای سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە لە قەزای رانیە، رۆژی 2017/11/13 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. پۆلیس دەڵێ نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە.

کاروان باوکی دوو منداڵە و پێشمەرگەش بوو، هەر کاتێک لە دەوام دەگەڕایەوە، بە کارێکارییەوە مەشغوڵ دەبوو.

ئاودێر عەبدول کە ئامۆزای کاروانە، لە یەکەم رۆژی پرسەی ئامۆزاکەیدا قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "کاروان کەسێکی زۆر باش بوو، لەدوای دەوام بۆ ئەوەی چاوی لەدەستی کەس نەبێت، کرێکاری دەکرد، وەستای کاشی و بیناسازی بوو".

ئاودێر بەدووری دەزانێ پاڵنەری ئابووری یان کۆمەڵایەتی لە پشت خۆکوشتنی کاروان بێ و دەڵێت "هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، کێشەی ئابووریشی نەبوو، چونکە جگە لە مووچەی پێشمەرگایەتی، کەسێکی دەستڕەنگین بوو، زۆربەی کات کاری دەستدەکەوت، باری ئابووری خراپ نەبوو".

بە گوتەی ئاودێر، ئامۆزاکەی نزیکەی ساڵێک بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو، ئەو گوتی "کاروان لە ناکاو تووشی ئەو نەخۆشییە بوو، باوک و براکانی چەند جارێک بردیانە لای پزیشکێکی دەروونی لە شاری سلێمانی، چارەسەری پێویستی بۆ نووسیبوو، ئەویش دەرمانەکانی زۆر بەرێکوپێکی بەکاردەهێنا".

ئاودێر کە چەند جارێک لەگەڵی چووە بۆ لای پزیشکی دەروونی، زیاتر لە بارەی نەخۆشییەکەی کاروان قسە دەکات و دەڵێت: "زۆر دڵی بە من دەکرایەوە، بۆیە زۆربەی جار کە دەچوون بۆ لای پزیشک دەیگوت حەز دەکەم ئاودێرم لەگەڵ بێت. کاروان زۆر بە نەخۆشییەکەی نیگەران بوو. پێی شەرم بوو کە دەمانبرد بۆ لای پزیشک، دەیگوت لەوە نیگەرانم رۆژێک لە رۆژان بە شێتم بزانن، بەڵام ئێمە بەردەوام دڵمان دەدایەوە بۆ ئەوەی هەست بە کەموکوڕی نەکات".

> **کاروان نەخۆشیی دەروونی هەبوو**
> ئامۆزایەکی گەنجەکە

سەبارەت بە رۆژی خۆکوشتنەکەی کاروانیش، ئاودێر دەڵێت "ئەو رۆژە خێزانەکەی ناردووەتەوە ماڵی باوکی لە حاجیاوا، پاشان لە ماڵەوە بە چەکەکەی خۆی گوللەیەکی لەخۆی داوە و خۆی کوشتووە".

بنەماڵەی کاروان سکاڵایان لەسەر کەس نییە، چونکە وەک ئاودێر دەڵێت: "کاروان کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، تا بڵێین لەبەر ئەو کەسە خۆی کوشتووە. رووداوەکە تەنیا دەستی خۆی تێدابووە، ئەویش بەهۆی نەخۆشییەکەی بووە".

ئەمە یەکەم حاڵەتی خۆکوشتن نییە لە نێو ئەو خێزانەدا، برایەکی کاروان کە ناوی ئومێد بوو، ئەویش لە ساڵی 2005 هەر بەهۆی نەخۆشیی دەروونییەوە خۆی کوشتووە".

دوای رووداوەکە، تەرمی کاروان براوەتە بەشی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی گشتیی رانیە. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەکە، لەبارەی ئەنجامی پشکنینی تەرمەکە بە (رووداو)ی گوت "رووداوەکە بەهۆی چەکی کلاشینکۆف بووە، گوللەیەک بەر سینگی کەوتووە و یەکسەر گیانی دەرچووە. شوێنی گوللەکە و جۆری لێدانەکە دەریدەخات کە خۆی کوشتووە".

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕینیش لەبارەی خۆکوشتنی ئەو پێشمەرگەیە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی پۆلیس لە رووداوەکە ئاگادارکرانەوە لە رووداوێکی تەقەکردن لە گوندی قەرەنی ئاغای سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە، تیمەکانی پۆلیسی بەڵگە و تاوان گەیشتنە شوێنی رووداوەکە، دوای لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوت گەنجێکی تەمەن 31 ساڵ، باوکی دوو منداڵی تەمەن پێنج ساڵ و سێ ساڵ، بە چەکی کلاشینکۆف خۆی کوشتووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنەکە، رائید شۆڕش گوتی "قسەمان لەگەڵ باوکی کوڕەکە کردووە، ئەو دەڵێت کوڕەکەی چەند ساڵێک بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو، پێدەچێ هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە خۆی کوشتبێ".



کاروان لەپاش ئومێدی برای، دووەم گەنجی خێزانەکەیەتی کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات



## جۆن سکاکۆ، بەرپرسی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بۆ (ڕووداو):

گەورەترین باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدایە کە ڕووبەرەکەی لە وڵاتێکی وەکو ڤاتیکان گەورەترە. لەوێ کەسێک سەرپەرشتی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی دەکات بەناوی بەڕێز جۆن سکاکۆ. ئەمریکا تەنیا 24 کەسی وەکو سکاکۆی هەیە کە هەر یەکێکیان سەرپەرشتی ئەو پرۆگرامە لە 5- 10 باڵیۆزخانە دەکات. بەڵام سکاکۆ تەنیا بۆ ئەو پرۆگرامە دانراوە لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا. جۆن سکاکۆ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زانیاریی زۆرتر لەبارەی پرۆگرامەکەی ئاشکرا دەکات.

هەڤپەیڤین: ئەیوب نووری
ڕووداو - هەولێر

# سەنگاپوور بۆیە پێشکەوت چونکە سەرۆکەکەیان ئینگلیزیی کردە زمانی فەرمی

**ڕووداو: تۆ بەرپرسی بەشی زمانی ئینگلیزیت لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا، هەموو باڵیۆزخانەیەک ئەم بەشەی هەیە یان تەنیا چەند وڵاتێکن؟**

**جۆن سکاکۆ:** ڕاستییەکەی تەنیا چەند دانەیەکی دیاریکراو هەن. تەنیا 24 دانە لەم بەشە هەن لەسەرتاسەری دنیا. باڵیۆزخانەکانمان لە زۆربەی وڵاتان ئەم بەشەیان نییە کە پێیدەڵێین ریلۆ. بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە هەن لە ناوچەیەکی جیهان کار دەکەن و بەرپرسن لە پرۆگرامەکانی 5- 10 وڵات.

**ڕووداو: عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەم بەشەی تێدایە، هۆکار چییە کە عێراق ئەم بەشەی هەیە؟**

**جۆن سکاکۆ:** لێرە پرۆگرامی زۆرمان هەن و عێراق بەلای ئێمەوە وڵاتێکی گرنگە. هیواداریشین سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی کاری زیاتر لێرە بکەین. زۆر ئاسانترە کە کەسێک لێرە سەرپەرشتی کارەکان بکات لەنێو وڵات تا بەرپرسی ناوچەیی بێت. بۆ نموونە یەکێک لە هاوکارەکانم لەئەفریقا بەرپرسی 25 وڵاتە و لەساڵێکدا یەکجار بۆی دەکرێ بڕواتە نێو باڵیۆزخانەکان. لەو کاتەشدا کە ساڵی جارێک و تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک لەوێیە، ناتوانی پرۆگرامی زۆر جێبەجێ بکەیت. بەڵام کە من لێرەم، دەتوانم تا ڕادەیەک بەعێراقدا هاتوچۆ بکەم و لەئەنجامدا پرۆگرامی زیاتر جێبەجێ بکەین.

**ڕووداو: مانای وایە تۆ بەرپرسی چەند وڵاتێکی ناوچەکەی یان تەنیا لەعێراق کار دەکەیت؟**

**جۆن سکاکۆ:** من تەنیا لە عێراق کار دەکەم. کەواتە ناونیشانەکەم بەرپرسی ناوچەیی نییە، بەڵکو تەنیا بەرپرسی بەشی زمانی ئینگلیزیم لە عێراق.

**ڕووداو: دەتوانی پێمان بڵێی بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەدات لە عێراق؟**

**جۆن سکاکۆ:** ئێمە لەکۆتایی ساڵانی پەنجاوە ئەم کارە دەکەین. هانی فێر بوونی زمانی ئینگلیزی نادەین تەنیا لەبەرئەوەی کە ئینگلیزییە. ئێمە هەوڵدەدەین خەڵک فێری ئینگلیزی ببن بۆ ئەوەی لەئەمریکا بخوێنن. پەروەردە و خوێندن بەشێکی سەرەکین لە ئەمریکا و باوەڕمان وایە زانکۆی زۆ باشمان هەن. بێگومانیش ئەگەر بتەوێ لە ئەمریکا بخوێنی پێویستت بە ئینگلیزی دەبێ. ئەوە یەک لە هۆکارەکانە. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا وەدەسهێنانی زانیاری زۆربەی بە زمانی ئینگلیزییە گرنگ نییە لەکوێ بی. 95%ی ئینتەرنێت بەزمانی ئینگلیزییە. کەواتە چانسێک دەدەیت بەخەڵکی وڵاتانی دیکە تا دەربارەی وڵاتانی دیکە فێر ببن و بزانن و لەئەنجامدا زیاتر کراوە بن و پێمانوایە ئینگلیزی بۆ ئەو کارە گرنگە.

**ڕووداو: باسی ئەوەت کرد کە دەتانەوێ خەڵکان بتوانن درێژە بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی و خوێندن بدەن لە ئەمریکا. بەڵام ئێوە چۆن ئەم کەسانە هەڵدەبژێرن بۆ بەشداری لەم پرۆگرامانە. بۆ نموونە بۆ بەشداری لە بەرنامەی مامۆستای ئەلیکترۆنیی ئەمریکی کە لەسەر ماڵپەڕەکەتان هەیە؟**

**جۆن سکاکۆ:** ئێمە ئەو کۆنتاکتانە بەکاردێنین کە لێرە هەمانن. کەسانێکیش هەن کە پێشتر بەشداری بەرنامەکانمان بوون. هەروەها پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی تۆکمەمان هەیە، چونکە بۆ نموونە، بەرنامەی مامۆستای ئەلیکترۆنی لەئاستی خوێندنی ماستەردایە بەزمانی ئینگلیزی. هەروەها بە ئۆنلاین دەکرێ کە مانای وایە لایەنێکی تەکنیکیشی هەیە. ئەو ڕێگایانە بەکاردێنین و لەلایەن وەزارەتەکانیشەوە ناومان بۆ دێ.

**ڕووداو: وەک ئاماژەتان بۆ کرد، زۆربەی پرۆگرامەکانتان ئۆنلاینە، من لێرە دەبینم کە بابەتی دیکەی وەک پەرتووک و میوزیک و بابەتی فێربوون و ڕێبەری مامۆستاتان هەیە لەسەر ماڵپەڕ. بەپێی ئەزموونی خۆت لەو چەند مانگەی لە عێراق بووی،**

> خەڵک فێری ئینگلیزی دەکەین بۆ ئەوەی لە ئەمریکا بخوێنن

**پێتوایە کەسانی ئەکادیمی و مامۆستا و قوتابیان سوودیان لەو بابەتانە وەرگرتووە کە ئێوە لەئۆنلاین داتانناوە؟**

**جۆن سکاکۆ:** ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ئەم پرۆگرام و بابەتانەن سوودیان لێوەرگرتووە و مامۆستا و قوتابیشمان دیوە لە سەرتاسەری وڵات کە پێیانگوتووین بابەتەکان بەکاردێنن. بەڵام پێویستە باشتر خەڵک ئاگادار بکەینەوە کە ئەم مادانە هەن و هەمووی بەخۆڕاییە و مافی کۆپیکردنیان هەیە و دەتوانن داونلۆدی بکەن و لەگەڵ هاوڕێکانیان شەیری بکەن، هەروەها بزانن کە ئەمانە سەرچاوەی زۆر بەکەڵکن بۆ فێربوون و فێرکردنیش.

**ڕووداو: ئەم بابەتانە چۆن هەڵدەبژێردرێن؟ بۆ نموونە ئێستا لە عێراق و کوردستان چەندین قوتابخانە و زانکۆ و سەنتەری فێربوونی ئینگلیزی هەن، مانای وایە پەرتووک و پرۆگرامی زۆریش هەن کە دەبنە هۆی سەرلێشێوان. ئایا تیمی شارەزاو کەسانی وەک خۆتن ئەم بڕیارانە دەدەن لەسەر جۆری ماددەکان؟**

**جۆن سکاکۆ:** ئێمە تیمێکمان هەیە لە واشنتن کە ماددەکانمان بۆ ئامادە دەکەن. هەروەها مامۆستا و پرۆفیسۆری تایبەت بەکاردێنین لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە کە ماددەمان پێدەبەخشن. بۆ نموونە گۆڤارەکەمان کە تایبەتە بەزمانی ئینگلیزی و ئەمە پەنجاوچوارەمین ساڵی بڵاوکردنەوەیەتی، ساڵانە لەلایەن نزیکەی یەک ملیۆن کەسەوە دەبینرێت. ئەو گۆڤارە پشت بەو بابەتانە دەبەستێت کە لەلایەن مامۆستایانی زمانی ئینگلیزییەوە دەنووسرێت لە سەرتاسەری دنیا، لەناویشیاندا عێراق. کەواتە ئێمە لە ئەمریکا و لە وڵاتانی دیکەوە بابەت و ماددەمان بۆ دێ.

**ڕووداو: لەم سەردەمەدا دەستگەیشتن بە زانیاری زۆر ئاسانە بەتایبەت لەسەر ئینتەرنێت، بەڵام ئەمە لەهەمانکاتدا کێشەیەک دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هێندە زانیاری لەسەر ئینتەرنێت هەن کارێکی ئاسان نییە بتوانی زانیاری ڕاستت دەستبکەوێ. ئێوە چۆن خەڵک تێدەگەیەنن کە ئەم پرۆگرامانەتان هەیە؟ ئایا لەڕێی سۆشیال میدیاوە ئەو کارە دەکەن یان دانیشتنی ڕووبەڕوو؟**

**جۆن سکاکۆ:** هەردوو ئەو کارە دەکەین. هەموو پرۆگرامەکانمان لەسەر سۆشیال میدیا ریکلامی بۆ دەکەین. هەروەها لەسەر ماڵپەڕی باڵیۆزخانەش. سەبارەت بە وەدەسهێنانی زانیاری دروستیش، ئێمە پرۆگرامێکمان لەم ڕۆژانەدا تەواو بوو کە ئێستا دووبارەی دەکەینەوە. ئەویش بریتییە لە کۆرسی مەزنی ئۆنلاین کە دەزگای کۆرسێرا جێبەجێی دەکات و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا فەندی دەکات و زانکۆی پەنسلڤانیا کۆرسەکەی دابین دەکات، دەربارەی خوێندەواریی میدیایی. ئامانج لەم پرۆگرامەش ئەوەیە هاوکاریت بکات کە بەچاوی ڕەخنەگرانەوە لەمیدیا بڕوانی و بزانی سەرچاوەی ئەم زانیارییە کوێیە و ئایا هیچ لایەنداریەک لەم میدیایەدا هەیە. شتی لەم شێوەیە. ئەمە شتێکە کە خەڵک تەنانەت لە ئەمریکاش هەندێجار ئاگاداری نین، بۆ نموونە هەواڵی سەر فەیسبووک.

**ڕووداو: کەواتە پێویستییەک هەبوو کە بووە هۆی هێنانی پرۆگرامێکی لەمشێوەیە. بۆ نموونە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بگرە**

> 60 ساڵە پرۆگرامی فێربوونی زمانی ئینگلیزیمان هەیە

**لەئەمریکاش خەڵک هەن کە ناتوانن بەئاسانی هەواڵی هەڵە بناسنەوە کە لەم ڕۆژانەدا زۆر باوە؟**

**جۆن سکاکۆ:** بەڵێ ڕێک وایە. ئێمە 20 هەزار بەشداربوومان هەبوو لە خولی یەکەمی پرۆگرامەکە کە عێراق زۆرترین بەشداربووی هەبوو. 2000 کەس لێرەوە بەشدار بوون کە دەکاتە 10%ی بەشداربووان و ئەمەش نیشاندەری ئەوە بوو کە لێرە ئارەزوو هەیە بۆ ئەو بابەتە.

**ڕووداو: پرۆگرامەکانتان تەنیا تایبەتن بە کەسانی بواری پەروەردە وەک ئەکادیمی و مامۆستا و قوتابی یان کەسانی ئاساییش دەتوانن سوود لە پرۆگرامەکانتان وەربگرن؟**

**جۆن سکاکۆ:** زۆربەی ماددەکان بۆ مامۆستا و قوتابی زمانی ئینگلیزین. بەڵام پرۆگرامی مووک بۆ

> پرۆگرامێکمان هەیە بۆ ناسینەوەی هەواڵی درۆ

بواری پەروەردە نییە بە تەنیا. چەند پرۆگرامێکمان هەیە بۆ نموونە دەربارەی ڕاگەیاندن، بیرکردنەوەی کریتیکانە و بواری داهێنان. ئەوانە کراوەن، بەڵام ئاستی ئینگلیزییەکە ئاستی مامناوەندە و هەموو کەسێ ناتوانێ تێیدا بەشداربێ. کۆرسمان نییە بۆ کەسانی ئاستی سەرەتا یان ئەو کەسانەی حەزیان لەوەیە فێری ئینگلیزی ببن. تاکە شتی جیاواز بەرنامەی سکوڵەرشیپی بچووکە کە لە عێراق هەمانە و زۆرترین ژمارەی لە کوردستانە و حاڵی حازر پێنج پرۆگرامن. ئەمانە پرۆگرامن بۆ کەسانی گەنج تا لەدوای کاتی قوتابخانە یان لەکۆتایی هەفتە فێری ئینگلیزی ببن. هەروەها فێری بەهرەی بوون بەسەرکردە دەبن یان توانای هاوکاریکردنی کۆمەڵگاکەیان. ئەم پرۆگرامانەمان لە هەموو کوردستان و عێراقیش هەن. قوتابییەکانی ئەو پرۆگرامانەش لەتەمەنی 13 -15 ساڵن. لەبەرئەوەی لەو تەمەنەدان، ئینگلیزییەکەیان زۆر پێشکەوتوو نییە و ڕەنگە لەئاستی دەسپێکدا بن.

**ڕووداو: لە ئەنجامی مامەڵەکردنتان لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و مامۆستا و قوتابی لە کوردستان یان عێراق، توانا و حەز بۆ زمانی ئینگلیزی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ ئایا ئارەزوو هەیە لێرە بۆ فێربوونی ئەو زمانە؟**

**جۆن سکاکۆ:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە. هەموو ئەو کەسانەی لێرە بینیومن و قسەم لەگەڵ کردوون، زۆر بە پەرۆشن بۆ فێربوون و دڵخۆشن بە پرۆگرامەکانمان. ئەگەر بمانەوێ بەو هەموو خواستەدا بگەین 10 کەسی وەک منمان پێویستە.

**ڕووداو: پێتوایە زمانێک کە خەڵک لە وڵاتی جیاواز و تەنانەت کیشوەری جیاوازیش قسەی پێدەکەن دەتوانێ گەلان و کولتوورەکان لێک نزیک بکاتەوە و باشتر لەیەکتر تێبگەن؟**

**جۆن سکاکۆ:** بەڵێ بنەمای لێکتێگەیشتن کۆمیونیکەیشنە و بەبۆچوونی من توانای قسەکردن بە ئینگلیزی هاوکاریی ئەو پرۆسەیە دەکات. باشترین نموونە لای من سەنگاپوورە کە ساڵانی پەنجا ئەو هەلەی هەبوو ئینگلیزی یان چینی بکاتە زمانی فەرمیی وڵات. سەرۆکەکەیان بڕیاری دا ئینگلیزی بکاتە زمانی یەکەم. هەندێ لە هۆکارەکە ئەوە بوو کە خۆی بە ئینگلیزی خوێندبووی و گەورە بووبوو. خۆش دەبوو بزانین سەنگاپوور ئەمڕۆ چۆن دەبوو ئەگەر زمانی چینی هەڵبژاردایە. تۆ بڵێی وەک ئێستا پێشکەوتوو بووایە و یەکێک بووایە لە ڕێبەرەکانی جیهان؟ چینی زمانێکی مەزنە و لە هەموو زمانێکی دیکە زیاتر قسەی پێدەکرێ، بەڵام بەبۆچوونی من سەنگاپوور ئەو وڵاتە نەدەبوو کە ئێستا هەیە ئەگەر چینی زمانیان بووایە.

**ڕووداو: لە ئەمریکا بەتایبەت و لە ژاپۆنیش کە ساڵی ڕابردوو سەردانم کرد، پرۆگرامیان هەیە بۆ بردنی دیپلۆمات و ئەندامانی پەرلەمان و کارمەندانی دەوڵەت تاوەکو ببینن لەوێ بوارە جیاوازەکان چۆن کار دەکەن. ئایا ئەم پرۆگرامانەی ئێوەش کارمەندانی دەوڵەت یان گوتەبێژی دەزگاو فەرمانگەکان لەخۆ دەگرێ بۆ باشترکردنی توانای ئینگلیزییان؟**

**جۆن سکاکۆ:** ئێمە پرۆگرامی تایبەتمان نییە بۆ دیپلۆماتکاران، بەڵام پرۆگرام هەیە بۆ ناردنی نوێنەری دەزگاکانی حکومەت بۆ بینینی شێوازە باشەکانی پەروەردە و خوێندن کە ئەمەش بواری تایبەتمەندیی منە. بۆ نموونە دەیانتنێرین بۆ زانکۆکان لە ئەمریکا تاوەکوو ببینن بابەتی زانستی ستێم چۆن دەگوترێتەوە. لەگەڵ بابەتی تەکنۆلۆژیا و ئەندازیاری و ماتماتیک بە زمانی ئینگلیزی. یان بۆ نموونە دەیانبەین بۆ قوتابخانەیەک لە کالیفۆرنیا

> لێرە ئارەزوویەکی زۆر بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەیە

تا بزانن لەوێ چۆن وانە بە کەسانێک دەڵێنەوە کە زمانی دووەمیان فێر دەبن. بەڵێ نوێنەری حکومەت و مامۆستا دەنێرین بۆ قوتابخانە و زانکۆکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. مانگی ئادار هەندێ کەس دەنێرین بۆ کۆنفرانسی تیسۆل و هیواداریین هەندێ

> سەنگاپوور زمانی چینی هەڵبژاردایە نەدەبووە ئەو وڵاتەی ئێستا

کەسی کوردستانیشی تێدابن.

**ڕووداو: ئێستا لەناو ئەندامە گەنجەکانی خێزانەکەم و منداڵی هاوڕێکانم دەبینم کە زمانی ئینگلیزی باوە بە تایبەت ئینگلیزی ئەمریکی، ئەمە لە کوردستان و لە وڵاتی دیکەش تێبینیم کردووە. بە بۆچوونی تۆ هۆکارەکە هۆڵیوود و میوزیکە یان چییە کە لای گەنجان ئینگلیزی ئەمریکی زیاتر خوازراوە؟**

**جۆن سکاکۆ:** هەر ئەوەیە کە خۆت گوتت، موزیک و فیلم و تەلەفزیۆنی ئەمریکی. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی سەر ئینتەرنێت زیاتر بنکەکەیان لە ئەمریکایە و خەڵک حەزیان لەوەیە و ڕەنگە بیانەوێ دەنگیان وەک ئەکتەری هۆڵیوود وابێ کە بەلای منەوە ئاساییە. بەڵام هەروەک دەزانی جیاوازییەکی زۆر کەم هەیە لەنێوان ئینگلیزیی بەریتانی و ئەمریکی. بۆ من ئەوە گرنگە کە فێری ئینگلیزی ببن. ڕاستە ئێمە پەرە بەئینگلیزی ئەمریکی دەدەین، بەڵام گوێی نادەمێ ئەگەر کەسێ فێری ئینگلیزی بەریتانی ببێ.

**ڕووداو: پێتوایە زانینی زمانی ئینگلیزی چانسی کەسێک زیاتر دەکات لەبازاڕی کاردا، هەروەها وڵاتێکیش دەخاتە سەر نەخشەی جیهان. هەرچەند باسی ئەو لایەنەمان کرد لە کەیسی سەنگاپوور. بەڵام بۆ دۆزینەوەی کار، تا چەند گرنگە بۆ کەسانێک لە شوێنێک کە ئینگلیزی زمانی دایکیان نییە خۆیان فێری ئینگلیزی بکەن؟**

**جۆن سکاکۆ:** ئەوە زۆر ڕاستە. ئەگەر بڕۆی بۆ یەکێک لە زانکۆکان لە عێراق یان لە کوردستان کە ئینگلیزی تێدا دەگوترێتەوە، لە قوتابییەکان بپرسی بۆچی لەو زانکۆیەن، زۆربەیان پێتدەڵێن لەبەرئەوەی توانای هەلی کاریان زیاتر دەکات. ئامارەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو کەسانەی لەدنیادا ئینگلیزی دەزانن و لەهەر بوارێکدا کار دەکەن، هەمیشە ئاسانترە بۆیان کار بدۆزنەوە. من تازە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتووم و سێ ساڵ لەوێ بووم. ئەوەش ناوچەیەکی ئینگلیزی زمان نییە و زیاتر ڕووسی زاڵە. بەڵام هەر قوتابییەک بینیبێتم خەریکی فێربوونی ئینگلیزی بووە چونکە دەیانزانی لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن کار دەدۆزنەوە. کارێکی باشتریش لەوەی کە بەبێ زمانی ئینگلیزی دەیدۆزنەوە. کەواتە ئەو لایەنی کارەش هۆکارێکی زۆرباشە بۆ فێربوونی ئینگلیزی.

## ساڵانی پێشتر دوو هەزاری دەنارد

# بەغدا 30 هەزار پێکوتەی دژە ئەنفلەوەنزا بۆ سلێمانی دەنێرێ


سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی


ئەمساڵ بەغدا ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە ساڵان پێکوتەی دژی ئەنفلوەنزای وەرزی بۆ سلێمانی ناردووە. راپرسییەکی رووداویش دەریدەخات زۆربەی خەڵکی نازانن کوتان لە دژی ئەنفلوەنزا بۆ کەسانی پێگەیشتوو لە کوردستان هەیە.

ئەنفلەوەنزا خێزانێکی بەرفراوانە لە جۆری جیاوازی ڤایرۆس کە سێ گرووپی سەرەکین (A،B،C)، هەر جۆرێکیان چەند لقێکی جیاوازی لێ دەبێتەوە. ئەوەی لەنێو خەڵکیدا زۆر مایەی دڵەڕاوکێیە، ئەنفلوەنزای بەراز و باڵندەن. خەڵکی وا تێگەیشتوون کە ئەنفلەوەنزای وەرزی جۆرێکی زۆر سادەیە و مەترسی نییە و ئەنفلەوەنزای بەراز بۆ نموونە، ئێجگار مەترسیدارە. بەڵام نە ئەنفلەوەنزای وەرزی هێندە سادەیە، نە ئەوەی بەرازیش هێندە مەترسیدارە.

گەورەترین پەتای ئەنفلەوەنزا کە تۆمار کرابێت و زۆرترین قوربانیی نابێتەوە، ئەنفلەوەنزای ئیسپانییە کە ساڵی 1918-1919 بڵاوبووەوە و نزیکەی 100 ملیۆن کەسی لەنێوبرد.





ئەنفلوەنزای وەرزی هەشت کەسی لە کوردستان کوشتووە

### هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت لە سەرەتای تووشبووندا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان هەڵامەت و ئەنفلەوەنزادا نییە.

د.سەربەست فەخرەدین پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو دەڵێت: "سەرەتا ئەنفلەوەنزاش وەک هەڵامەت بە نیشانەکانی وەک لووتگیران و سووتانەوەی قورگ و لووت و تای کەم و پژمین دەردەکەوێ، بەڵام لە ئەنفلەوەنزادا دواتر ئازاری ماسولکەکان و داهێزرانی لەش و تای بەرز و لە هەندێک حاڵەتدا هەوکردنی سییەکان دەردەکەوێ".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، هەڵامەت زۆربەی کات بە سادەیی و بەبێ ماک کۆتایی دێت. بەڵام لە ئەنفلەوەنزادا ئەگەری ئاڵۆزکاری زیاترە، بە تایبەت ئەگەر کەسەکە لەوانە بێ کە دۆخی تەندروستییان ناسکترە (وەکوو بەساڵاچووان، منداڵان، ئافرەتی دووگیان. ئەوانەی بەرگرییان لاوازە، تووشبووانی شەکرە، ئەوانەی دەرمانی دابەزاندنی بەرگری بەکاردێنن، ئەوانەی گورچیلە و جگەریان سستە، نەخۆشییە درێژخایەنەکانی کۆئەندامی هەناسە، وەکوو رەبۆ و هەوکردنی درێژخایەنی قەسەبات).

پسپۆڕێکی خۆپاراستنی تەندروستیش دەڵێ لەڕووی زانستییەوە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان هەڵامەت و ئەنفلەوەنزادا نییە.

د.نەورۆز عوسمان، سەرۆکی بەشی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان لە بەڕێوەبەرێتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "هۆکاری هەردووکیان هەر ڤایرۆسە، ئەگەر لە تاقیگە پشکنین بکرێ ئەوکات وردەکاری جۆری ڤایرۆسەکە ڕووندەکرێتەوە".

### پسپۆڕێک: ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا بەشی هەمووان ناکات

ئەنفلەوەنزا هەموو ساڵێک گۆڕانکاری سادە لەخۆیدا دروستدەکات، چەند ساڵێک جارێک گۆڕانکاریی گەورەی تێدا بەدی دێت. بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییە سادەکان، ساڵانە ڤاکسینی تایبەت دژی ئەنفلەوەنزا دروستدەکرێت. واتە بەپێچەوانەی نەخۆشییە ڤایرۆسییەکانی دیکەی وەک سوورێژە و دڕکەومێکوتە، ناتوانرێ ڤاکسینێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ دژی ڤایرۆسی تووشکەری هەڵامەت و ئەنفلەوەنزا دروستبکرێ!

د.نەورۆز عوسمان دەڵێ: "وەزارەتی تەندروستی کوردستان دەسەڵاتی کڕینی ڤاکسینی نییە. بەڵکو تایبەتن بە دەسەڵاتی ناوەند لە بەغدا، ئەوان دەیکڕن و پشکنینی کۆنترۆڵی جۆریی بۆ دەکەن و پاشان رەوانەی پارێزگاکانی دەکەن".

د.نەورۆز ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی ساڵان هەزار بۆ دوو هەزار ڤاکسین دەگەیشتە پارێزگایەکی وەکو سلێمانی، بەڵام ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر زیاتر هاتووە "ئەمساڵ بەغدا 30 هەزار ژەمی بۆ ناردووین و ئێمەش دابەشمان کردووە بەسەر مەڵبەندە تەندروستییەکانی نێو شار و قەزا و ناحیەکان".

دکتۆر نەورۆز دەڵێ ژمارەی دانیشتووان هێندە زۆرە، نە ئێمە و نە بەغدا ناتوانین بەشی هەمووی ڤاکسینی دژە ئەنفلەوەنزا پەیدا بکەین، بۆیە وا باشترە کوتانەکە زۆرتر بۆ ئەوانە بێ کە دۆخی تەندروستییان ناسکترە.

د.خالس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێ ئەو ژمارە زۆرە لە ڤاکسینی دژە ئەنفلەوەنزا بۆ هەولێر و دهۆک نەهاتووە.

ئەوەی جێی سەرنجە، زۆربەی خەڵکی نازانن کە ڤاکسینێکی لەو جۆرە لە کوردستان هەیە. راپرسییەکی رووداو کە لە رێی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکەوە کراوە و پرسیویەتی "بیستووتە لە کوردستان کوتانی کەسانی پێگەیشتوو دژی ئەنفلەوەنزا هەبێ؟" 176 کەس وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە کە 56%یان دەڵێن نەخێر نەیانزانیوە.

### لە کوردستان قوربانیی ئەنفلەوەنزا کەمترە!

بەپێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئێستاش ئەنفلەوەنزای وەرزی، ساڵانە نزیکەی 500 هەزار کەس دەکوژێت. کەچی لە کوردستان ژمارەی قوربانیانی ئەنفلەوەنزا بەرچاو نییە.

د.خالس لەبارەی ئامارەکانی قوربانیانی ئەمساڵی ئەنفلەوەنزا لە کوردستان گوتی "ئاگادار نین ئەمساڵ هیچ کەسێک بە ئەنفلەوەنزا مردبێ".

بەپێی راگەیەنراوێکی وەزارەتی تەندروستی، ساڵی 2015 هەشت کەس بە ئەنفلەوەنزای وەرزی مردبوون. جگە لە ئەنفلەوەنزای وەرزی، ساڵانی پێشوو ژمارەیەک حاڵەتی ئەنفلەوەنزای باڵندە و بەرازیش تۆمارکراون.

د.نەورۆز دەڵێ جگە لە جیاوازی لە توخمی ڤایرۆسەکان و رادەی کوشندەییان لەنێوان کوردستان و وڵاتانی دیکە، باری کۆمەڵایەتی و ئایینی خەڵکی کوردستانیش رۆڵێکی باش دەبینێ لەوەی ژمارەی قوربانیانی ئەنفلەوەنزا کەمتر بن. "تووشبووانی ئایدز، ئالوودەبووی ماددە هۆشبەرەکان و کەسانی بێلانە لەبەرچاوترین قوربانیانی ئەنفلەوەنزا و پەتا وەرزییەکانن، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەمانە نەبوونەتە دیاردە".

### لە خۆڕا دەرمان وەرمەگرن

پسپۆڕەکەی خۆپاراستنی تەندروستی دەڵێ زۆربەی کات ئەنفلەوەنزا و هەڵامەت سەردانی پزیشکیان ناوێ و تەنیا هەندێک رێوشوێنی سادەیان دەوێ تاوەکو سووڕی نەخۆشییەکە تەواو دەبێ "سێ رۆژی یەکەمی پەتاکە تەنیا پشووی زیاتر بدە، شلەمەنی زۆرتر بخۆنەوە، تاوەکو دەتوانن پەنجەرە واڵا بکەن یان لە شوێنێک زۆرتر دابنیشن کە هەواگۆڕکێیەکی باشی هەبێ، دژە ئازاری وەک پاراسیتۆڵ بەکاربهێنن و لەکاتی پژمین و کۆکە دەستەسڕ و کلینیکس بەکاربهێنن تاوەکو کەسانی دیکە تووش نەکەن، زوو زوو دەستەکانتان بشۆن و تەوقە و ماچ لەگەڵ کەسانی تەندروست مەکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش تووش نەکەن".

بەڵام ئەگەر پاش سێ رۆژ لە پیادەکردنی ئەو رێنماییانە، نەخۆشەکە باری تەندروستی باش نەبوو، ئەوە نابێ لە خۆڕا دەرمان بکرن، بەڵکوو دەبێ سەردانی نزیکترین بنکەی تەندوستی بکەی یان پزیشکی پسپۆڕ بتبینێ.

### منداڵان زیاتر لە مەترسیدان

پسپۆڕێکی نەخۆشییەکانی منداڵان دەڵێ منداڵان بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان کەمتر لە شەش مانگە، کۆئەندامی بەرگریان لاوازترە و ئەگەری ئاڵۆزکاری تێیاندا زیاترە.

د.کۆیان زاهیر بە (رووداو)ی گوت: "گرفتی گەورەمان لەگەڵ دەرمانی دژەزیندە و دژەکۆکەیە کە بێئەوەی پێویست بن دەدرێنە منداڵان. بە جۆرێک کاتێک منداڵەکە دەهێننە لای ئێمە، چەند جۆرێک لەوانەیان پێیە بێئەوەی پێویست بن، کەچی دایک و باوکەکە داوای زیاتر دەکەن".

زۆربەی دایکان و باوکان، ترسیان لە زۆر کۆکینی منداڵەکانیان هەیە. بەڵام دکتۆر کۆیان دەڵێت "کۆکە چەکێکی بەرگریی جەستەیە بۆ خاوێنکردنەوەی بۆڕییەکانی هەوا، لە زۆربەی پەتاکاندا سێ هەفتەی دەوێ تاوەکو کۆتایی دێت. ئەگەر نەبێتە هۆی رشانەوە یان هەناسەتوندییەکی زۆر، پێویست ناکا دەرمانی دژەکۆکەی بۆ بەکاربهێنێ".

# سەرکۆنەکردن منداڵەکەت قەڵەوتر دەکات


رووداو- DW


پزیشکان رێنمایی دایکان و باوکان دەکەن لە رێگەی هاندان و رێوشوێنی ئەرێنییەوە کار لەسەر منداڵەکانیان بکەن کە کێشیان دابەزێنن و دووربکەونەوە لە شەرمەزارکردنیان. پزیشکەکان دەڵێن تەریقکردنەوە و شەرمەزارکردنی منداڵ زۆرتر دەیبات بەرەو گۆشەگیری و زۆرخۆری.

ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکانی منداڵان و کۆمەڵەی قەڵەویی ئەمریکی، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیاندا دەڵێن بەکارهێنانی شێوازی هەست بریندارکەر لە گرفتی قەڵەویی منداڵاندا نەک ئەنجامی باشی نابێ، بەڵکو دۆخەکە خراپتر دەکات و منداڵەکە بەرەو قەڵەویی زیاتر دەبات، چونکە دەبێتە هۆی زۆرخۆری، کەمجووڵان، گۆشەگیری و ئەنجامنەدانی پشکنینی پێویست.

ستیڤن پۆنت، یەکێک لە ئامادەکارانی بەیاننامە هاوبەشەکە و سەرۆکی بەشی قەڵەوی لە ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکیی منداڵان، دەڵێ: "شێوازی ئەرێنی بەکاربهێنن، دەبێ بزانین دروستکردنی گۆڕانکاری لە کەسێکدا کارێکی سەختە، ئەو منداڵانەش لە سەرەتای هەوڵدانیان بۆ زاڵبوون بەسەر سەختییەکەیان تووشی گرفتاریی زۆر دەبنەوە، بەڵام ئەوان و ئێمەش دەتوانین لەم سەختییانەوە فێرببین و لێیان دەرباز ببین".

پۆنت کە لە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی تێکساسیش کاردەکات، هەروەها دەڵێ: "دەزانین منداڵانی قەڵەو متمانەیان بە خۆیان کەمترە، خەمۆکی و دڵەڕاوکێشیان زیاترە، بۆیە دەبێ رێوشوێنی ئەرێنی و هاندەری دڵخۆشکەر بەکاربهێنین بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانیان، نەوەک تانەلێدان و شێوازی بریندارکەر".

بەیاننامە هاوبەشەکە دەڵێ ئێستا لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا قەڵەوی لە بڵاوترین گرفتە تەندروستییە درێژخایەنەکانە لەنێو منداڵاندا، بە جۆرێک یەک لە سێی کەسانی خوار تەمەنی 19 ساڵان لە ئەمریکا کێشیان لە ئاسایی زیاترە یان قەڵەون.

سەرکۆنەکردنی ئەم منداڵە قەڵەوانە لەلایەن خێزان و دەوروبەرەوە، تووشی گۆشەگیری، خەمباری و شەرمیان دەکات. بەیاننامەکە هانی پزیشکان دەدات لەگەڵ خێزانەکان گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی تێیانبگەیێنن بە چ شێوازێک هاوکاریی منداڵانی قەڵەو بکەن کێشیان دابەزێنن، بەبێ ئەوەی هەستیان بریندار بکەن.



# جەستەی دایکت چی لەبارەی تەندروستیتەوە دەڵێ؟


رووداو- مێلسکۆم


دەزانی ئەگەری زۆرە تۆش تووشی هەمان ئەو چرچییانە ببی کە ئێستا دایکت هەیەتی؟ دەزانی 10 یان 20 ساڵی دیکە هەمان کەمەری ئەوت دەبێ، ئەگەر بە هەمان شێوازی ئەو بژیت. جینەکان رێگەخۆشکەرن بۆ چوونەوە سەر هەمان شێوەی دایکت، بەڵام شێوازی تەندروستانەی ژیان بەشێک لەو ئاراستانە دەگۆڕێ و وادەکات تۆ لەو تەندروستتر بی. واتە نیوەی هۆکارەکان جینەکان و نیوەکەی دیکەی هەڵسوکەوتی خۆتن.



### 1 شێوەی جەستە:

بەگوێرەی بڵاوبوونەوەی چەوریی زیادە لە ورگ و دەوروبەریدا، جەستەی مرۆڤ شێوەی سێو یان هەرمێیەک وەردەگرێ. لە بەشێک لە ئافرەتاندا چەوریی زیادە زیاتر لە دەوری ران و سمت کۆدەبێتەوە. بەمجۆرە لەشیان وەک هەرمێیەک دەردەکەوێ، کەچی لە هەندێکی دیکەدا زیاتر لە دەوروبەری کەمەردا کۆدەبێتەوە و بەمجۆرە شێوەی سێوێک وەردەگرێ. قەڵەویی سێوی لە قەڵەویی هەرمێیی زیاتر پەیوەندی بەو مەترسییانەوە هەیە کە لە ئەنجامی قەڵەویی پەیدا دەبن.

چەوریی ناوسک زیاتر پەیوەندی بە تووشبوون بە شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و شێرپەنجەی مەمکی ئافرەتان و کەمبوونەوەی بەپیتی و وەستانی هەناسە لەکاتی خەودا هەیە. بەمجۆرە ئەوانەی قەڵەویی سێوییان هەیە، لە هەرمێییەکان زیاتر مەترسییان لەسەرە. دەبێت هەوڵێکی زیاتری رێکخستنی کێش بدەن.

بزانە دایکت سێوییە یان هەرمێیی و خۆت بۆ هەمان جۆری جەستە ئامادە بکە لە داهاتوودا! بەڵام وەرزش و شێوازی تەندوستانەی خۆراک و نەریتە تەندروستەکانی دیکە وادەکەن جەستەی تۆ جوانتر بێ و نەگاتە هەمان گرفتەکانی دایکت.

### 2 جەستەی چالاک و وەرزشیانە:

ئەگەر دایکت جەستەی چوست و چالاکی هەیە و زیاتر بەرگەی وەرزش و ماندوێتییەکەی دەگرێ، ئەوە تۆش ئەو توانایە بەدەستدەخەی و بەپێچەوانەوە. بەڵام بیرت نەچێ، ئەگەر دایکت لەم رووەوە خاڵی لاوازی تۆیە، نابێ ساردببیتەوە. راستە ئەگەر دایکت جەستەیەکی لێهاتووی نەبێ، زەحمەتە تۆش ببی بە یاریزانی ئۆڵۆمپی، بەڵام وەرزش و کۆڵنەدانی تۆ وا دەکات جەستەت چالاکتر بێ لەوەی لە جینەکانی دایکت بۆت نووسراوە.

### 3 پێست:

ئەگەر دایکت پێستێکی زیپکاویی هەیە، ئەوە لە جینەکانیدا ئەو جیاکەرەوەیەت بۆ دەگوازێتەوە کە بە زۆری بەهۆی چەوریی پێست روودەدات، بەڵام بیرت نەچێ پێستی چەور زیاتر گەنج دەمێنێتەوە لە چاو پێستی وشک.

ئەگەر سیفەتە جینییەکانی پێستیشت خراپ بن، هەفتانە چوار کاژێر وەرزش، وادەکات پێستت گەنجتر دەربکەوێ لەوەی لە جینەکانت بۆت نووسراوە و کاتی خۆی دایکت بەوجۆرە بووە.

### 4 باری دەروونی:

ئەگەر دایکت خەمبار و خەمۆکە، ئەوە ئەگەری خەمبار دەرکەوتنی تۆش سێ هێندەی ئەو کەسانەیە کە دایکیان بەو جۆرە نییە. خەوی تەندروستانە لەڕووی کات و ماوەی نووستن، وەرزشکردن و تێکەڵی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە خەمۆکیی بۆماوەییش دوورت دەخەنەوە.

### 5 بەپیتی:

ئەگەر دایکت درەنگ بگاتە تەمەنی نائومێدی، ئەگەری زۆرە لایەنی بەپیتی و منداڵ دروستکردنی تۆ لە کەسانی دیکە باشتر بێ. ئەو کچانەی دایکیان لە تەمەنی 45 ساڵی سووڕی مانگانەیان نامێنێ، ئەگەری زۆرە خۆیشیان هەر زوو هێلکەیان نەمێنێ.. هەروەها لەبارچوونی منداڵیش پاڵنەری بۆماوەیی هەیە. بۆیە ئەگەر دایکت وەک پێویست بەپیت نەبووە، یان زوو زوو منداڵی لەبارچووە، باشترە تۆ هەر زوو مشووری خۆت بخۆی و داوای هاریکاری لە پزیشک بکەی بۆ باش مانەوەی توانای بەپیتیت.

### 6 جومگەکان:

ئەگەر دایکت تووشی داخوران و ئازاری درێژخایەنی جومگە بووە، ئەوە ئەگەری زۆرە تۆش تووشی هەمان گرفت ببی. بۆ ئەوەی جومگەکانت بپارێزی لەو بەڵایەی بەسەر جومگەکانی دایکتدا هاتووە، دەبێ سەرەتا نەهێڵی قەڵەو ببی، هەروەک دەبێ چالاکیی جەستەییت زۆر بێ و ماسولکە راگرەکانیان بەهێز بکەی.

## بیر لە هاوپەیمانی نوێ دەكاتەوە




# ئیسرائیل متمانەی بە ترەمپ نەماوە

**رووداو- هەولێر**

لەگەڵ نەمانی مەترسیی داعش، ئێران، سعودیە و رووسیا هەوڵی پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە دەدەن كە بەهۆی غیابی سەركردایەتیی ئەمریكاوە لە ناوچەكەدا پەیدا بووە. بەرپرسانی ئیسرائیلی نیگەرانن لەوەی ئەمریكا بێ ئەوەی بیری لە چارەنووسی ناوچەكە و بەرژەوەندیی هاوپەیمانەكانی كردبێتەوە، ناوچەكەی پشتگوێخستووە. ئەوەی بە تایبەتی ئیسرائیلییەكانی نیگەران كردووە، فراوانخوازیی ئێران و هاوبەشەكانیەتی لە ناوچەكەدا.

بە گوێرەی راپۆرتێكی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریكی، بەرپرسانی ئیسرائیلی چیدی نیگەرانی جێبەجێكردن یان نەكردنی رێككەوتنە ئەتۆمییەكەی ئێران نین، بەڵكو نیگەرانی ئەوەن ئەمریكا هیچ ستراتیژێكی نییە بۆ ئەوەی هەوڵەكانی ئێران بۆ تێكدانی سەقامگیریی ناوچەكە جڵەو بكات. تەلەڤیڤ پێیوایە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، هیچ پلانێكی نییە بۆ كۆنترۆڵكردنی ئێران، ئەمەش لە ساڵانی داهاتوودا كاریگەریی راستەوخۆ لەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی لە ناوچەكەدا دادەنێ.

لە 15 ساڵی رابردوودا ئێران لەسەر بنەمای قۆستنەوەی كەموكورییەكانی بەرامبەر، هەوڵی بەهێزكردنی خۆی داوە. لەو ماوەیەدا سێ رووداو هەبوون كە كاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر وەدیهاتنی ئەو ئامانجەی ئێران هەبووە، یەكەمیان هێرشەكانی هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان لە (2001) و عێراق لە (2003) بووە، بەهۆی ئەم دوو هێرشەوە ئێران دوو دوژمنی سەرەكی لە كۆڵ بووەوە: تاڵیبان و رژێمی سەدام حوسێن. لە هەردوو وڵاتەكەش بۆشاییەكی ئەمنی دروستبوو كە ئێران دەیتوانی سوودی لێ وەربگرێ.

رووداوی دووەمیان بەهاری عەرەبی بوو كە لێكەوتەی ناكۆكی و درزی گەورەی نێوان دەسەڵات و كۆمەڵگا لەو وڵاتانە بوو. شارەزایانی ئیسرائیلی پێیانوایە "چیرۆكی بەهێزبوونی ئێران ئەوەندەی پەیوەندی بە لاوازبوونی جیهانی عەرەبییەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە هێزی ئێران خۆیەوە نییە".

رووداوی سێیەم هاتنە سەركاری باراك ئۆباما، سەرۆكی پێشووی ئەمریكا و دواتر دۆناڵد ترەمپ بوو كە بە كردەوە پێشانیان داوە لە دەرەوەی پاراستنی بەرژەوەندییە كورتخایەنەكانی ئەمریكا لە ناوچەكەدا ئامادەنین چیدی رۆڵی پۆلیسی ناوچەكە بگێڕن. لە چەند ساڵی رابردوودا، پوختەی سیاسەتی ئەمریكا لەدژی ئێران لە ناوچەكەدا بریتی بووە لە فرۆشتنی چەك و سیستەمی بەرگریی نوێ بە وڵاتانی كەنداو، بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێكی دیپلۆماسی لە چوارچێوەی ستراتیژییەكی رێكوپێكدا هەبێت بۆ ئەوەی بەربەستێكی ناوچەیی بۆ پلانەكەی ئێران دابنرێ.

برایان كاتولیس و یۆرام شوایتزەر، لە ناوەندی پێشكەوتنی ئەمریكا (CAP)، لە وتارێكی هاوبەشدا لە (فۆرین پۆڵسی) جەخت لەوە دەكەنەوە كە: "پیشاندانی هێز بە ئێران بە مانای دەستپێكردنی جەنگ لەدژی ئێران نییە، بەڵكو بەو مانایەیە كە لەو شوێنانەی هێز قورسایی و كاریگەریی خۆی هەیە، هێز پیشان بدەی". هەردوو لێكۆڵەرەكە لەگەڵ ژمارەیەك شارەزا و كاربەدەستی ئیسرائیلی قسەیان كردووە و بەبۆچوونی ئەوان "شێوازی مامەڵەكردنی ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ گشتپرسییەكەی كوردستان نموونەیەكی زەقە بۆ ئەوەی ئەمریكا چۆن دەرفەتی بەكارهێنانی نفوزی لەسەر هاوبەشەكانی (واتە عێراق) و بەرەنگاربوونەوەی دژبەرەكانی (واتە ئێران و میلیشیا شیعەكان)ی بەفیڕۆ دا".

### پڕكردنەوەی بۆشایی ئەمریكا دەرفەتە یان هەڕەشە؟

ژەنەراڵ گادی ئایسنكۆت، فەرماندەی هێزەكانی بەرگریی ئیسرائیل، لە دوایین دیمانەدا لەگەڵ ماڵپەڕی (ئیلاف)ی سعودی ئاشكرای كردووە وڵاتەكەی ئامادەیە زانیاریی هەستیاری هەواڵگری لەدژی ئێران لەگەڵ وڵاتانی میانڕەوی عەرەبی ئاڵوگۆڕ بكات، بەو شێوەیەش پەیوەندییەكانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، لەسەرووی هەمووشیانەوە سعودیە، پێ دەنێتە قۆناغێكی نوێوە.

جیا لەمە، هەر ئەم مانگە سەعد حەریری، سەرۆكوەزیرانی لوبنان، لە سعودیەوە دەستلەكاركێشانەوەی خۆی راگەیاند، گومان دەكرێت سعودیە دەستی راستەوخۆی لەو بڕیارەی حەریریدا هەبووبێت. دەستكێشانەوەی حەریری هاوكات بوو لەگەڵ پووچەڵكردنەوەی هەوڵێكی حوسییەكانی یەمەن بۆ مووشەكبارانكردنی سعودیە. بە گوێرەی راپۆرتێكی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، ئەمریكییەكان بەنیاز بوون ئەو هێرشە لەدژی ئێران بقۆزنەوە، بەڵام بڕیاری دەستلەكاركێشانەوەی حەریری (لەژێر گوشاری سعودییەكان) پلانەكەی پووچەڵ كردەوە.

لە رواڵەتدا نزیكبوونەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەكە، خەونی لە مێژینەی كۆمەڵگای نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی كۆتایی بە ململانێیەكی كۆنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بهێنرێ، بەڵام ئەو هەنگاوانە لە كرۆكی خۆیاندا ئاماژەن بۆ ئەوەی ناوچەكە بەرەو شەڕ و ململانێیەكی نوێ و جەمسەربەندیی نوێ هەنگاو دەنێت، پاڵنەری سەرەكیش بۆ ئەمە سستیی ئەمریكییەكان لە بەرامبەر قەیرانە گەورەكانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

ئیدارەی پێشووی ئەمریكا ماوەی پێنج ساڵ بە دەستەوەستانی سەیری رووداوەكانی پاش بەهاری عەرەبی كرد. لە سەرووی هەمووشیانەوە قەیرانی سووریا. هەر ئەمەش رێگەی بۆ رووسەكان كردەوە وەكوو هێزێكی یەكلاكەرەوە شوێنی خۆیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قایم بكەن. هەر ئەو سیاسەتە دەستی ئیدارەی ئێستای ئەمریكاشی بەست لەوەی بەرەنگاری هەوڵە دیپلۆماسی و سەربازییەكانی مۆسكۆ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ببێتەوە.

ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی ناوچەكە دەزانن وجوودی رووسیا لە ناوچەكە دەرفەتی زێڕین بە ئێران دەدات بۆ ئەوەی سنووری نفوزی خۆی فراوانتر بكات. بەمدواییە وەزیری دەرەوەی رووسیا جەختی لەوە كردووەتەوە كە وجوودی سەربازیی هێزەكانی سەر بە ئێران لە سووریا شەرعیە. هەفتەی رابردووش سەرۆكی هەر سێ وڵاتی ئێران، توركیا و رووسیا لە شاری سۆچی لە رووسیا كۆبوونەوە، بۆ ئەوەی لەسەر رێگەچارەیەكی نوێ بۆ قەیرانی سووریا رێكبكەون. ئەوەی ئاشكرایە، رووسیا دەیەوێت نێوبژیوان و دیاریكەری سەرەكی قەیرانی سووریا بێت، بەو پێیەش پشكی شێری لە رۆژانی دوای قەیرانەكەدا هەبێت.

شالۆم لیپنەر، لە پەیمانگای بروكینگز، جەخت لەوە دەكاتەوە كە غیابی ئەمریكا لە ناوچەكە، وڵاتانی هاوپەیمانی واشنتنی لە ناوچەكەدا گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی دەبێ خۆیان بەشێوازێكی توندتر لە جاران هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان بدەن. ژمارەیەكی زۆر لە بەرپرسانی ئەمریكی پشتگیری لەو هەڵوێستە دەكەن، بەڵام لیپنەر پێیوایە ئەو تێڕوانینە كورتبینانەیە، لەبەر ئەوەی "ئەمریكا بەرژەوەندی راستەوخۆی لە جیهاندا هەیە و خراپترین كار ئەوەیە بتەوێت هێزی دیكە ئەو بەرژەوەندییەت بۆ بپارێزن".

لە كاتێكدا كۆنگرێس و كۆشكی سپی سەرقاڵی تاوتوێكردنی گرفتەكانی رێككەوتنە ئەتۆمییەكەی نێوان ئێران و گروپی پێنج كۆ یەكن، ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ناوچەكە بیر لە هەنگاوی داهاتووی ئێران و هەڵوێستی ئەمریكا دەكەنەوە. بەگوێرەی راپۆرتەكەی (فۆرین پۆڵسی)، ئیسرائیلییەكان پێیانوایە ئەوەی بۆ جڵەوكردنی ئێران پێویستە تەنیا گوتاری توند نییە، بەڵكو كردارە.

# پیاوانی سووری دەستدرێژیان دەكرێتە سەر

**رووداو- هەولێر**

ساڵی رابردوو، سارا چینوێس رازی بوو لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی لەبارەی دەستدرێژی بۆ سەر پیاوان لە سووریا بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان بكات كە پوختەیەكی لە رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی بڵاوبووەتەوە. ئەو كات زانیاری زۆر لەسەر ئامارەكانی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان هەبوون، بۆچوونی باو ئەوە بوو كە دەستدرێژی بۆ سەر پیاوان دیاردەیەكی هێندە بەربڵاو نییە، بەڵام ساڵێك لێكۆڵینەوەی مەیدانی لەوبارەیەوە دەریخست كە زۆربەی مەزەندەكان بەهەڵەدا چووبوون.

هەنگاوی یەكەمی لێكۆڵینەوە لە هەرێمی كوردستانەوە بوو كە زیاتر لە 200 هەزار پەنابەری سووریی لێیە. چینوێس یەكەمجار لە فڕۆكەخانەی هەولێر دابەزی. بڕیاریش بوو لە كەمپێكی نزیك هەولێر دەست بە لێكۆڵینەوەكەی بكات. ئەو پێشتر پێیوابوو لەوانەیە بەشێكی زۆر لە پیاوان ئامادە نەبن باس لە بابەتێكی لەو جۆرە بكەن كە لە كۆمەڵگاكانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تابوویەكی گەورەیە، بەڵام ئەو بۆچوونەش هەڵە دەرچوو.

تیمەكە یەكەمجار لەگەڵ هەشت پەنابەری پیاوی سووری دانیشتبوو. پیاوەكان لە وەڵامی پرسیاری لێكۆڵینەوە گوتبوویان "بەڵێ بێگومان ئەو دیاردەیە لە هەموو شوێنێكی سووریا هەیە و هەموو لایەنەكانی قەیرانی سووریاش دەستیان لەمەدا هەیە". چینۆیس سەرەتا بڕوای بە زانیارییەكانی ئەو هەشت پیاوە نەكردبوو، لەبەر ئەوەی بڵاوبوونەوەی قسەوقسەڵۆك یەكێك لە دیاردەكانی جەنگە.

بۆ دڵنیابوونەوە لە زانیارییەكان، لێكۆڵەرەكە لەگەڵ 200 پەنابەری پیاوی دیكە لە هەرێمی كوردستان، ئوردن و لوبنان دانیشتبوو، ئەمجارەشیان وەڵامەكان نەك هەر هەمان وەڵام بوون، بەڵكو ژمارەیەك لە پیاوەكان چیرۆكی دڵتەزێنی خۆیان گێڕابووەوە. یەكێك لەو كەسانە پیاوێكی فەلەستینی بووە كە بە درێژایی تەمەنی لە سووریا ژیابوو، هێزێكی چەكدار دوای گرتنی گوندەكەیان، دەستدرێژیان كردبووە سەری. ئەو رووداوە بەجۆرێك تێكیشكاندبوو كە چیدی نەیدەتوانی دەست بۆ هیچ كارێك بەرێت، هەرچەندە دەبووایە خۆی و خوشكە بچووكەكەی بەخێو بكات.

> ئەو دیاردەیە لە هەموو شوێنێكی سووریا هەیە
>
> هەشت پەنابەر

پیاوێكی دیكەش باسی خزمێكی نزیكی خۆی كردبوو كە دوای دەستبەسەركردنی، دەستدرێژی كرابووە سەر. بە گوتەی شایەتحاڵەكە، خزمەكەیان دوای ئازادبوونی رووی لە خواردنەوەی كحول كرد و ماوەیەكی كەم دوای ئازادبوونی، بەهۆی نەخۆشیی گورچیلەوە مرد.

ژمارەیەك لە ئافرەتەكان باسی ئەزموونی ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەو پیاوانە گێڕابووەوە كە دەستدرێژیان كراوەتە سەر. بەگوتەی ئافرەتەكان، ئەو پیاوانە تووشی گۆشەگیری بوون. مەیلیان بۆ سێكس نەماوە و جاروباریش توندوتیژ دەبن. ژمارەیەكیان بەهۆی گوشاری دەروونی و فیزیكیی رووداوەكە چیدی توانا یان مەیلی كاركردنیان نامێنێ.

دەستدرێژی دیاردەیەكی نوێ نییە كە تایبەت بێت بە شەڕی نێوخۆی سووریا و دیاردەیەكی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی تەنیا ببەسترێتەوە بە بەتاڵكردنەوەی حەزی سێكسیی دەستدرێژیكارەكان. دەستدرێژی لە زۆربەی حاڵەتەكاندا ئامرازێكی سەپاندنی دەسەڵاتە كە نەك هەر لە شەڕە نێوخۆییەكان، بەڵكو بۆ سەركوتی نارەزایەتییەكانیش بەكارهێنراوە. وەكوو چینوێس ئاماژەی بۆ دەكات، دەستدرێژیی سەر پیاوان و ئافرەتان ئامرازێكی كاریگەرە بۆ تێكشكاندنی كەسایەتی، تۆقاندن و ملكەچكردنی ئەو كەسانەی دەستدرێژیان دەكرێتە سەر.

ژمارەیەك ئافرەت لە كەمپێكی پەنابەران لە ئوردن دەڵێن "لە نێوان 30% بۆ 40%ی پیاوان دەستدرێژیان كراوەتە سەر، بڕوا ناكەین خێزان هەبێت و پیاوێكی تێدا نەبێت كە دەستدرێژی نەكرابێتە سەر". دەستدرێژییەكان تەنیا لە ناو گرتووخانە و شوێنەكانی دەستبەسەركردندا نەبوون، بەڵكو زۆر حاڵەتیش هەبووە كە گرووپێكی چەكدار هێرشیان كردووەتە سەر ماڵی خەڵك و لەوێ دەستدرێژیان كردووەتە سەر هەموو ئەندامانی خێزانەكە.

هەڕەشەی دەستدرێژی لەدوای جێهێشتنی سووریاش بەرۆكی خەڵكی ئەو وڵاتەی بەرنەداوە. بەگوێرەی راپۆرتەكەی (گاردیەن)، پیاوانی بەتەمەنتر لەرێگەی بەڵێنی خۆراك و پارە، كوڕە سوورییەكانیان هەڵخەڵەتاندووە و دەستدرێژیان كردوونەتە سەر.

بەر لە دەستپێكردنی شەڕی نێوخۆیی لە 2011، ژمارەی دانیشتووانی سووریا 21 ملیۆن بوو. تاوەكو كۆتایی مانگی ئەیلولی ئەمساڵ نزیكەی 12 ملیۆن كەس لە خەڵكی سووریا لە ماڵ و حاڵی خۆیان هەڵكەندرابوون. لەو ژمارەیە 6.3 ملیۆن كەسیان لە نێوخۆی سووریادا ئاوارە بوون و زیاتر لە 5.2 ملیۆن كەسیش بۆ دەرەوەی سووریا كۆچیان كردووە كە زیاتر لە نیوەیان تەمەنیان لە خوارووی 18 ساڵە و لە وڵاتانی دراوسێی سووریا لە دۆخێكی ئابووری و گوزەرانێكی سەختدا بوون.

ئەو دۆخە سەخت و نەخوازراوە وای كردووە شوێنەكانی كاركردن ببنە یەكێك لەو شوێنە سەرەكییانەی كە تێیدا دەستدرێژی دەكرێتە سەر پیاوە سوورییەكان، بەتایبەتیش ئەو شوێنانەی كە تێیاندا سوورییەكان بەبێ مۆڵەتی یاسایی كاردەكەن. چینوێس لەگەڵ ژمارەیەك كوڕ و پیاودا قسەی كردووە كە خاوەن كارەكانیان دەستدرێژیان كردووەتە سەریان بە وەعدی ئەوەی هەقدەستەكەیان بدەنێ. دۆخی سەختی ژیانیان لە ئاوارەیی و ئەركی بەخێوكردنی خێزانەكەیان لە دوورەوڵاتی، ناچاری كردوون مەرجەكە قەبووڵ بكەن.

بەپێی راپۆرتی لێكۆڵەرەكەی نەتەوە یەكگرتووەكان، ئافرەتان پشكی سەرەكیی دەستدرێژییەكانیان بەردەكەوێت. ژمارەیەك لە راپۆرتەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن 20%ی ئەو ئافرەتە سوورییانەی لە ماڵ و حاڵی خۆیان دابڕاون، رووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە. چینوێس پێیوایە ئەو ژمارەیە ئاماری راستەقینەی قوربانیانی ئەو دیاردەیە ناخاتەڕوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لەو ئافرەتانەی كە دەستدرێژیان كراوەتە سەر، بەهۆی بەربەستە كۆمەڵایەتی و نەریتییەكان ئامادە نین چیرۆكی خۆیان باسبكەن. راپۆرتەكەی (گاردیەن) دەریدەخات ژمارەی ئەو پیاوانەش كە رووبەڕووی ئەو دیاردەیە بوونەتەوە كەم نییە.



### كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێ خەمە

بە هاناوە چوونی ئەو جۆرە لە قوربانیانی جەنگ پێویستی بە پرۆگرامی تۆكمەیە كە بەشێكی چارەسەركردنی باری دەروونی قوربانیانە و بەشێكی دیكەشی كۆمەڵێك هەنگاوی جیدییە بۆ رێگریكردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتانە لە داهاتوودا. بەشی زۆری ئەو پرۆگرامانە لەلایەن كۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پشتگیری داراییان لێدەكرێت كە تێیدا ئەمریكا پشكی شێری بەركەوتووە. بەڵام ئیدارەی ئەمریكی بڕیاری داوە هاوكارییە مرۆییەكانی خۆی بە رێژەی 32% كەم بكاتەوە.

لێكۆڵەرەكەی نەتەوە یەكگرتووەكان پێیوایە ئەو بڕیارەی مانگی ئاياری واشنتن كاریگەری كارەساتبار لەسەر رەوشی ئەو 65 ملیۆن كەسە دادەنێت كە یان لە ناوچەكانی شەڕ دەژین یان بەهۆی شەڕەوە ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون.



ئیخوانەکان بە مریشکی برژاو گیراوەکان ڕاو دەکەن

گیراوەکانی داعش شکستی دەسەڵاتەکەی مورسی بە چاوی ئیخوانەکاندا دەدەنەوە

# لە گرتووخانەکانی میسردا داعش و ئیخوان دەستەویەخەن

**ڕووداو- هەولێر**

ئیسلامی سیاسی خاڵی هاوبەشی نێوان ئیخوان و داعشە، بەڵام هەر ئەوەش هۆکاری مشتومڕ و شەڕی نێوان لایەنگرانی ئەو دوو گرووپەیە لە میسر کە ماوەی چەند مانگێکە لە گرتووخانەکانی ئەو وڵاتەدا پەرەی سەندووە و هەرکام لە لایەنەکان دەیەوێت مشتومڕەکان وەکوو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ خۆیان بەکاربهێنن.

لە گرتووخانەی تۆرا لە قاهیرە گیراوانی داعش و ئیخوان لەناو یەک بەش دانراون. ماڵپەڕی (بازفید)ی ئەمریکی سەرنجی ئەو مشتومڕە توندەی داوە کە لەسەر ئایین و سیاسەت لەنێو گیراوانی سەر بەو دوو ڕێکخراوەدا هەیە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئەو ماڵپەڕە، گیراوانی داعش ئامادەنین لەلای ئیخوانەکان دانیشن و نان بخۆن، داوایان لە لایەنگرانی داعش کردووە لەگەڵ گیراوە ئیخوانەکان نوێژ نەکەن، تەنانەت کۆمەڵێک ڕێساشیان داناوە کە بەهۆیەوە هاوڕێوەکانی خۆیان بە کافر لەقەڵەم دەدەن و هەوڵی ڕاکێشانی هەندێکیان دەدەن، لە کاتێکدا کەسە بەتەمەنەکانی ئیخوان هەوڵ دەدەن لایەنگرە گەنجەکانیان لەگەڵ ئیخوان بهێڵنەوە و ڕێگە نەدەن لە داعش و گوتاری ئایینی و سیاسیی ئەو ڕێکخراوە نزیک ببنەوە.

بەڵام ئەستەمە مشتومڕی نێوان لایەنگرانی دوو ڕێکخراوی ئایدیۆلۆژی لە قسەکردندا بمێنێتەوە و زۆر جاران پێکدادانی لێدەکەوێتەوە. نیوەڕاستی ساڵی ڕابردوو دەیان کەس لە لایەنگرانی ئیخوان و داعش لەناو مەتبەخی گرتووخانەکە شەڕێکی سەختیان کرد.

شەڕی لایەنگرانی ئەو دوو ڕێکخراوە دەنگدانەوەی گەورەی لە دەرەوەی گرتووخانەکە هەبووە. محەممەد لوتفی، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ کە پەیوەندی لەگەڵ بەندکراوەکانی پێشوودا هەیە، بە (بازفید)ی ڕاگەیاندووە "هەرچی لە مەتبەخەکە دەستیان کەوتبوو بۆ لێدانی یەکتر بەکاریان هێنا". باوکی یەکێک لە بەندکراوەکانی ئیخوانیش لەسەر زاری کوڕەکەی کە شایەتحاڵی شەڕەکە بووە، دەڵێت: "شەڕەکە لە قسەکردنەوە گەورە بوو، دواتر گۆڕا بۆ جوێن و سوکایەتی و دواجاریش کەوتنە گیانی یەکدی".

ئەحمەد جەمال زیاد، ڕۆژنامەنووسی تەمەن 29 ساڵی میسری، ساڵ و نیوێک لە گرتووخانەیەکی باکووری قاهیرە بووە. بە گوتەی ئەحمەد "ململانێی ئیخوان و داعش لەوێ یەکجار توندە. داعش (لە پاڵ ڕاکێشانی بەندکراوەکانی دیکە) هەوڵی ڕاکێشانی ئەندامان و لایەنگرانی ئیخوانیش دەدات. ئیخوانەکانیش ئەمەیان پێ قەبووڵ ناکرێت".

> پێشتر لە زیندانەکانی میسردا کافکا و جۆرج ئۆروێل و ڕۆسۆ دەخوێندرانەوە، ئێستا فکری سەلەفی دەخەنە مێشکت
>
> چالاکڤانێکی دەستگیرکراو

ئیخوان موسلمینی میسر کۆنترین ڕێکخراوی ئیسلامی ـ سیاسیی جیهانە کە لە ساڵی 1928 لەلایەن حەسەن بەننا، کەسایەتی و شارەزای ئاینی، دامەزرا. جەماعەتی ئیخوان موسلیمین لە ساڵی 2015ەوە لەلایەن حکومەتی میسر، سعودیە، بەحرەین، ڕووسیا، سووریا و ئیماراتی عەرەبییەوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەم دەدرێت، هەر بۆیە گیراوەکانیان لەگەڵ بەندکراوەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەکو داعش و قاعیدە دادەنرێن. ئیخوان کە خۆی بە ڕێکخراوێکی بان ـ نەتەوەیی دەناسێنێ، تاوەکو ئێستاش بە گەورەترین ڕێکخراوی ئیسلامیی جیهان لەقەڵەم دەدرێ.

هەر لە کۆنەوە گرتووخانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا شوێنی کۆبوونەوە و بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامییەکان بووە، لەوانەش سەید قوتب کە بە باوکی ئیسلامی توندئاژۆ لەقەڵەم دەدرێت. ئەیمەن زەواهیری، سەرۆکی ئەلقاعیدە و ئەبوموسعەب زەرقاوی، دامەزرێنەری قاعیدەی عێراق.

داعش ئەزموونێکی کۆنی لەگەڵ گرتووخانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و دەزانێت پشت دیواری گرتووخانەکان یەکێک لە باشترین شوێنەکانە بۆ هەڵسانەوە و پەرەپێدانی کاری تیرۆریستی.

ئیخوان کە نزیکەی 90 ساڵ ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی هەیە، بایەخێکی زۆر بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی هەرەمی ڕێکخراوەیی لەناو گرتووخانەکان دەدات. داعشەکانیش لەناو گرتووخانەکاندا ئەمیری خۆیان هەیە کە بە گوتەی زیاد جەمال "داعشە پلە نزمەکان جلەکانی بۆ دەشۆن و ئەو تەنیا بە ژوورەکاندا دەگەڕێ و بانگەواز بۆ داعش و جیهادی چەکداری دەکات، بەڵام ئیخوانەکان لە ڕێگەی خواردن و مریشکی برژاوەوە کە بە قاچاخ هاتووەتە ناو گرتووخانە، هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک دەدەن".

ناکۆکیی سەرەکیی ئیخوان و داعش لەسەر میکانیزم و ئامرازەکانی سیاسەتە. داعش ڕێکخراوێکە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە دامودەزگا، دامەزراوە و پرۆسەیەکی ئیداری و یاسایی مۆدێرن دەکات، بڕواشیان وایە ئەمە تەنیا بە چەک دەکرێت، لەبەرامبەردا ئیخوانەکان بڕوایان بە دامەزراوە و پرۆسە مۆدێرنەکان (لەوانەش هەڵبژاردن و چاکسازی) هەیە و بە ئامراز و میکانیزمی شیاویان دەزانن بۆ ئەوەی بەرنامەکەیان لە جیهانی ئیسلامیدا بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لایەنگرانی داعش ئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی محەممەد مورسی، یەکەم سەرۆکی بە دیموکراسی هەڵبژێردراوی میسر، وەکوو بەڵگەیەک لە دژی ئیخوانەکان بەکاردەهێنن. ئەحمەد عەبدوڵڵا، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ کە ماوەی چوار مانگ و نیو لە گرتووخانەیەکی میسردا بووە، دەڵێت "ئیخوانە گەنجەکان دەڵێن ئێمە دیموکراسیمان تاقیکردەوە و سەرمان لە بەندیخانە دەرچوو، لە میسر ئەوە سوپا بوو کە چەکی بەکارهێنا (نەک ئیسلامییەکان)، عەبدولفەتاح سیسی (سەرۆککۆماری ئێستای میسر) بەچی هاتە سەر حوکم؟ بە چەک".

عەبدولڕەحمان غادی، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار دەستگیرکراوە، دەڵێت هەوڵەکانی داعش و ئیخوان و ڕکابەریی ئەو دوو ڕێکخراوە لەناو گرتووخانەکاندا لە 2015 وە ڕووی لە زیادبوون ناوە، ئەوەش دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی گرتووخانەکانی میسر خوێندنەوەی کتێبیان لە گرتووخانەکاندا قەدەغە کرد، ئەمەش کاتێکی بەتاڵی زۆری هێشتەوە بۆئەوەی گیراوانی داعش و ئیخوان بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بێلایەن سوودی لێ ببینن. بەگوتەی غادی "ئێمە پێش 2015 فرانتز کافکا، جۆرج ئۆروێل و ژان ژاک ڕۆسۆمان دەخوێندەوە و کۆبوونەوەی گفتوگۆی کتێبمان ڕێکدەخست کە هەندێکجار ئیسلامییەکانیش بەشدارییان دەکرد".

عەبدولڕەحمان بەهۆی ڕێکخستنی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بۆ ژووری تاکەکەسی گوازرابووەوە، دوای سێ ڕۆژ ئازاد کرابوو. ئەو دەڵێت "ئێمە پێشتر دەرفەتی ئەوەمان هەبوو کتێبب بخوێنینەوە و کاتەکەی پێ بەسەر بەرین. بەڵام لەپڕ ئەمە نەما. بیهێنە بەرچاوی خۆت کە دوای ئەمە بە لێشاو فکری ڕادیکاڵ بێتە ناو مێشکتەوە، چونکە کەسانێک بێ پسانەوە قسەت بۆ دەکەن، تاوەکوو ئەو کاتەی ئیدی کۆڵ دەدەیت، چونکە لەناو ئەو گێژاوەدا هیچ ئارگومێنتێکی عەقڵانیت پێ نامێنێ و وردە وردە ئامادە دەبیت بۆ ئەوەی بیرکردنەوە و ئارگومێنتە ڕادیکاڵەکانی ئەوان وەربگری".

## ئەفغانستان.. مەیدانێکی نوێی ململانێ لەنێوان ئێران و سعودیە

# میلیشیا ئەفغانییەکانی سەر بە ئێران هەڕەشە لە داهاتووی کابوول دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

لەوەتای شەڕی نێوخۆی سووریا هەڵگیرساوە، ئێران مەشق و چەک پێشکەش بە هەزاران چەکداری میلیشیای شیعەی ئەفغانی دەکات کە بە فیرقەی (فاتمیون) ناسراون. ئێستا کابول تۆقیوە لە ڕۆڵی داهاتووی ئەو میلیشیایە لە داهاتووی ئەفغانستاندا، بەتایبەتی کە گرژیی نێوان کۆمەڵگەی سوننە و شیعەی ئەفغانی روو لە زیادبوونە و گومان دەکرێت زلهێزەکانی ناوچەکە، بەتایبەتیش ئێران و سعودیە، ئەو ناکۆکییە بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکانی یەکدی بەکاربهێنن.

### ئەفغانستان وەکوو زۆنی کاریگەریی ئێران

ئێران و ئەفغانستان 945 کیلۆمەتر سنووری هاوبەشیان هەیە، نزیکەی 20%ی دانیشتووانی ئەفغانستان شیعەن و ئێرانییەکان هەموو ئەفغانستان بە بەشێک لە "ئێران زەمین" دەزانن کە دەستەواژەیەکی کولتوورییە و ڕەگوڕیشەی بۆ ئیمپراتۆرییە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران دەگەڕێتەوە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، فۆکەسی تاران لەسەر کۆمەڵگای شیعەمەزهەبی ئەفغانستان (کە بە هەزارە ناسراون) و کۆمەڵگەی تاجیکەکانی ئەفغانستان کە فارسی زمان و سوننە مەزهەبن، چڕکراوەتەوە. لەڕووی سیاسیشەوە ئێران هیچکات لە هاوکاریکردنی نوخبەی کاربەدەستی ئەفغانستان سڵی نەکردووەتەوە، لەوانەش حەمید کارزای، سەرۆککۆماری پێشووی ئەفغانستان کە بەڕەچەڵەک پەشتووە و سوننە مەزهەبە. جگە لە ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتار و کاربەدەستی حکومەتیش کە ئێران پشتیوانی ماڵی و سیاسییان لێ دەکات.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیشەوە، خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەفغانستان بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی تاڵیبان و کۆنترۆڵکردنی بەشی زۆری ئەفغانستان دەگەڕێتەوە کە دواجار بەهۆی پەنادانی ڕێکخراوی قاعیدەوە بوو بە ئامانجی هێرشەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی. لەو کاتەوە ئەفغانستان وەکوو سەرچاوە و کەناڵی دەستتێوەردانی بیانی لە کاروباری نێوخۆیی ئێران سەیر دەکرێت.

ئالێکس وەتەنخاه، توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێت، ئامانجی ئێران بەرامبەر ئەمریکا لە ئەفغانستان ئەوە بووە ڕێگە نەدات واشنتن لەو وڵاتە براوە بێت و پلانەکەی سەربگرێت، واتە ئێران لە بنەڕەتدا کێشەی ئەوەی نەبوو خۆی سەرکەوتوو بێت، بەڵکو دەیویست ئەمریکا سەرکەوتوو نەبێت، چونکە ئەمە خۆی بە سەرکەوتن بۆ ئێرانییەکان دادەنرا.

بەڵام ئەمریکا تاکە ڕکابەری ئێران نییە لە ئەفغانستان، بەڵکو لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵەکانی سعودیە لە ئەفغانستانیش وەکوو هەڕەشەیەکی نێوخۆیی و ناوچەیی بۆ سەر ئێران سەیر دەکرێت، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەفغانستان وڵاتێکی زۆرینە سوننەیە و سعودیە لە سەردەمی داگیرکاریی سۆڤیەتەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرکردەی گرووپە سوننەکان و هۆزەکانی ئەو وڵاتەدا هەبووە. بەو پێیەش ئەفغانستان مەیدانێکی دیکەی ململانێ ناوچەییەکانی نێوان ئێران و سعودیەیە.

### شەڕی سووریا و گۆڕانی سیاسەتی ئێران لە ئەفغانستان

دەیەیەک دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، شەڕی نێوخۆی سووریا بەرپا بوو. بەر لەدەستپێکی ئەو شەڕە ئێران چەکە کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی حکومەتی کابوول دابنێ. بەڵام لەپاش سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا درزە تایفییەکانی نێوان شیعە و سوننە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئەفغانستانیش دەرکەوت.

شەڕی نێوخۆی سووریا و سەرهەڵدانی داعش سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر ئەفغانستان گۆڕی. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، ئەفغانستان لە شوێنێکەوە بۆ جڵەوکردنی سیاسەتی ئەمریکا گۆڕاوە بۆ شوێنێک بۆ برەودان بە نفوزی ئێران. واتە ئەفغانستان لە خاڵی بەرگریی ئێرانەوە گۆڕا بۆ خاڵی هێرش، بۆ ئەو مەبەستەش هێزی چەکداریی ئەفغانی پێویست بوو کە لە داهاتوودا بتوانن وەکوو وەرەقەی گوشار لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا، سعودیە و حکومەتی کابوول لە ئەفغانستان بەکاربهێنرێن.

> ئێرانیش و سعودیەش لە یەمەن شەڕ بە چەکداری ئەفغانی دەکەن

شەڕی نێوخۆی سووریا و عێراق بۆ چەکدارە ئەفغانییەکان وەکو مەیدانێک بۆ ڕاهێنانی سەربازی و قوتابخانەیەک بۆ وەرگرتنی بنەڕەتەکانی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامی ئێران بووە. نیگەرانیی سەرەکی بەرپرسانی ئەفغانی ئەوەیە دوای تەواوبوونی شەڕی نێوخۆی سووریا و شەڕی دژی داعش، ئەو میلیشیایانە چییان بەسەردێت و چ کاریگەرییەک لەسەر پرۆسەی سیاسی و دۆخی ئەمنیی ئەفغانستان دادەنێن.

ڕەحمەتوڵڵا نەبیل، بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی ئەفغانستان، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی هۆشداری دەدات "ئەوەی ڕوودەدات زۆر مەترسیدارە. چونکە پرسیارەکە ئەوەیە کاتێک شەڕی سووریا تەواو بوو هێزەکانی فاتمیون چییان بەسەر دێت؟".

نەبیل دەڵێت یەکێک لە نیگەرانییەکان ئەوەیە کە "ململانێ ناوچەییەکەی نێوان سعودیە و ئێران بۆ ئەفغانستان بگوازرێتەوە". ئێستا ریاز و تاران لە یەمەن، لوبنان، سووریا و عێراق لە ململانێدان.



چەکدارانی فیرقەی فاتمیون لە نزیک شاری تەدموور لە سووریا

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، یەکێک لەو شوێنانەی ئێران وەکوو شوێنی دانانی بنکەی چەکدارانی فاتمیون بیری لێکردووەتەوە، پارێزگای بامیانە لە ناوەڕاستی ئەفغانستان کە ساڵی2001 بزووتنەوەی تاڵیبان زیاتر لە 300 شیعەی لەو پارێزگایە کۆمەڵکوژ کرد. یەکێک لە چەکدارە شیعەکان بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "فەرماندەکانی سوپای پاسداران گوتیان کە کاتی هات بنکەیەکتان لە بامیان بۆ دروست دەکەین".

لای ئێران سەرکەوتن لەشەڕی سووریا سەرەتای ڕوئیایەکی ناوچەیی بەرفراوانترە کە پانتاییەکەی لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستانەوە بۆ کەنارەکانی دەریای نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە. چەکدارانی فیرقەی فاتمیون تەنیا لە سووریا و عێراق شەڕیان نەکردووە، بەڵکو ڕەوانەی یەمەنیش کراون.

سێ بەرپرسی باڵای ئەفغانی دانیان بەوەدا ناوە کە ئێران و سعودیەش لەشەڕی یەمەندا کەڵک لە چەکدارە ئەفغانییەکان وەردەگرن. ئێران بۆ پێکهێنانی ئەو فیرقەیە پشتی بەو پەنابەرە ئەفغانییانە بەستووە کە ساڵانێکی زۆرە لە ئێرانن و هیچ دەرفەتێکی کاریان لەبەردەست نییە. سعودیەش پشت بەو سەتان هەزار پەنابەرە ئەفغانییە سوننەیە دەبەستێت کە لە پاکستان دەژین. بەگوێرەی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران نزیک یەک ملیۆن و پاکستان نزیک 1.3 ملیۆن پەنابەری ئەفغانی لێیە. بە گوێرەی بەرپرسانی ئەفغانی ئەمە سەرەتای قووڵتربوونەوەی درزە تایفی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەفغانستانە.

هەر چەکدارێکی فیرقەی فاتیمیون مانگانە 600 دۆلار مووچە وەردەگرێت، مۆڵەتی مانەوە لە ئێران و تەنانەت پاسپۆرتی ئێرانیشیان پێدەدرێ، بەڵام وەکوو یەکێک لە چەکدارەکان بە (تایمز)ی گوتووە "ئەگەر نەچمەوە سووریا پاسپۆرتە ئێرانییەکەم ئیعتیباری نامێنێ، چونکە دەبێت ساڵانە نوێ بکرێتەوە".

ژمارەیەک لە چەکدارانی گەڕاوەی فاتیمیون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پۆلیسی ئێران هەڵمەتی دەستگیرکردنی کۆچبەرە نایاساییە ئەفغانییەکانی توندتر کردووە، بەڵام لە ئۆفیسی دیپۆرتکردنەوەی ئەو کۆچبەرانەدا فەرماندەکانی سوپاش ئامادەن، بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیان پێشکەش بکەن، واتە "بڕۆ بۆ سووریا و لە بەرامبەردا مووچەی خۆت و مۆڵەتی مانەوە و پاسپۆرتی یەکساڵەی ئێران وەربگرە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# شەڕی ئێران و کام وڵات؟

وڵاتانی ڕۆژئاوا هاوشێوەی ئێستای ڕۆژهەڵات بە قۆناغی توندوتیژی و یەکتر قبوڵنەکردن و چەوساندنەوە و شەڕ و کاولکاریی زۆر لەمەی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵات خراپتردا تێپەڕیون، بەڵام بە گەشەکردنی عەقڵ و کۆمەڵگا و بە پێشکەوتنەکانی بواری ژیاری و زانست و زانیاری، بە پەروەردە و فێرکردن، توانیویانە ئەو قۆناغانە تێپەڕێنن و وێنایەکی جیاواز لە ئێمە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ببەخشن. ئێستا لە ساکارترین بەراوردکاریدا جیاوازیی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایە بەو جۆرەیە، ئەوان داهێنان لە دروستکردنی ئامێرەکان دەکەن، ئێمە پێویستمان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان و فێرکردن هەیە تا بتوانین ئەو کەرەسە و ئامێرە دروستکراوانەی دەستی ئەوان بەکاربەرین.

ئەوان بە ڕەنج و قوربانییەکی زۆر سیستەم و شێوازی ژیانی خۆیان بەو جۆرە ڕێکخستووە کە هەست بە ئارامی و سەقامگیری و بەختەوەری دەکەن، ئێمە بەدەر لەوەی مانایەکمان بۆ ژیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات نەهێشتووەتەوە، خەریکە دەبین بە مەترسی لەسەر شێوە ژیانی ئەوان و ئازادیەکانیان. زۆر ڕێگەیان گرتووەتەبەر بۆئەوەی یارمەتیدەر بن لە گۆڕینی عەقڵیەتی ئێمە، لە هەموو ئەو ناوچانەی بواریان دراوەتێ و دەستیان پێڕاگەیشتووە، بۆ پەرەپێدانی پەروەردە و تەندروستی و دیموکراسی و ئازادی و یەکتر قبوڵکردن و دادگەری کۆمەکی زۆریان کردووین.

کەچی ئێمە نەک وەکوو پێویست کەڵکمان لەو کۆمەکانەی ئەوان وەرنەگرتووە، بەڵکوو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیەکانیشیان کە بۆ بەختەوەریی مرۆڤ دروستکراون، کردوومانن بە ئامرازی زیاتری چەوساندنەوە و وێرانکاری، بەدەر لەوەی لە ناوچەکانی خۆماندا ساڵ لەدوای ساڵ ناوچەی زیاتر و خەڵکی زۆرتر دەکەین بە سووتەمەنی ململانێکانمان، ئێستا خەریکە دەبین بە مەترسی بۆ داهاتووی ئەوانیش. نەوەکانی ئێمە کە پەروەردەی کۆمەڵگا و سیستەمی ڕۆژئاواشن، ئەوان ڕەتدەکەنەوە و بەتیرۆر و تەقینەوە و کوشتن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

ڕۆژئاوا وەک دەرەقەتی ئەوە نەهاتن ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بگۆڕن و نائومێد بوون لەوەی لانیکەم بتوانین تەقلیدی ئەوان بکەینەوە، ئیتر پێویستیان بەوەیە مەترسی لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە. یەکێک لە بژاره بەرچاوەکانی دوورخستنەوەی مەترسیی ئێمە بۆ ئەوان هەڵگیرساندنی جەنگە، جەنگی گەورە و وێرانکەرتر لەوانەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەن. بەمەش لەلایەک بژاری ناو کۆمەڵگاکانی خۆیان دەکەن لە عەقڵە شەڕانگێزەکانی ئێمە وەک لە شەڕی داعشدا بینیمان کە بە دەیان هەزار هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی گەڕانەوە و لە سووریا و عێراق کوژران، لەلایەکی تریشەوە لە گۆڕەپانەکانی خۆماندا بە ئەندازەیەک لاواز و بچوکمان دەکەنەوە تا چەند سەدەیەکی تریش نەبینەوە بە مەترسی و هەڕەشە بۆ ئەوان.

لە دیدو تێگەیشتنی ئەوانەوە سەرچاوەی مەترسییەکان ئاینی ئیسلامە، چونکە ئیسلامیەکان نەیانتوانیوە ئەو دیوەی ئاین کە ئاشتی و خۆشەویستییە بگوازنەوە، بەڵکوو وێنای تیرۆر و شەڕانگێزییان کردووە بە ناسنامەی ئاینەکە. جگە لە خودی ئەم مەترسیە، ڕۆژئاوا سڵ لەگەشەکردنی خێرای ئیسلام و بەرفراوانبوون و بڵاوبوونەوەی زیاتری دەکەنەوە، بەتایبەتی لەڕووی ژمارەوە. ئێستا ئاستی زیادبوونی گەشەکردنی خێزان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ڕۆژئاوای تووشی شۆک کردووە. ئاین، یاسا، کولتووری کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئیسلامی یارمەتیدەرن لەو گەشەکردنە و پێشی پێنەگیرێت کەمتر لە سەدەیەکی تر زیاتر لە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان دەبن.

ئیسلامیش وێنە حەقیقیەکەی کە ئاینە خەریکە دەگۆڕێت بۆ شتێکی دیکە. ئەوەی جیهان لێی دەترسا لە بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان و شەڕی ئاینەکان و کۆتایی مێژوو، بەهۆی قەبەبوونی قەبارەی ئیسلامەوە، لێی نزیک دەبێتەوە. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات، سیاسەتی ڕۆژئاوا لە دروستبوونی ئەم تێگەیشتنەوە بۆ چارەسەر، شەڕی گەورە دەخاتە گۆڕەپانی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانەوە، بە جۆرێک کە ئیتر ئیسلام دەرفەتی ئەوەی نەبێت خۆی بە دوژمنی ئاین و شارستانیەتەکانی تر بزانێت، ئیسلام دەبێ یەک دوژمنی هەبێت کە ئەویش خودی ئیسلامە.

لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکانیشدا زەمینەی ئەم شەڕی خۆبەخۆیە هەمیشە ئامادەیی هەیە، بەدەر لەناکۆکیەکانی تری ناو گرووپەکانیان لەسەر حوکمی قورئان، دابەشبوونی ئیسلام بەسەر هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە، گواستنەوەی ئەم ناکۆکیە لە بەرگی ئاینەوە بۆ دەوڵەت، زەمینەی ئەو جەنگە چاوەڕوانکراوانەی دروستکردووە. سیاسەتی ڕۆژئاواش بەگشتی و بەدیاریکراوی ئەمریکا، کارکردنە بۆ بەبلۆککردنی ئەم دوو ئاراستەیە و ئامادەکارییەکانی بەریەککەوتنیان.

ئەگەر تەماشای مێژووی سەدەی ڕابردوو بکەین، لەلایەکەوە پشتگیری لە دروستکردنی چەندین دەوڵەتی ئیسلامی سوننە کردووە، کۆمەکی سەربازیی کردوون تا ئاستی ئەوەی پاکستان بوو بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، لەلایەکی تریشەوە یارمەتیدەر بووە لە ڕووخاندنی شای ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و هاتنە سەر حوکمی شیعە لە ئێران. ئێرانێک لە کۆتاییەکانی حوکمی شادا ڕکابەری وڵاتە گەورە پیشەسازییەکانی جیهان بوو، ئایدۆلۆجیایەکیان بۆ هێنا چل ساڵە نەوە لەدوای نەوە لەسەر ئەوە پەروەردە دەکرێن چۆن تۆڵەی خوێنی حوسێن بکەنەوە کە 1400 ساڵ لەوەوبەر کرابووە قوربانیی ململانێکانی نێو موسڵمانان.

لە هەشت ساڵی جەنگی ئێران عێراقیشدا، ئەمریکا لەڕێگەی ئیسرائیلەوە ڕۆڵی لە بەهێزبوون و پڕچەککردنی ئێراندا هەبووە، لەملاشەوە ڕاستەوخۆ خۆی و هاوپەیمانەکانی پشتگیریی سەدام و ڕژێمەکەیان دەکرد. لە جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی کەنداویشدا بەدروستی کاریان لەسەر ئەو ئاراستەیە کرد کە بناغەکانی بلۆکبەندیی ئەم دوو جەمسەرە دابڕێژن.

ڕووخانی سەدام و بەخشینی عێراق بە ئێران و تەواوکردنی پردی بەیەکگەیشتنی ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان بە پاساوی شەڕی داعشەوە، پێکهێنانی حەشدی شەعبی و وابەستەبوونی بە سوپای پاسداران و هەماهەنگی لەگەڵ گرووپە شیعیەکان لە ئەفغانستانەوە بۆ یەمەن وەک هێزێکی گەڕۆکی هەرێمایەتی، چاوپۆشیکردن لە پەرەپێدانی چەکی پێشکەوتووی دوورهاوێژ و تاقیکردنەوەی چەکی ناوەکی و تەنانەت گەمەکردن بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆم، هەموو ئەمانە و زۆر شتی تری شاراوەش کە هێشتا ئێمە نایزانین و ڕەنگە لە داهاتوودا شایەتی بینیان بین، ئەو سیناریۆیانەن کە ناوچەکە گەرم و ئامادە دەکەن بۆ جەنگێکی گەورەی ئیسلام بە ئیسلام (شیعە و سوننە)، جەنگێک بە ملیۆنان موسوڵمان تێیدا دەبنە سووتەمەنی.

ئەوەی ئاشکرایە، ئێران نوێنەرایەتی جەمسەری شیعی دەکات و مەعلومە جەنگەکە لەنێوان ئێران و یەکێک لە بلۆکە گەورەکانی جیهانی سوننە دەبێت: (پاکستان و تورکیا و سعودیە) یەکێک لەم سێ دەوڵەتەش نوێنەرایەتی ئیسلامی سوننەی پێدەدرێت لەو جەنگە چاوەڕوانکراوەی دوو دەیەی داهاتوودا. گرنگە کوردستان تێبگات لەوەی ڕووداوەکان لە قەبارەی ئێمە گەورەترن و ئێمە کەرەسەی ئەو جەنگانەمان پێ نییە و دەبێت سیاسەتە ژیرانە کوردستان لە پریشکی ئەو ئاگرە بپارێزن.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# تەقەڵ و دروومانی ناسیۆنالیزم، لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات

ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەریکە بە تەقەڵ و گرێی مەحکەمەوە لەسەر شەقامەکان، کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات دادەپۆشێ و گەشە دەکات، لەڕاستیدا "پێکەوەلکاوییەکی ناسیۆنالیزمی" زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ. هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەش.

لەم پەیوەندییەدا وەبیرهێنانەوەی بیرۆکەیەکی مەترسیدار بە پێویست دەزانم. ئەم بیرۆکە مەترسیدارە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا خەریکە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە چەمکە سەرەکییەکانی دامالێ. دیارە نایەوێ خودی ناسیۆنالیزمەکە بسڕێتەوە، چون دەزانێ ئەوەیانی بۆ ناکرێ و لەوە پێشتریش هەوڵی داوە ئەم کارە بکا، بەڵام لەگەڵ دژکردەوەیەکی بەرگریکارانە بەرەوڕوو بووە و ڕیسەکەی لێ بووەتەوە خوری! بۆ وێنە هێرش بە هێزی سەخت و ئاسیمیلاسیۆن لە ساڵانی ڕابردوودا، هەوڵێکی جددی بووە بۆ سڕینەوەی یەکجارەکیی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات، بەڵام کە بۆی دەرکەوت بەم شێوازە بۆی ناچێتە سەر، ئێستا خەریکە بە داماڵین و سڕینەوەی چەمکەکان (یەک لەوان: پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی) لە ناسیۆنالیزم و پۆشاندنی قاوغێکی تیۆریکیش بەم داماڵین و سڕینەوەیە، بەرەنگاری تەقەڵەکانی ناسیۆنالیزم لەسەر شەقام بێتەوە و دواجار ئەم تەقەڵ و پێکەوەلکاوی و بەستراوەییە هەڵوەشێنێتەوە.

ئەوان دەیانەوێ، سەرەتا بە لێدانی مۆرکی ناسیۆنالیزمی سوننەتی و کلاسیک، لە چەمکی نەتەوەخوازی، مرۆڤی کورد لە بەها شۆڕشگێڕییەکان بەتاڵ بکەنەوە، دەیانەوێ ڕووحی کێویی مرۆڤی سەرکەشی کوردی ڕۆژهەڵات لە شەقامەکان، کەوی بکەن و دەرئەنجام سڕینەوە و داماڵینی هەر چەشنە ڕادیکالیزمێک لە هەر چەشنە بزووتنەوەیەک، بەتایبەتی لە بزووتنەوەی مەدەنی و جووڵەی هێزی لەبڕان نەهاتووی شەقامەکان.

ئەم بیرۆکەیە هەر لە درێژەی پرۆژەکەیدا و بۆ پێکانی مەبەست، هۆکاری گەشەونەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵات گرێدەداتەوە بەوە کە ئەم ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمێکی بێکارە! سەرقاڵی خۆی نییە، سەرقاڵی پارچەکانی ترە و خەریکی کاری جیددی نییە! تەنانەت دێنێ ئەو ناسیۆنالیزمەی کۆمەڵانی خەڵکی لە دەوری یەکتر کۆکردووەتەوە، تا ئاستی سۆزێکی نابەئاگا دادەبەزێنێ و خۆیشی سوور سوور دەزانێ ئەوەی لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات ڕوودەدات گەشەسەندنێکی بێ وێنەی ناسیۆنالیزمێکی عەقڵانییە لەسەر بنەمای بایەخە ئینسانییەکان.

وەک لە سەرەتادا باسم لێوە کرد، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی لە ڕۆژهەڵات لەم دواییانەدا کارتێکەرییەکی بێ وێنەی بووە کە دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە بۆی بچین:

یەکەمیان لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی تردا، لاموایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتووەتە پارچەکانی تر و ڕەگئاژۆی کردووە و خەریکی تەقەڵ و دروومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە! ڕۆژێک بۆ فیدراڵیزم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی، ڕۆژێک بە بیانووی دەستبەسەرکردنی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و... و بۆ هەمووی ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان!

دووەمیان سەبارەت بە ڕەهەندی نێوخۆیی، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەی هاتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ سەر شەقامەکان پێوانەیەکی باش بێ بۆ مەبەستەکەمان. هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزهەب و کوردی شیعەمەزهەب و یارسان لێک گرێدراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی تر ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە ناوخۆدا.

لە هەمان کاتدا هەر ئەم هەرەوەزە نەتەوەییەی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان کرا و لایەنە نێوخۆییەکەشیمان باس کرد، لە ڕاستیدا بەشێکی بە جۆرێ دژکردەوەیەکی نیشتمانیش بوو لەسەر بنەمای سایکۆلۆژیکی نسکۆی پاش ئەو خیانەتەی لە باشوور کرا. ئەو دروشمانەی خەڵک دەیانگوتنەوە و بەرزیان کردبوونەوە، گوزارە لەوە دەکەن کە ڕۆژهەڵات بە حەماسەی حزووری لە شەقامەکان دەیویست تاڵایی شکستی باشووریش لە نابەئاگایی زەینی تاک و کۆمەڵی کورد کەم بکاتەوە و کردیشی. بە دوور لە غەڵبەغەڵب و زەنازەنا و پەرتەوازەیی حیزبەکان، ڕۆژهەڵات بۆخۆی خەریکی تەقەڵ و دروومانی ناسیۆنالیزم و پێکەوەلکاندنی ئەم چەمکەیە لە ناوخۆ و لە پارچەکانی دیکەش!



هیلال ئیبراهیم*

# دادگای باڵای فیدراڵ و گشتپرسیی باشوور

# (مشتومڕ لەبارەی شەرعییەتەوە)

**پوختە:**

ئامانج، چۆنێتی پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵ، ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک، ئەندامانی و ئەرکەکانی دادگا پێش دەستووری هەمیشەیی عێراق. پاشان پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵ بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی بەیان دەکەین. لەسەر بنەمای هەردوو قۆناغەکە و ڕوونکردنەوەی دەقەکان، کێشەکانی شەرعیەتی ئەم دادگایە ڕووندەکەینەوە. پاشان پرسی شەرعیبوونی بڕیارەکانی دادگا بۆ هەڵوەشانەوەی ریفراندۆم دەخەینەڕوو.

## -پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵ:

دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق بەپشتبەستن بە ئەحکامەکانی مادده (44) لە بەشی دووەم، هاوتا لەگەڵ پاشکۆی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە — قانون اداره الدوله العراقیه للمرحله الانتقالیه) بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2005 دادگای باڵای فیدراڵی دامەزرا.

لە ماددەی 4 ی یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2005ی دادگای باڵای فیدراڵیدا چۆنێتی دامەزراندنی سەرۆک و ئەندامانی دادگای دیاری کردووە، لە ماددەکەدا هاتووە "دادگای باڵای فیدراڵ پێکدێت لە سەرۆک و هەشت ئەندام کە دادەمەزرێن لەلایەن ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی لەسەر بنەمای هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمەکان و بە پشتبەستن بە دەقی هاتوو لە برگەی (ه) لە ماددەی (چل و چوار) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە".

## -ئەرکەکانی دادگای باڵای فیدراڵ

**بەگوێرەی ماددە (3)ی یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2005، دادگای باڵای فیدراڵ ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەکەم:** یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕوودەدەن لەنێوان (حکومەتی فیدراڵ) و هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و ئیدارە خۆجێییەکاندا.

**دووەم:** یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکانی پەیوەست بە شەرعیبوونی یاسا و بڕیار و ڕاسپاردە پەیڕەوەکان و ڕێنمایی و فەرمانە دەرچووەکان لەهەر لایەنێکەوە کە مافی دەرکردنیانی هەیە. ڕەتکردنەوەیان کە پێچەوانەبن لەگەڵ ئەحکامی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە. ئەمەش لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی داوا لەلایەن دادگا یان لایەنێکی فەرمی یان ئەو لایەنەی بەرژەوەندی لەو داوایەدا هەیە.

**سێیەم:** بینینی تانە پێشکەشکراوەکان لەسەر ئەحکام و بڕیارەکانی دەرچوو لەلایەن دادگای دادوەری ئیدارییەوە.

**چوارەم:** بینینی داوا پێشکەشکراوەکان بە سیفەتی پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی تایبەتمەندییان بەیاسای فیدراڵی.

### دەستووری هەمیشەی عێراق و دادگای باڵای فیدراڵ

لە ماددەی ( 92)، برگەی دووەم لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: "دادگای فیدراڵی باڵا لە ژمارەیەک دادوەر و پسپۆڕی بواری فیقهی ئیسلامی و یاساناسان پێکدێت. دیاریکردنی ژمارە و شێوازی هەڵبژاردن و کاری دادگاکە بەیاسا ڕێکدەخرێت بەزۆرینەی دوو لە سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران".

**لە مادده ( 93 ) لە دەستووری عێراقدا هاتووە: "دادگای فیدراڵی باڵا تایبەتە بەم بوارانە:**

**یەکەم:** چاودێریکردنی ڕادەی دەستووریبوونی یاسا و پێڕەوە کارپێکراوەکان.

**دووەم:** لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور.

**سێیەم:** یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵیەوە دروست دەبن و ئەو بڕیار و پێڕەو و ڕێنمایی و ڕێوشوێنانەی لە دەسەڵاتی فیدراڵیەوە دەردەچن، یاساش ماف دەدات بە هەریەک لە ئەنجوومەنی وەزیران و کەسانی خاوەن پلە و ئەوانی دی کە ڕاستەوخۆ لە دادگا ڕەخنە لەو بڕیارانە دەگرن.

**چوارەم :** یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی کە لەنێوان (حکومەتی فیدراڵ) و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا و شارەوانی و ئیدارە ناوخۆییەکاندا ڕوودەدەن.

**پێنجەم:** یەکلاکردنەوەی ئەو دووبەرەکیانەی کە لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکان ڕوودەدات.

**شەشەم:** یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە دەدرێنە پاڵ سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**حەوتەم:** پەسەندکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران.

**هەشتەم:**

ا- یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لەنێوان بواری کاری دادگای فیدراڵی و دەستەی دادوەریی هەرێم و پارێزگاکان کە ناکەونە سنووری پارێزگاکان.

ب- یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لەبواری کاری دەستەی دادوەریی هەرێمەکان و پارێزگاکان کە ناکەونە سنووری هەرێمەکانەوە.

### کێشەکانی شەرعیەتی مانەوەی ئەم دادگایە

**یەکەم:** لە یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005ی دادگای باڵای فیدراڵ ئامانج لە دامەزراندن و پێکهێنانی دادگاکە دیاریکراوە و هاتووە: "ئەم دادگایە پێکهات لەپێناوی بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکان لە عێراقدا". واتە دادگاکە بۆ قۆناغی گواستنەوە پێکهاتووە و ئامانجی بنەڕەتی بریتیە لە بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکان لە عێراقدا. کاتێک دامەزراوە دەستوورییەکان پێکهاتن، ئەرکی ئەو تەواو دەبێت.

**دووەم:** هیچ برگەو ماددەیەکی دەستووری نییە مافی درێژکردنەوە بە کارکردنی ئەو دادگایە بدات. بەڵام ئەو دادگایە درێژە بەکارەکانی و مانەوەی خۆی دەدات. بۆ یەکەمجار ئەم دادگایە ڕای خۆی سەبارەت بە بەردەوامیدان بە کارەکانی لە 2010/3/25 بەیان کرد، پاشان دووبارە بە بڕیاری ژمارە37 لە 2010/4/14 دووبارە ڕای خۆی بۆ بەردەوامیدان بە مانەوەی خۆی خستەڕوو. لەو ڕایەیاندا کە وەڵامی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری دەدەنەوە، بەڕوونی دان بە کێشەی نەبوونی یاسایەکدا دەنێن کە تائێستا دەرنەکراوە بۆ پێکهێنانەوەی دادگای باڵای فیدراڵی کە جێی ئەوان بگرێتەوە. ئەوان لەو وەڵامەدا بەڕوون و ئاشکرا دانیان ناوە بە کێشەی مانەوەیان لە چوارچێوەی دەستووردا.

**سێیەم:** لە قانوونی ژمارە 30 دا ژمارەی دادوەرەکان دەستنیشان کراون کە لە سەرۆک و هەشت ئەندام پێکهاتووە، بەڵام لە دەستووری عێراقدا دیارینەکراوە کە ژمارەی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵ چەند ئەندام دەبن. دیاریکردنی ژمارەیان بەیاسا ڕێکدەخرێت (تا ئێستا ئەو یاسایە نییە).

**چوارەم:** لە قانوونی ژمارە 30 شێوازی هەڵبژاردنیان دیاریکراوە کە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمەکان ئەندامانی دادگا هەڵدەبژێرێت، بەڵام لە دەستووری عێراقدا شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی دادگا بە یاسا ڕێکدەخرێت (تا ئێستا ئەو یاسایە نییە) لەبەرئەوە نازانرێ چ لایەنێک دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی ئەو دادوەرانەی هەیە و هەڵیاندەبژێرێت.

**پێنجەم:** ئەو دادگایە پاڵپشتی یەکلاکەرەوەی قانوونیی نییە بۆ لێکدانەوەی بەشەکان، ماددەکان و برگەکانی دەستوور، لەبەر ئەوە:

ا -ئەرکەکانی دادگای فیدراڵی لە یاسای ژمارە 30 ساڵی 2005 جیاوازە لە ئەرکەکانی دادگا بەگوێرەی دەستوور "وەک لە پێشەوە هەردوو دەقەکەمان خستەڕوو"

ب-دادگا ناتوانێت ئەرکێک بەجێبگەیەنێت و ئەرکەکانی دیکە فەرامۆش بکات. بۆ نموونە بتوانێت برگەی دووەم لە ماددەی 93 لێکبداتەوە و تەفسیری بکات و پشتی پێ ببەستێت و هاوتای بکات بە ماددەکانی یاسای ژمارە (30)، بەڵام نەتوانێت ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنە گشتییەکان یان لایەنەکانی دیکەی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

**شەشەم:** پرسی شەرعیەتی دامەزراندنی دادگای فیدراڵ پرسێکی گرنگە. واتە یەکەمجار پێویستە بیر لە سەرچاوەکانی هێزی شەرعیەتدان بە پێکهێنان و دامەزراندنی بکەینەوە پاشان بیر لە شەرعیبوون و دەستووریبوونی بڕیارەکانی. وەک لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو دادگایە لە چوارچێوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دامەزراوە و ئێستا بەردەوامی بە کارەکانی دەدات. پاشان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بە ماددەی سەربەخۆ و ڕوون و ئاشکرا شێوازی پێکهێنانی ئەو دەزگایە و ئەرکەکانی دیاریکراوە. ئەوەش لەکاتێکدا کە لە ساڵی 2005 وە هیچ ڕێگرییەکی شەرعی، قانوونی، یان حاڵەتی لەناکاو و ڕووداوی نەخوازراو نەبووە کە ڕێگر بووبێت لە دەرچوواندنی ئەو یاسایە لە پەرلەمانی عێراق و پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵ.

**حەوتەم:** جگە لەو کێشانەی کە بەدەق هەن و مانەوەی ئەو دادگایە بە پێشلێکردنی دەستوور دادەنێن. ئەو دادگایە کێشەی دیکەی یاسایی هەیە، لەوانە: کێشەی قانوونی لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگاکەدا.

### ئەنجام

لەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دادگایە، مانەوەی و درێژەدان بەکارەکانی دەستووری نییە و شەرعیەتی نییە. بۆیە هەر بڕیارێک ئەم دادگایە دەریبکات هێزی قانوونیی نییە. بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵ سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسی هەرێمی کوردستان پابەندکەر نین و ریفراندۆم بە هەڵوەشاوە دانانرێت.

*پارێزەر و خوێندکاری زانکۆی ئەرستۆ-یۆنان



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# تەنیا پارتی هەڵبژاردنی دەوێت

## 1

ئەو نەغمەیەی لە سلێمانییەوە دەبیسترێت، بەتایبەتیش باسکردن لە حکومەتی کاتی و بەپرۆژەکردنی ئەو بابەتە لای بزووتنەوەی گۆڕان، لە چواچێوەی گشتیدا، لە دوو دەلالەت زیاتر هەڵناگرێ: یەکەمیان ئەوەیە کە گۆڕان بیەوێ لەژێر ئەو ناوە و لە ئەگەری قەبوڵکردنی پرۆژەکەی بۆ حکومەتی کاتیدا بێتەوە ناو حکومەت، چونکە پێویستی بەوەیە کە لەو قوناغەدا، لەسەرێک خۆی لە ڕەوتە سەرلێشێواوە سیاسییەکانی سلێمانی جیابکاتەوە و بەلایەکی دیکەشدا خانەی ڕاپەڕاندنەکەی بیسەلمێنن کە توانای بڕیاردانیان هەیە (واتا لە دەرەوەی بڕیاری کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا).

دووەمیان ئەوەیە کە نایانەوێ هەڵبژاردن پێش بخرێت و دەیانەوێ حکومەت وا لێبکەن، سەرقاڵی شتی لاوەکی بێت تا ئەو کاتەی کە هەڵبژاردنەکانی بەغدا دەکرێت و بەوەش، ئەنجام و دەرهاوێشتەکانی هەڵبژاردنی بەغدا، وەکو پارسەنگێک لە سیاسەتی ناوخۆییدا بکەن بە ئەمری واقیع.

پرۆژەکەی گۆڕان بۆ حکومەتێکی کاتی کە چەند مانگێکی دیکە دەچێتە هەڵبژاردنەوە، هێندە فراوانە کە لەگەڵ واقیعی حاڵدا ناگونجێت و تەنانەت، ڕەنگبێ ئەگەر ئەو کابینەیەی ئێستا چوار ساڵی دیکەشی لەبەردەمدا بووایە، هەر ئەوەندەی پێکرابایە کە ئێستا گۆڕان داوای دەکات! هەمان ئەو خاڵانانەن بە کەمێک پاش و پێشەوە کە گۆڕان و پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەسەری ڕێککەوتبوون. لەفزی حکومەتی کاتی و ڕزگاریی نیشتمانی (کە پێشتر لە چوارچێوەی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەردا حیسابی نەهێشتنی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانیی تێدا کرابوو!) لەدەم دەرچوو، بەڵام کە پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ نێچیرڤان بارزانی و جێگرەکەی دەرچوو، ئیتر نازانن چۆن لێی پاشگەز بنەوە و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. بە دڵنیاییەوە حکومەت بۆ نەهێشتنی ئەو فەوزا سیاسییەی کە ئێستا هەیە (بەتایبەتیش لە سلێمانی) هەڵبژاردن پێشدەخات. بەڵام تا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، چەند خاڵێکی ناو پڕۆژەکەی گۆڕان هەنە کە قابیلی دانوستاندنن، تەنانەت هەندێکی دیکەش هەن کە دەکرێ لە ئێستاوەڕا بۆ دوای هەڵبژاردن قسەیان لێ بکرێت و ببنە بناغەی هاوپەیمانیی نوێ (بەتایبەتی کە گۆڕان شانسی مانەوەی وەک حیزبی دووەم ماوە)، ئەگەر هێزەکانی سلێمانی وەک چۆن باوەڕیان بە یەکگرتوویی خاکی وڵاتی بەناو عێراق هەیە، ئاواش باوەڕیان بە یەکگرتوویی خاکی کوردستان هەبێت. ئەگەرنا دەبێ توانای ئەوەیان هەبێ پرۆژەی ئاڵتەرناتیڤیان بۆ بەڕێوەبردن و دابینکردنی قووتی دەنگدەرانی خۆیان هەبێ.

## کۆسرەتی دووجار بریندار

## 2

لە ڕووداوی 31ی ئابدا، تەنها کەسێک کە لە هەولێر بەرگریی لە یەکێتی نیشتمانی کرد، کۆسرەت ڕەسوڵ بوو. ئەوانی دیکە یان خۆیان ڕادەستی پارتی کرد و دوایی بە ڕیزەوە نێردرانەوە سلێمانی، یان هەڵاتن و خۆیان لە ناوزەنگ و زەڵێ دۆزییەوە! سەیر ئەوەیە کە دوای 21 ساڵ لە کەرکووک و لە 16ی ئۆکتۆبەردا، دیسان هەمان کەس جارێکی دیکە لە سەنگەری بەرگری لە کەرکووکدا کرایە ئامانج. کۆسرەت ڕەسوڵ جارێک لە هەولێر و جارێکی دیکەش لە کەرکووک بریندار بوو (ئەڵبەتە زامی لەدەستدانی کوڕەکانی چیرۆکێکی دیکەیە)، ئەوەی هەولێر بەرئەنجامی شەڕی ناوخۆ بوو، بەڵام ئەوەی کەرکووک کودەتایەک بوو کە هەندێک هەرزەی سیاسیی ناو حیزبەکەی خۆی بەسەریاندا کرد و هەموو دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستانیان هێنایەوە سەر خاڵی سفر. ئەوەش تەنها لە پێناوی مانەوەی خۆیان! ئەوان بۆ ئەوە حازر بوون دەستی نەوشیروان مستەفا ماچ بکەن کە حزبەکەیانی هەپروون بە هەپروون کرد، بەڵام ئامادە نەبوون ڕێککەوتن لەگەڵ پیاوێک بکەن کە تا سەر ئێسقان شەڕی پارتی و نەیارانی بۆ کردن و کاتێکیش کار هاتە سەر ئەوەی یەکێتی لەدوای جەلال تاڵەبانی چ ئاراستەیەکی لە مەسەلەی سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسیندا هەیە، بێ دوودڵی ئیسپاتی کرد کە ئەو هەر پێشمەرگەیە، بەڵام ئەوان ئیسپاتیان کرد کە نەوت لە خاک بە قیمەتترە.

ئێستا کۆسرەت ڕەسوڵ لە جاران نەخۆشترە و ڕەنگبێ قەت نەتوانێ وەکو پێش ئەو نەخۆشییەش لە گۆڕەپانی سیاسیدا حزووری هەبێ، بەڵام ماڵی تاڵەبانی ئەگەر بیانەوێ لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بمێننەوە، دەبێ ئەوە باش بزانن کە لەودیو دێگەڵەوە، جگە لە کۆسرەت ڕەسوڵ و هاوڕێکانی، کەس شتێک بەناوی یەکێتی ناخوێنێتەوە.

هەر حیساب و کتابێک لەسەر نەهێشتنی نفوز و کاریگەریی کۆسرەت ڕەسوڵ لە هاوکێشەی سیاسیدا، یەکسانە بەوەی کە یەکێتیش دەبێتەوە بە حیزبی گردەکەی دەباشان و کوڕەکانی ئەویش بێ ئیش دانانیشن. ئەگەر تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا میراتگریان هەبن، کوڕەکانی کۆسرەت ڕەسوڵیش ئامادەن و بەدووریش نازانرێ کە تەنانەت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لیستیان هەبێ، بەوەش ئەوجارەیان یەکێتی خراپ بریندار دەبێ.

## قوباد و گۆچانە شکاوەکەی بابی

## 3

بەیاننامەکەی قوباد تاڵەبانی سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەی یەکێتی لەم یەک دوو مانگەدا، پشتئەستوورە بەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی کە بۆ ئەو هەیە (بەدەر لە کێشمەکێشی ناو خانەوادەکەی خۆی) و وەک جێگرەوە و نەسلی دووەمی تاڵەبانییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی و ئیداریی کوردستاندا سەیر دەکرێت. ئەوەش لەسەر مەبنای ئەوەی کە حوکمڕانیی کوردستان لە سۆنگەی ڕەگە مێژوویی و سیاسییەکەی لەدەست دوو بنەماڵەدا بێت. کاری قوباد تاڵەبانی لە ناو حیزبەکەی باوکیدا لە هی نێچیرڤان بارزانی زۆر قورسترە. پارتی یەک بنەماڵەیە و پتر لە سەد ساڵە دەزانن چۆن خۆیان و خەڵک بەڕێوەببەن، بەڵام وەزعی یەکێتی وا نییە، یەکێتی بەرهەمی دوو بنەماڵەیە کە ئێستا بنەماڵەی دیکەشی لێکەوتوونەتەوە و، ئەوەش سەرباری ئەوەی کە هێزە سەربازی و ئەمنییەکەی خەریکە تەحویل دەبێ بۆ مافیایەکی ناوچەیی و کەس کۆنترۆڵی بەسەردا نەماوە. گۆچانەکەی باوکی دەمێکە شکاوە، بۆیە بۆ ئیدارەدانی یەکێتی دەبێ شتێکی تازەتری پێبێت.



مامەند ڕۆژە
m.roje@rudaw.net

# چیمان هەیە و دەتوانین چی بکەین؟

هەرێمی کوردستان لەپاش گشتپرسی و لە ئۆپەراسیۆنی داگیرکاریی عێراقدا گەلێک لە سامانی مرۆیی و جوگرافیی خۆی لەدەستدا. پێدەچێ 40%ی سامانی بەشەری و سامانی مادی لەکیس چووبێت. ئێستا پێویستە سەرلەنوێ لەپێناو خۆڕێکخستنەوە، خۆکۆکردنەوە و خۆبنیاتنانەوە لە سەرچاوەکانی هێزمان بکۆڵینەوە.

پرسیارەکەم ڕەگێکی جیۆسیاسی هەیە: چیمان هەیە و دەتوانین چی پێ بکەین؟ لە وەڵامدا وەک گریمانە دەڵێم کوردستان گەلێک سەرچاوەی هێزی هەیە، تەنها کادری سەرکردەی لێوەشاوەی نییە کە ئەم هێزە بخەبتێنێ.

### سەرچاوەکانی هێزی کوردستان

لە لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی هێزدا بۆمان دەردەکەوێ کەوا دوو جۆر سەرچاوەی هێز هەن:

1- سەرچاوەی هێزی مرۆیی
2- سەرچاوەی هێزی جوگرافی

سەرچاوەی هێزی مرۆیی بریتییە لە سامانی کادری ڕاهێنراوی پیشەیی لەبواری سیاسی، ئابووری، سەربازی، کولتووری، پەروەردەیی و مەعریفی. سامانی سەرچاوەی جوگرافیش بریتییە لە: ڕووبەری زەوی، سنوورەکان، سەرچاوە کانزایی و سروشتییەکان.

بۆچی ئێران، تورکیا و عێراق جەخت لە چەند مەرجێک دەکەنەوە: ڕادەستکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان، فرۆکەخانەکان، دەروازە سنوورییەکان، بیرەکانی نەوت و گازی سروشتی و تەنانەت جڵەوکردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە؟

چونکە ئەمانە هەموو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی هێزی بەشەری و جوگرافین و بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان گرموڵە بکرێ و پاشان دەستەمۆ بکرێ، پێویستە ئەم سەرچاوانەی لێ بسێندرێتەوە. ئەگەر ئەم سەرچاوانەی لێ وەربگیرێتەوە، ئەوە چیتر خاوەنی سەروەری ناوخۆییش نابێ و لە پەلوپۆ دەکەوێت!

ئێستا هێشتا سامانی مرۆیی و سامانی جوگرافیی باشمان بەدەستەوەیە. لەڕووی مرۆییەوە خاوەنی شەش ملیۆن دانیشتووانین کە گرنگترین سامانە. هەروەها خاوەن ڕووبەری چوار پارێزگاین کە لەڕووی سەربازییەوە باشترین مەیدانی مانۆڕی ستراتیژییە. خاوەنی سامانی بەشەریی لێهاتووین کە خۆی لە سامانی کادری سیاسی، سەربازی، دیپلۆماسی، ئابووری و ئەکادیمیدا دەبینێتەوە.

لەوە واوەتر، خاوەنی سامانی جوگرافین و ڕووبەرێکی باشمان بەدەستەوەیە کە سنووری زەمینی و ئاسمانی هەیە. خاوەنی سامانی سروشتیی وەکوو: نەوت، گازی سروشتی، کانزا و هایدرۆسیاسەتین. بۆیە دەبێ باش ئەم سەرچاوەیە ڕێکبخەینەوە، ئامادەی بکەین و بیقۆزینەوە.

لەهەمووشی گرنگتر، توانیومانە زیندانی جیۆسیاسی کوردستان لە سنوورەکانی ڕۆژئاواوە بشکێنین و دەرگایەک بکەینەوە. بۆچی عەبادی و لەپشت پەردەشەوە ئێران و تورکیا بەردەوام جەخت لە ڕادەستکردنەوەی ئەو سنوورە دەکەنەوە؟ چونکە ئەو دەروازەیە لە کۆنترۆڵی ئەواندا نییە و هەڕەشەیان بۆ دەئافرێنێت. کەوابێ دەبێ باش ئەم خاڵانە بقۆزینەوە کە دەبنە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی هێز بۆمان.

### سێ دۆسیەی ستراتیژی

لە خوێندنەوەی ژێرخانەکانی هێزی دەوڵەتاندا فۆرموولێک هەیە کە دەڵێت:

پێکهاتەی هێز: ژێرخانی سیاسی+ ژێرخانی ئابووری+ ژێرخانی سەربازی+ ژێرخانی مەعریفی کەڕەتی بکە لەگەڵ زیهنیەتی ستراتیژی+ پلانسازی ستراتیژی+ ئیرادەی سیاسی = هێزی دەوڵەت.

بەمجۆرە دەزانین کەوا ژێرخانی سیاسی، ئابووری و سەربازی و زانستی — مەعریفی بۆ گەلان گەلێک گرنگن. بۆیە لێرەدا دەبێ بڵێین ئەگەر حکومەتی کوردستان بەتەمایە بەگژ قەیرانەکاندا بچێتەوە و دەست بە نوێسازی و خۆبنیاتنانەوە بکا، دەبێ بەپەلە لە هەرسێ ژێرخانی سیاسی، ئابووری و سەربازیدا چاکسازی بکات. ئەم سێ بوارە لەم دۆخی تەنگژەیەدا چ گرفتێکی بۆ ناوینەوە و چی لێکەوتەوە؟

### ژێرخانی سیاسی:

لە دۆسیەی سیاسیدا بینیمان کەوا ناکارایی دەزگاسازیی سیاسی وەکوو پەرلەمان، حکومەت و پارتە سیاسییەکان چی لێکەوتەوە. ناکارایی پەرلەمان بووە هۆی ناکۆکی و ناتەبایی قووڵی ناوخۆیی. هەروەها ناهەماهەنگی لە پرۆژە ستراتیژییەکاندا وایکرد کە لەباتی دەزگا شەرعییەکان، دەزگای تەریبی وەکوو ئەنجوومەنی پارتە سیاسییەکان، ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم، سەرکردایەتی باڵای سیاسی کوردستان — عێراق و ئەنجوومەنی باڵای سیاسی کوردستان دابمەزرێن. ئەمە نیشانەی یەک شتە: توانای بەکارهێنانی دەزگا سیاسییەکانمان کەمە.

هەروەها ناکۆکی قووڵی ناوخۆیی ڕێی لەبەردەم پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکاندا کردەوە. تا وای لێهات هەندێک کەس و ئاراستەی جیاواز لەناو حیزبەکاندا بێن و لەباتی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکوەزیران، پەرلەمان و تەنانەت ئەنجوومەنی باڵای سیاسی، بچن لەگەڵ دەزگاکانی ئێران و حەشدی شەعبی و تەنانەت عەبادیدا ڕێکبکەون و لەسەر خاک و خەڵکی کوردستان سازش بکەن.

کەوابوو دەبێ لەمەودوا ژێرخانی سیاسی کوردستان بنیات بنێینەوە، حکومەت و پەرلەمان لەدەوری کارکردی خۆیان بسوورێنەوە، پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەوانەی لەناو دەسەڵاتن ڕۆڵی دەسەڵاتدار بگێڕن، ئەوانەشی لە ئۆپۆزیسیۆنن ڕۆڵی بەرهەڵستکاری سیاسی خۆیان بگێڕن. لەگەڵ هەموو ئەمانەش پێویستە:

دۆسیە نەتەوەیی و ستراتیژییەکان نەکرێنە خۆراکی سیاسەتی ناوخۆیی وەکوو: پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و ناوچە داگیرکراوەکان. دەبێ ئەمە بەتاوان بزانرێ و پەرلەمان بڕیار و یاسای پێویستی بۆ دەربکات.

هەروەها پێویستە حکومەت دەسبەجێ دۆسیەی ئاشتەوایی ناوخۆیی لە پەرلەمان تاوتوێ بکات و ئەگەر پێویست بکا لە پەرلەمانەوە لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ بسازێنەوە، بەتایبەتی لەسەر دۆسیە نەتەوەییەکان و شاندی دانوستانکاری کوردستان. بەردی بناغەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی سیاسی، بە ئاشتەوایی ناوخۆیی دادەنرێت.

### ژێرخانی ئابووری:

دەزانین کەوا سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان لەدوای جەنگی کەرکووک گەلێک کزیان کردووە. بۆیە ئەم دۆسیەیە پێویستی بە چاکسازیی بەپەلە هەیە.

دەبێ حکومەت هاوشێوەی پرۆژەی بایۆمەتری پرۆژەی تەواوکاری بداتە هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە پەرلەمان. لە کوردستان سەدان هەزار مووچەخۆری ناهەق هەن کە لە قۆناغەکانی پێشوودا بۆ وەرگرتنی وەلائی حزبی دامەزراون.

**یەک:** پەرلەمان دەتوانێ ڕێکاری پێویست بۆ دەستنیشانکردنی مووچەخۆرانی ڕاستەقینە لەگەڵ چەواشە دابنێت. بەمەش هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە دەنرێ کە بەرپرسیارییەکەی لەئەستۆی هەموو پارتەکان و پەرلەمان دەبێت.

**دوو:** دەبێ خەرجییە ناپێویست و زیادەکانی حکومەت و دەزگاکان دیسان کەمبکرێنەوە. پێویستە ئامرازێک دابنرێ بۆ چاوێریی وردتر. پێویستە سیستەمی باجی سەرانە و باجی دەرامەت بسەپێندرێ کە مەرجی یەکەمی بەرقەراربوونی هاووڵاتی، دیموکراسی و حکومەتی خۆشگوزەرانە.

**سێ:** دەبێ هەرچی زووە لوولەکانی گازی سروشتی تەواو بکرێن و بە تۆڕی لوولەکانی ترەوە ببەسترێنەوە و لوولەی نوێ بۆ هەناردەکردنی نەوت بەرەو ڕۆژئاوا دابنرێن.

**چوار:** دەبێ کەرتەکانی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، گەشتوگوزار، پیشەسازی، بازرگانی و خزمەتگوزاری ببووژێنرێنەوە و سوود لە پسپۆڕانی ناوخۆیی و دەرەکی وەربگیرێت.

### ژێرخانی سەربازی:

لە ئۆپەراسیۆنی کەرکووکدا دەرکەوت کەوا ژێرخانی سەربازیی وڵاتمان لەرزۆک و سستە، دەرکەوت کە دەزگاسازیی سەربازی لاوازە، هێزە چەکدارەکانمان تا ئێستاش لە کۆنترۆڵی کەسەکان، حیزبەکان و گرووپەکاندان. کاتێک تەنگژەی کەرکووک دەرکەوت، ئەوە سەمێندرا کەوا:

ئەم هێزە لەژێر یەک فەرماندەیی یەکانەدا نییە و سەرچاوەی فەرماندەیی جۆربەجۆری هەن. لە تەنگژەی کەرکووکیشدا یەکسەر وەلائی نیوەی ئەم هێزە بۆ پارتی و نیوەی دیکەشی بۆ یەکێتی گۆڕا و تەنانەت 10 لیوای سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەش لە هەڵوەشانەوە نزیکبوونەوە.

ئەمە دەریخست کەوا ئەم هێزە بەسوودی کەسەکان، ئاراستەکان و حیزبەکان دەقۆزرێتەوە، دەریخست کە ئەم هێزە یەکنەخراوە، دەزگامەند نەکراوە، بەنیشتمانی نەکراوە و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە هەموومان بینیمان!

دەبێ حکومەت لەڕێی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەستبەجێ تیمێکی پسپۆڕی ناوخۆیی و بیانی ڕابسپێرێ بۆ ئەوەی لە ڕێکارەکانی یەکخستن، ڕێکخستنەوە، بەدامەزراوەکردن و بەنیشتمانیکردنی ئەم هێزە بکۆڵنەوە. هەروەها دەبێ پەرلەمان پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی هێزی سەربازیی لایەنە سیاسییەکان پەسەند بکات. دەبێ لە پەرلەمان هێزی چەکداری کەسی، حیزبی و گرووپی بە تاوان بزانرێ و سزای گەورەی بۆ دابنرێت.

ئەگەر ئەمڕۆ ئەمە نەکەین، هەڕەشەی گەورەمان لەپێشە و و سبەی زۆر درەنگە.



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

دیپلۆماسی

# دەرفەتێکی گرنگ بۆ ڕزگاربوونی کورد لەم دۆخە

"عەبادی دەزانێت کە سڕینەوەی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەک، لەڕووی ستراتیژییەوە مومکین و قەبوڵیش نییە و هەوڵی ئەو شتە نادات" ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، بەرپرسێکی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمەی پێگوتم. چی لە دڵ و نیەتی عەبادیدایە گرنگ نییە و ناکرێت بڕیاربەدەستانی هەرێم تەنیا بە پشتبەستن بە نیەتی بەرامبەر سیاسەت دابڕێژن، بەڵکو دەبێت تەماشای ئەوە بکەن کە بەرامبەرەکەت چی پێدەکرێت و خۆتی بۆ ئامادە بکەیت.

بەڵام ئەوەی لە قسەی ئەو بەرپرسە باڵایەدا گرنگە، ئەوەیە کە عەبادی لەو لووتبەرزییەی دوای 16ی ئۆکتۆبەری دابەزیوە و ئێستا باش ئاگاداری ئەو ڕاستییە نێودەوڵەتییە کە هەڕەشە لەسەر وجودی هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی سیاسی هێڵی سوورە بۆ ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو هێزە ڕۆژئاواییانەی لە عێراقدا شتیان پێدەکرێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەو هێزە نێودەوڵەتیانە تا چەند ڕێگا دەدەن کوردستان بێهێزتر بکرێت؟

هەر ئەو سەرچاوە باڵایەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێت ئێستا هیچ هەوڵێکی جدی لە ئارادا نییە بۆ دووبارە کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی و جگە لە گفتوگۆش لەسەر ئاستی سەربازی، لەسەر ئاستی سیاسی هیچ دایەلۆگێکی سیاسیی جدی لە نێوان هەولێر و بەغدا نییە. ئەمەش نەک هەر لەبەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەم دواکەوتنە لە دەستپێکردنی دانوستاندن هەڕەشەیە بۆ سەقامگیریی ناوخۆ و ئابووریی باشووری کوردستان.

چەندە دانوستاندنی سیاسیی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دوابکەوێت، ئەوەندە کوردستان زەرەرمەند و بێهێزتر و بێ پارەتر دەبێت. چەندە درەنگتر دەست بەو دانوستاندنە بکەن، هەولێر زیاتر ناچار دەبێت بۆ سازشکردنی زیاتر. عەبادی و ڕاوێژکارەکانی باش ئەم ڕاستیە دەزانن، ئەوە جگە لەو ڕاستیەی کە لە بەرژەوەندی سیاسیی عەبادی نییە پێش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق وا دەربکەوێت کە لەگەڵ هەولێر ئاشتبووەتەوە و پەشیمان بووەتەوە لە هەڵوێستی توندی بەرامبەر بە کورد. ئەم خاوەخاوە لە دەستپێکردنی دانوستاندن ئامرازێکە بۆ بێهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەبۆچوونی من ئەمریکا و ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییانەی کە لە عێراقدا شتیان پێدەکرێت، پێشتر هاوڕابوون لەگەڵ ئێران و تورکیا کە کوردستان دەبێت بایی ئەوەندە بێهێز بکرێت، سەرکردەکانی جارێکی دیکە بیر لە هەنگاوی هاوشێوەی گشتپرسی نەکەنەوە. بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم، ئێستا بۆ ئەمریکا و بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەرێمی کوردستان بایی ئەوەندە زەرەری کردووە کە سەرکردەکانی تاوەکو چەندین ساڵی دیکەش بیر لە جیابوونەوە لە عێراق نەکەنەوە.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوەی لە کەرکووک ڕوویدا، لەسەرەتاوە پلانێکی ئەمریکی یان نێودەوڵەتی بووە بۆ سزادانی کورد، بەڵام دوای ڕووداوەکانی کەرکووک، ئەمریکا و لایەنە ڕۆژئاواییەکان بێدەنگ بوون و وادەرکەوتن کە پێیان خراپ نەبوو کوردستان بایی ئەوەندە زەرەر بکات، جارێکی دیکە تووشی سەرئێشەیان نەکاتەوە.

بەهەرحاڵ ئێستا ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنە ڕۆژئاواییەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە بەزووترین کات دەست بە دانوستاندنی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا بکرێت. لەبەرئەوەشە کە دەبینین وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نوێنەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەیانامە دەردەکەن و داوای گفتوگۆ دەکەن. دوو سەرچاوە (یەکیان لە ئەنجوومەنی ئاسایش و دووەمیان لە سکرتاریەتی نەتەوەیەکگرتووەکان) ئەوەیان بۆ پشتڕاست کردمەوە کە بەرپرسانی بەغدا نیگەرانییان دەربڕیوە لە داوا یەک لەدوای یەکەکانی ئەمریکا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و یۆنامی بۆ دەستپێکردنی دایەلۆگ. بەرپرسێکی باڵای یوئێن لە عێراق ئەوەشی گوت کە "سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی دەبێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت بۆ ئەوەی بەغدا بێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ". مەبەستی لەو دەرفەتە، ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتیەیە بۆ سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی و هەروەها بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان زۆر ڕەخنە و تێبینییان لەسەر کاری یۆنامی و نوێنەرانی ئەمریکا لە عێراق هەیە و بەشێکی زۆریان جێی خۆیەتی، بەڵام ئێستا هەمان ئەو بەرپرسانەی کە فشاریان دەخستە سەر هەولێر بۆ دواخستنی گشتپرسی، ئامادەن گوشار بخەنە سەر عەبادی بۆ دەسپێکردنەوەی دانوستاندن. لەسەر ئاستی شەخسی جۆرە ساردیەک لە پەیوەندییەکانی نێوان هەندێک لە بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان لەلایەک و بەرپرسان و نوێنەرانی ئەمریکا و یوئێن هەیە کە پێویستە کۆتایی بێت، چونکە ئێستا بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەیە لە نێوان هەولێر و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەویش ناچارکردنی عەبادیە کە بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و وازهێنانیەتی لە بیانووە زۆرەکانی.

*بەرپرسی نووسینگەی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## ئیدس کۆربێر: کوردم لە ڕێگەی شانۆوە ناسی

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر :ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net


## ڕووداو بە نهێنی دەچێتە شارەکە

# کاولکارییەکانی حەشدی شەعبی لە دووزخورماتوو

6























